# باسکار

گۆڤارێکی وەرزی باس و لێکۆڵینەوەیە
لە لەندەن چاپ و بڵاودەکرێتەوە


باسکار

ژمارە / ١

هاوینی ١٩٩٨



سەرنووسەر

صەباحی غالیب

ئێونیشان
105 Gladstone Park Gardens
Lodnon NW2 6JY
England



ئابوونەی ساڵانە

لە ئەورووپا ٢٥ پاوەند

لە دەرەوەی ئەورووپا ٣٥ پاوەند

# ناوەڕۆک

١. ڕوناکبیرانی کورد پێداچوونەوە و ڕەخنە لەخۆگرتن.................. ..لاپەڕە ٥
صەباحی غالیب

٢. سەرنجێک لە تاقیکردنەوەکانی کورد لەگەڵ ڕژێمەکانی بەغدا دا .......................لاپەڕە ١١
د.مەحمود عوسمان

٣. بزووتنەوەی کوردایەتی لە نێوان لێژەنی سەربەخۆیی و گێژەنی ئۆتۆنۆمیدا ........لاپەڕە ١٩
د. کوردۆ عەلی

٤. خوارووی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی ..........................................لاپەڕە ٤٧
د. کەمال عەلی

٥. پەخشانی هونەری کوردی ..........................................لاپەڕە ٧٣
پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار

٦. ناساندنی کتێب ..........................................لاپەڕە ٩٥
بەرگورد

هەواڵنامەی کتێب

## صەباحی غالیب

# ڕووناکبیرانی کورد
# پێداچوونەوە و ڕەخنە لەخۆگرتن

**سەرهەڵدانی نوێ:**

دیاریکردنی «ڕووناکبیر - مونەووەر» لە تاقیکردنەوەی کورداندا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان و بەربەرەکانی ژێردەستی و بیرکردنەوە لە دوارۆژی کورد. داگیرکەرانی کوردستان پێش شەڕی یەکەم، عوسمانییەکان و ئێرانیەکان بوون. دەرکەوتنی «مونەووەر-ڕووناکبیر» لای ئێمە لە ڕێگای پێوەندیانەوە بوو بە بزوتنەوەی ڕووناکبیریی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەوانیش کاریگەرێتی ئەورووپایان لەسەر بوو.

ڕووناکبیرە کوردەکە دەیەویست جێپێی عوسمانیەکان لەق بێ و فەرمانڕەوایی خۆماڵی بێتەسەرکار، چین و دەستەی بازرگان و خاوەنمولکی کورد بێنەپێشەوە، لە کردەوەی ڕۆژانەشدا پێیان لەسەر خوێندەواری و بڵاوکردنەوەی فێرکردن دادەگرت. بۆ ئەوەی زەمینەیەکی ئازاد ئامادەبکرێ و لەبەهای چاولێکەری و فەرمانڕەوایەتی سەپێنراو سەرفرازبن، ڕووناکبیران تا ئەندازەیەکی چاک توانییان تێکەڵاوی دەستەڵات و خەڵک بکەن و جێگەورێگەیان دیاربێ و لەغەمی نامۆیی نێوکۆمەڵ ڕزگاربن. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەو دەستەوکۆمەڵە ڕووناکبیرەی دەرکەوتن «نوێ» بوون و لە دەستەی مەلاو پیاوانی ئایینی نەبوون، بۆیە ئەوانە بە ڕێچکە شکێنی دروستبوونی ڕووناکبیرێتیی دەرەوەی مزگەوت و خانەقاکان دەژمێررێن، کە لەوە پێش قەڵەمڕەوی ڕووناکبیرێتی خانەقاو ماڵی مەلاو مزگەوت بوو. شێخ مەحموودی

مەلیک بۆخۆی زۆر بایەخی بە «مونەووەران» دەدا، ئێستاش سیاسەتمەدارێکی دوای خۆی نەیتوانییوە بە قەدەر ئەو ڕووناکبیران لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو تاوێکی دیاریکراویان هەبێ وەک لەو سەردەمەدا بوویانە.

بیری ڕووناکبیران بیری پێشکەوتن بوو لە لایەنەکانی فیکری و کۆمەلایەتی و سیاسیەوە، باوەڕیان وا بووە کە نابێ مــرۆڤ بووەســتێ و ملکەچی بۆ باری ناســازبکاو ملنەوی زۆرداری خــۆو بێگانە بێ، با ئەو زۆردارو بێگانەیە موسـلمانیش بێ. باوەڕی دەستەی ڕووناکبیران لە سەردەمی حکومەتی مەملەکەتی خوارووی کوردستاندا لەسەر ئەم بنەمایەنە هەلنرابوو.

١ - سەربەخۆیەتی کورد.

٢ - یەکێتی نەتەوەو خاک.

٣ - فەرمانڕەوایەتی یەکسانی و داد.

٤ - ڕەخنەگرتن لە «سەردار» هەرکەسێک بێ.

«مونەووەرانی کورد» لەسەرەتای ئەم چەرخەدا پتر ڕۆلی کاریگەریان بینیوە، هۆی مێژوویی و کۆمەلایەتی لەباربوون کە نزیکتربوون لە نێوەندی دەسـتەلاتی سیاسییـەوە و قورساییان هەبووە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسـیدا.... ئامادەیی کۆمەل و دەرکەکردنەوە بۆ گەشەکردن، بوونە هۆی نەبوونی حەساسییەت بە دەوری مونەووەراندا، لەولاشەوە، تازەیەتی دەستەلاتی سیاسی نێوخۆی مەمەلەکەتی کوردستان و هۆشیاری شێخی مەلیک و پێویستی بە ڕووناکبیر، هەل و مــەرجی لەبارتری ڕەخســاندبوو. مــوونەوەران دەیانەویست کــوردایەتی لەســەر ئاســتی کــوردســتــان بکەنە بزوتنەوەیەکی ووریابوونەوە و بەربلاو، بەلام زالبوونی ئینگلیزو عێراق و تێکشکانی مەمەلەکەتی خوارووی کوردستان تەگەرەیان خستە بەردەم دروستبوونی کۆمەلگایەکی ڕووناکبیری. مرۆڤی کوردی بە ڕاڕاو دوو دلی هێشتەوە، ئەوە کاری کردەسەر هەموو ژیانی کۆمەلایەتی، بە شێوەیەک کۆمەلی لە هەل و مەرجی هاوبەش دوورخستەوەو بووە مایەی دواکەوتن و چاولێکەری و خۆهەلواسین، شێوازی ژیانی ئەوساو دوارۆژی شێواند.

بەراوردێکی مێژوویی :

بندەستـێتی کـورد لەژێر باری نادروستی چوار داگیـرکـەردا، هەر بەشـەی شـێـوە دۆخـێکی سـیاسی و کـۆمـەلایەتی و رووناکـبیـریی لادروسـتبـووە. لە عـێـراقـدا لە ١٩٢١ ەوە تا ١٩٥٨ هەندێ ڕوالەتی دیموکـراسی هەبوو کـەم تا زۆر کوردەکەش هاوبەشی تێداکردبوو. لە ١٤ ی تەممووزی ١٩٥٨ ە وە بۆ ماوەی سێ سالێک ناساندنێکی بە مەرجیان بۆ بەشە کوردەکەی خوارووی کـوردسـتـان ڕاگەیاند، نێوی کورد قەدەغەیەتی لەسەر لابرا، بەلام کاربەدەستانی نوێ لەوەدا کە خوارووی خاکی کوردیان بە نیشـتمانی عەرەب دەزانی و کوردەکەیان بە کوردی عێراق تەماشا دەکرد، بواریان بۆ نەهێشـتبـوو کە خـۆی بە کـوردسـتـانی بزانێ و بەشـێک بێ لە کوردسـتـانی پارچە پارچە و داگیـرکـراو. دوای ئەوە خوارووی کـوردسـتـانیش چووە بازنەی هەموو بەشە داگیـرکـراوکـانیـدیکە کە پێشـێلکردن و چەوسـاندنەوەو ئازاردانی نەتەوەیی بـوو. لە ئەیلولی ١٩٦١ ەوە قـۆناغی خەباتی چەکداری دەسـتـپـێـکرد، سیـمـای هەرە دیاری ئەو قـۆناغـە : نەبوونی زەمینەی ڕووناکـبیـری و ناهاوبەشی کـاریگەرانەی ڕووناکبیـران بووە. دەزگای کـۆمـەلگای شـارسـتـانیـەتیـیان

نەبووە، لە ئەیلوولەوە تا ئێستا کورد بەرەیەکی رووناکبیری بۆ دروستنەبووە کە بتوانێ باوەڕێکی رەخنەگرانە و بۆچوونێکی داهێنەرانەی هەبێ، ئەگەر جار جارە لێرەو لەوێ دەنگێک لە هەلای دابێ، ئەوا لە روانگەیەکی سیاسییەوە حسێبی لەگەلکراوەو دەیان ناتۆرەی نابەجێیان بۆ دروستکردووە. لە ئاووهەوای ئاوادا کە بایەخ بۆ مرۆڤ دانانرێ و فیکر ناخوێندرێتەوە : زۆربەی رووناکبیران خۆبەدەستەوە دەدەن و خۆڕادێنن.... ئەمە دوای دروستبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی خوارووی کوردستان بەئاشکرا دیارە کە نووسەران و رووناکبیران لە نێوان دوو زلهێزەکەی قەلەمڕەوی زەردو سەوزدا دابەشبوون. «خۆشبەختانە بۆ پشتگیریی داگیرکەران قەلەمێکی رەسەن لایەنگری دەولەتی رەگەزپەرستی بەعس نەبووە».

رەنگە کێشەی سەرەکی سیاسەتمەداران و رووناکبیرانی کورد زێدەتر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هیچ لایەکیان لە هۆشیاری و قەناعەتەوە نەگەیشتبنە کەمترین تێگەیشتنی پێکەوەژیان و ناسینی کۆمەل و دەستەلات. بۆیە دەبینین فەرمانڕەوایەتی حیزبایەتی لە خوارووی کوردستاندا پتر زەبروزەنگ و تۆقاندن دەنوێنێ بەرامبەر جەماوەری فراوانی میللەتەکە، کەچی زۆربەی «رووناکبیران !» هاریکاریان دەکەن، ئەوەی جێگای سەرسڕمانە فرە رۆشنبیرانی کوردی دەرەوەی وولاتیش ئاسۆی بیرو بۆچوونیان نەکراوەتەوەو کەشی ئازادی شتێکی لێنەگۆڕیوون و بەرژەوەندی «حیزب !» لە هی نەتەوە بە مەزنتر دەزانن !

لە هەل و مەرجی ئاوادا، سەختە «رووناکبیری سەربەخۆ» بتوانێ رۆلی خۆی بەتەواوی ببینێ، بەلام ئەگەر بەکاربێ دەکرێ دارێک بخاتە سەر بەردێک، بۆئەوەش ئەم سەرنجانە هەلدەگرێ :

یەکەم : کۆبوونەوەی «رووناکبیرە سەربەخۆکان» پێکەوە تا یەک دەنگی و یەک بۆچوونیان بەرامبەر مەسەلە سەرەکییەکانی نەتەوە رێکبخەن....بەجوداوازی ئایدیولۆژییانەوە دەشێ زمانی تێگەیشتن و قبولکردن و رێزگرتن و دلسۆزیبوون لە نێواندا دابمەزرێ و هەریەکەش دوور لە دەمارتوندی ئایدیولۆژیای خۆی بپارێزێ.

دووەم : مەیدانی رووناکبیرێتی لەسەر ئاستی کارەکردەییەکاندا فراوان و ئاوالەبێ، دوور بێ لە دەستبەسەرداگرتنی لایەنە سیاسییە چەکدارەکان و ئایینییە دەمارتوندەکان، بەشێوەیەک بتوانرێ لە رووی رەوشت و زانستەوە رەخنە لە ئایدیولۆژیا جوداکان بگیرێ، بێ ئەوەی رووناکبیران بکەونە ژێر زەبروزەنگ و تۆقاندن و هەڕەشەلێکردنەوە.

سێیەم : دابینکردنی سەربەستی بیرو نەیاری و ئازادیی دەربڕین بۆ گشت لایەک، تا ئەو شوێنەی سەکۆیەکی ئازادی سەرکردایەتی و جەماوەری حیزبی و میللی دروستدەبێ، بلاوکردنەوەو دەمەتەقەکردن لەسەر کێشەکانی تێگەیشتن و کێشە سیاسی وئابوری و کۆمەلایەتی و رووناکبیرییەکان لە کۆمەلدا. بێپێوەندی رەخنەو دەمەتەقەو بیروباوەڕگۆڕینەوەو سەلماندنی ئارەزوو مەندانەو تێگەیشتنی بەرژەوەندی بەرزی کۆمەلگا لەلایەن رووناکبیران و سیاسەتمەدارانی راستەقینەوە، بزوتنەوەی پێشکەوتن و شارستانیەت لە نێو نەتەوەدا لە پێدەکەوێ و توانستەکان پەرت و دژ بەیەک دەکەونەوە، لێرەدا ئەنجامی نادروست بەرۆکگیری گشت لایەک دەبێ و کارەساتی قورس دێتەکایەوە.

برە شارەزاییەک لە مێژووی سیاسی کورد، خامۆشی ئەوەمان لەسەرهەلدەگرێ کە وەدیهێنانی ئەو سێ خالەی سەرەوە هاسان نین، چونکە :

* ئەو وولاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە لە هیچ لایەکدا بەردەوامی دەمەتەقەو کارکردن بۆ هاتنە پێشەوەی سەربەستی تێدا نەبووە. جارجارە لە شوێنێک ڕەگی ئازادی پەیدا بووە، زۆری لێترساون و زوو هەڵیانکێشاوە.
* کوردە پەرت و بندەستەکەش وەک داگیرکەران بواری هەناسەی ئازادیان بۆ نەهێشتۆتەوە، حیزبەکانیشی لە هەل و مەرجی ئاسایی و ئاشتیدا دروستنەبوون تا بتوانن بەئاستەم لایەک لە دیموکراسی و سەربەستی باوەڕ دەربڕین بکەنەوە.
ئەو واقیعە تاڵە، ڕووناکبیرانی کوردی خستۆتە نێوان دوو بەرداشەوە، ڕەخنەگرتن و هەڵوێست نواندنی تایبەتی و نموونەی دیاریکراو، بەزەحمەت دەستنیشان دەکرێ، هەڵبەت ئەوە ترسێکە لە بڕینی ئاوو هەوا، ماڵ وخاک، بژێوی و دیداری کەسانی یەک خێزان ڕەنگدەداتەوە.
ئێمە زۆر چاک هەست بە دژواری و مەترسی و سەختی دۆخی کوردستان دەکەین بۆ سەرجەم میللەتەکە، بەڵام لە چاککردن و بەرەو پێشەوەبردنیدا، بێهوایی و بەدینەکردنی خۆر، دەبێ لە یادو بیری «ڕووناکبیر» دا نەبێ، تایبەت ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستانن و دەستەڵاتی سیاسەتی چەکداراتیان لێدوورە، لەووزەو ژێری بیریان چاوەڕواندەکرێ هاوبەشی بەرپرسیارێتی نەخشەی چارەنووس و دوارۆژی نەتەوەکەیان بکەن و ببنە بەشێک لە ئامرازو ئامانجی پیرۆز.
ئەمەش بەتێکەڵاوی کاریگەرانەی نێو کۆمەڵگا دەبێ کە لە زۆرانبازی بێبرانەوەی گۆڕینی ژێری و هەست و کرداری جەماوەراندا چالاکی بنوێنن، دیارە بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستانە «ڕووناکبیر» دەبێ لە مەیدانەکانی بەرهەمهێنانی زانیاری و دابەشکردن و پیادەکردنی لە کاردابێ.
ئەگەرچی هەوڵی وا لە ئارادایە بۆ نەبوونی ڕۆڵی ڕووناکبیری کورد و نامۆکردن و دوورخستنەوەی، بەڵام پێویستە خۆی ئامادیی تەواوی لە مەیدانە تووش و چارەنووسییەکانی کۆمەڵدا دیاربکاو جوامێری و بەرپرسێتی بسەلمێنێ، بڵێ و بنووسێ وەک بیردەکاتەوە نەک وەک ئەوەی دەیانەوێ، چالاکانە تێکەڵاوی بکاو بەکۆمەڵدا قووڵبێتەوە، بۆ گۆڕان و پێشکەوتن و شارستانییەت دەستبەکاربێ، لە دیاریکردنی چوار چێوەو مانای شتە سەرەکییەکاندا هاوبەشی بکا، بە هیچ شێوەیەک نابێ بە تەنگ دڵدانەوەی دەستەڵاتداران و سیاسەتمەدارانەوە بێ و هەمیشە هەڵوێستی ڕەخنە و ناڕەزایەتی و هەڵوەشاندنەوەو دروستکردنەوەی چێترو بەرەوپێشەوەی بێ.
شتێک پێوەندی ڕاستەوخۆی بە شەرەف و پیرۆزی و گەورەیی مرۆڤی کورد و مرۆڤایەتییەوە بێ، دەبێ ببێتە پرۆسێسێکی ڕووناکبیری، لەبەر ئەوەی ڕووناکبیرێ ڕوو بەڕووی زۆرداری و خراپ و ناشیرین دەوەستێتەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پشتگیری داد و یەکسانی و جوانی و ئازادی و مرۆڤایەتی دەکا، کەم و کەسرییە «ڕووناکبیر» بێدەنگ بێ و ناشێ بیانوو بۆ تاوان و کاری دزێو بێنێتەوە، کە چاو بەگڵ بوو، پینەدۆزی هەڵوێست و کردەوەی خراپ بوو، دەبێتە سیاسەتمەداری بێدەستمایە.

### سیاسەتی بێدەنگی:

ڕووناکبیرانی کورد، لە شەڕی کورد کوژیدا نەیانتوانیوە هەڵوێستی خۆیان وەک پێویست دەربڕن و ڕۆڵی کاریگەریان بۆ ناڕەزایی و تووڕەیی و شیکردنەوە و مەترسی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد ببینن..... ئێمە باوەڕمان بە مافی جوداوازی بیرکردنەوە هەیە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکان و مافی خۆمانە کە لەسەر هەندێک مەسەلە ڕێکنەکەوین.

وەکیدی ناکرێ کەس لاری لە ناسینەوەی زەبروزەنگ و تۆقاندن هەبێ و لەوە پتر درێژە بە بێدەنگی و دوورە پەرێزی بدرێ.

ڕەنگە شتێکی سەیر نەبێ کە کورد یەکێتی بیرکردنەوەی نەتەوەیی نەبێ، چونکە هۆکار بۆ ئەوە زۆرن، بەڵام مەرجە لە شتە بایەخدارەکان نزیکبوونەوە هەبێ، هەڵبەت ئەمە لە کاتێکدا جوانتر دەردەکەوێ کە شتە گرنگەکان دیاری بکرێن ئەوجا نزیکبوونەوەی ئامانجەکان یا وەدیهێنانیان ئاسانتر دەبن.

## چوارچێوەی بایەخدارێتی:

«ڕووناکبیر» وەک هەر مرۆڤێک لە دەورووبەرێکدا دەژی و مامەڵەی لەتەکدا دەکا، جوداوازی ئەو لە خەڵکە گشتییەکە ئەوەیە کە «ڕووناکبیر» چێترو زیرەکانەترو هۆشیارانەترو گونجاوتر دەتوانێ قەوارەی مەسەلە بایەخدارەکان بکێشێ و لە پێناویاندا بەکاربێ.

هەر کۆمەڵێک بە پێی ئاستی خۆی هەل و مەرجی بایەخدارێتی مەسەلەکان دەسەلمێنێ، بەلای منەوە پانتایی بایەخدارێتی بۆ «ڕووناکبیری کورد» زێدەتر کوردەکە خۆیەتی، ئەویش بریتییە لە پێناسەو هەستی نەتەوەیی و دروستکردنی قەوارەی نەتەوەیی کە لەگەڵ بارودۆخی خۆیەتی و دەرەوەیی و قوربانیەکان و خەباتیدا یەکبگرنەوە، لە هەمان کاتدا دەبێ هەنگاوی بالاتریشی لە گەڵدابێ کە دروستکردنەوەی کۆمەڵگای کوردییە، هەنگاوەکانیشی بە پیادەکردنی ڕژێمی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری و پەروەردەیی و ڕووناکبیریی و ڕەسەنایەتی دێنەگۆڕێ.

## دەستپێکردن وهەڵبژاردن!

بەرچاو ڕوونی و دڵخۆشی بە دوارۆژێکی ڕووناک یەکێکە لە گەورەترین هاندەری نووسین و ژیان، وەختێک «ڕووناکبیر» بەرچاوتاریک و هیوابراو دادەنیشێ، خاڵە تاریکەکانی مێژوو، ڕووداوە مەترسییەکان، سیاسەتمەداری نادڵسۆز: تاریکترو ترسناکتر و هەراشتر دەبن... بۆ خۆر ڕوانین و ئایندەی شکۆدار، نیشانەی ڕووناکبیرین و دەشێ بە هەڵەدا نەچووبین کە وابزانین کاری هەرە مەزنی ڕووناکبیرە. دوا ڕۆژ: بانگهێشتنە بۆ نەهێشتنی زۆرداری و چەوساندنەوە، تێکۆشانە بۆ لابردنی سووکایەتی مرۆڤ، هیوا هێنانەوەیە بۆ نائومێدەکان، تێکەڵاوی کردەوەو زانیارییە. گۆڕانکارییە مەزنەکانی گێتی و مێژوو لە هەموو شتێک پتر جێدەستی ڕووناکبیریان پێوە دیارە، بێتێخوێندنەوەی «ڕووناکبیری» و حسێب بۆنەکردنی، بزوتنەوە چیان لێسەوز نابێ و لە قاڵبی دروشمی هەڵچوون و هەڵەشەیی تێناپەڕن. هەر بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی ئەگەر بۆ چەسپاندنی بایەخی مرۆڤی نەتەوەکە و مرۆڤایەتی بەگشتی و پارستنی بەرژەندیەکان نەبێ، پوچەڵە. هەر ڕووناکبیرێکیش تورەیی و نارەزایی بەرامبەر سووکایەتی مرۆڤ دەرنەبرێ و داکۆکی لە سەربەستیەکانی نەکا، ڕووناکبیرێکی بێکردەوەیە. بۆیە «ڕووناکبیر» بە هەڵوێستی لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیدا دەناسرێتەوە. بۆ خۆشکردنی ژیان بۆ جەماوەران دەبێ لەگەڵ فەرمانڕەوایاندا لە قەیرانی هەمیشەیی و بەردەوامدا بێ.

«ڕووناکبیر» ناشێ چاوڕوانی سیاسەتمەدار بکا فەرمووی لێبکا، کاری «ڕووناکبیریی» ڕوونکردنەوەو لە گەڵ عەقڵدا

دوانه، لەواقعـێکی دیاریکراوادا هەوڵی چاککردن و بەرەو پێشـەوە دەدا. دیارە ئەو پرسـیـارانەو دیالۆگـانەی دێنە مەیدانەوە دەبێ ڕاستگۆیی و بابەتی بن و لە سنووری پاراستنی ڕەوشتی کۆمەلایەتی دەرنەچن و ڕاستەوخۆ بەندبن بە واقیعی ڕۆژانەو چارەنووسی خەڵکەوە.
سیاسەتمەداری کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بە هەموو ڕەنگ و نیوێکەوە تەگەرەی گەورەیان خستۆتە بەردەم ڕووناکبیری کورد بەوەی گوێ لە هەلپەرست و خۆ بەرەپێشەوە باشتر دەگرن وەک لەوەی دڵ بۆ ڕووناکبیرێک بکەنەوە. بەڵگەی بەرچاو ئەوەیە باری نالەباری ژیانی ئابوری کارێکی بە خەڵک کردووە کە هەموو سەرجادەکانی سلێمانی و هەولێر بکرێنە مەیدانی هەرزانفرۆشی کتێبخانەی نووسەران و ڕووناکبیران، بەرهەمی ڕەنجی عەقلی دەیان ساڵەیان بە نانێکی بێدۆی بگۆڕنەوە. ئایا ئەمە مانای ڕووخانی بایەخی مرۆڤ و کەسایەتی و دەلاقەخستنە کۆمەڵەوە نیە ؟! کۆتایی پێهاتنی ڕۆڵی «ڕووناکبیر» نیە ؟! ڕێگا خۆشکردن و پاڵەپەستۆی بەهێز نیە بۆ هەرەسێکی قورسترو نوێتر ؟! ڕووناکبیری کورد» لەبەر دوو ڕیانێکدایە : یا ئەوەتا لە تاقیکردنەوەی کاری گۆڕانکاری بۆ پێشەوە، چاکی مەردایەتی لێبەلادا بکا. یا ئەوەتا دەستەئەژنۆ بێ، هەڵبەت ئەمەی دوایی داماڵینی نێوبانگ و جەوهەری ڕووناکبیرە. ئەوەی بۆ خۆی و میللەتەکەی دڵسۆزبێ، دووەم هەڵنابژێرێ.

هەواڵنامەی کتێب

دکتۆر مەحمود عوسمان

# سەرنجێک لە تاقیکردنەوەکانی کورد لەگەڵ ڕژێمەکانی بەغدادا

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی:

ئەگەرچی کورد میللەتێکی ژێردەستەو چەوساوەیە، لەدەرەوە وتێکەڵ بە بەرو دراوسێ هەمیشە ویستوویەتی بە ئاشتی و دوور لە کێشە بژی، زۆر لەسەرخۆو بێچاوەڕوانکردنی هیچ پاداشت و پێزانینێک هاوکاری عەرەب و تورک و فارسی کردووە و لە پێناوی شارستانیەت و پێشکەوتنیاندا دەستبەکار بووە، بەڵام کاتێ کە ناچار کرابێ. بۆ بوون و بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی جار جار دەستی بۆچەک بردوە.

لەکاتی جەنگی یەکەمی جهانیدا بە پێی پەیمانی سایکس-بیکو لە نێوان بەریتانیاو فەرەنسادا بەشە کوردستانەکەی ژێر دەستەلاتی عوسمانلیەکان کرایە سێ بەشەوە، دوای کۆتاییپێهاتنی ئەو جەنگە نەخشەکە لەسەر زەوی پیادەکراو هەر بەشەی درایە دەوڵەتێکی تازە دروستبووی دەستی بەریتانیا و فرنسا کە ئەوانیش عێراق، تورکیا و سوریا بوون، ئەمەجگە لەو بەشەی کە بەسترابوو بە ئێرانەوە.

ئەو بارە ژیانێکی سەختتری بۆ کورد پەیداکرد، لە جاران زیاتر ئازار دەدراو بە زۆر دەیانەویست لە هەموو مافە ئینسانیەکان و نەتەوایەتیەکان ڕووتیبکەنەوە و بروا بە بوونی نەکەن وەکو میللەتێک کە مافی چارەنوسی خۆی هەیە.

لەم نووسینەدا من مەبەستمە لەسەر بەشەکەی خوارووی کوردستان کە بە ناڕەوا «سەرووی عێراق» ی بەسەردا سەپاوە بدوێم، کە هەر لەسەرەتاوە بەر لە دروستبوونی قەوارەی عێراق لە لایەن ئینگلیزەکانەوە و لە پێکهاتنی ئەو دەوڵەتە دروستکراوە وە مامەڵەی ژێردەستەو داگیرکراوی لەگەڵداکراوە، سەرزارەکی و بەنیازی خۆگرتنی دەوڵەتی تازە

دروستکراوی عێراق جار جاره ویستراوه جۆره مافێکی بدرێتی، وەک ڕاگەیاندنی هاوبەشی کریسمسی ١٩٢٥ لە نێوان بەریتانیا و عێراق و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلاندا دەردەکەوێ، دواتریش لە یاسای زمانە نێوخۆیەکانی ١٩٣١ و لە مەرجەکانی ناساندنی ئەندامێتی عێراق لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە لە ١٩٣٢ دا هاتووە کە دەبێ مافەکانی کورد وەک میللەتێکی جودا لە عەرەب بناسرێ، بەلای کەمەوە مافەکانی بەڕێوەبردن و کەلتوری هەبێ. بەڵام بەداخەوە ئینگلیزەکان و ڕژێمە عێراقیەکان نەک ئەو بەڵێن و پەیمانەیان جێبەجێنەکرد بەڵکو دڕندانەتر کەوتنە گیانی خەڵکی کورد و گشت هۆیەکیان بۆ ژێردەستەیی و چەوساندنەوەیان بەکاردەهێنا، ڕێگایەکی شارستانیەتیان لە بەردەمدا نەهێشتبوو کە بگیرێت و وەک میللەتێکی خاوەن مەرج بناسرێ و بتوانێت بە ئاسودەیی و سەربەرزی لەسەرخاکی خۆی بژی.

ئەوانە وایانکردبوو کورد تاوتاوە بەناچاری ڕێگەی خەباتی چەکداری بگرێ، ئەوە بوو شێخ مەحموودی نەمر دوای جەنگی یەکەم بۆ داخوازی مافەکانی کورد دەستیدایە چەک دژ بە ئینگلیز و ڕژێمی عێراق، دواتریش شۆڕشەکانی بارزان پەیدا بوون. هەموو ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە زۆر بە توندی و ئاگر و ئاسن وەرامدراونەتەوە و گشت چەکێکی تازەو بەکۆمەڵ کوشتنیان لە کورددا تاقی کردۆتەوە، ئەفسەرە ئینگلیزەکان کە ئەو کاتە هاوبەشی دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشانەیانکردوە لە یادداشت و باسەکانیاندا ئەوە دەدوێن و جارجار پەشیمانی لە تاوانەکانیان بەرامبەر بە کورد دەردەبڕن و باس دەکەن کە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی چۆن زوڵمی لە کورد کردووە.

## عێراقی کۆماری و شۆڕشی ئەیلوول

لە ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ دا لە ئەنجامی شۆڕشێکەوە ڕژێمی پادشایی هەرەسی هێناو کۆماریی لە جێیدا دامەزرا، ئەوە گۆڕانکارییەکی گرنگ بوو بۆ هەموو گەلانی عێراق.

کورد زۆر چەوساندنەوەو تۆقاندنی لە ڕژێمی کۆنەپەرستی پادشایی بینیبوو، بۆیە بەئومێدی هەناسەیەکی ئازادی بە پیر شۆڕشەکەوە چوو. چاوەڕواندەکرا لە ژێر سایەی ڕژێمی تازەدا باری کورد پێشبکەوێ، ئەوی ڕاستیبێ هۆکاری وا هاتنەپێشەوە کە مایەی هیواو دڵخۆشکردنبێ لەوانە :

١- لە ماددەی سێی دەستووری کاتی دەوڵەتی کۆماریدا زۆر بەڕاشکاوی ئیعتیرافدەکرێ بە هاوبەشێتی کورد لە گەڵ عەرەب لە خاکی عێراقدا و هێما بۆ پاراستنی مافەکانی لە سنووری یاسادا دەکرێ.

٢- شۆڕشی ١٤ ی تەمموز بەڕەسمی مۆڵەتی کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانیدا. بارزانی ڕەحمەتی و بارزانیەکانی هاوەڵی کە دوای هاوبەشیکردینان لە کۆماری خودموختاری کوردستان لە مهاباد، ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت مابوونەوە، لەسەر بڕیاری دەوڵەتی تازە بەسەربەرزی گەڕانەوە نیشتمان.

٣- هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی بەغدا - ١٩٥٥ ، دەستکەوتێکی گرنگ بوو بۆ کورد، چونکە یەکێک لە مەبەستەکانی ئەو پەیمانە گەمارۆدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو.

٤- بڵاوکردنەوەی یاسای بەڕێوەبەرێتی زانیاری کورد و گرنگیدان بە خوێندن و کولتووری کورد و بڵاوکردنەوەی چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی وەک خەبات، ڕۆژی نوێ، بڵێسە، نەورۆز ...... هتد وە گەشەکردنی

بزوتنەوەی کەلتوری کوردی.
لەبەر ئەوەی رژێمی عەبدولکەریم قاسم نەیتوانی لەگەڵ کورددا بگاتە چارەسەرێکی راستەقینەی مەسەلەکەی و خۆی لە جێبەجێکردنی ماددەی سێی دەستووری کاتی دزیەوە و زۆر هۆیدیکە کە لێرەدا جێگاو کاتی باسکردینان نیە، لە ١١ ی ئەیلوولی ١٩٦١دا، شەڕ لە نێوان کورد و رژێمی قاسمدا دەستپێکردو ئاگری ئەو شەڕە تا ئێستا درێژەی هەیەو وەکۆتایی پێنەهاتووە بە ئاشتییەکی راستەقینە.

## گفت و گۆکانی کورد و دەوڵەتی عێراقی :

لەو ماوە دوورو درێژەدا هەر وەختێک بواری گفت و گۆکردن پەیدابووبێ، کورد بە پەرۆشەوە بە پیریەوە چووە و هەوڵیداوە بە تێگەیشتن و نزیکبوونەوە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکەی لەکاردا بێ. گفت و گۆکانی ١٩٦٢، ١٩٦٣، ١٩٦٤، ١٩٦٦، ١٩٧٠، ١٩٧٩، ١٩٨٤، ١٩٩١ ... نموونەی هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی میللەتی ئێمە بوون.
لێرەدا مەجال نیە بە دووروودرێژی بچمە ناو باسی هەموو ئەو گفت وگۆیانەوە، چۆنێتی کردنیان و ئەنجامەکانیان شیبکەمەوە. بەڵام پێویستە ئەوە بووترێ کە گفت وگۆ لەسەر رێکەوتنی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ رژێمی بەعسی شۆڤێنیدا گرنگترین گفت وگۆ و ئەنجام بوو، لەمەدا من شەرەفی لێپرسراوەتی وەفدی کوردیم هەبوو.
بەیانی ١١ ی ئازار بەرهەمی خەبات و قوربانیەکانی شۆڕشی پیرۆزی ئەیلول بوو، لەوێدا بۆ یەکەمین جار دەوڵەتی عێراق مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بە رەسمی ناساند، تا ئێستا دوای ٢٨ ساڵ تێپەڕبوون، هێزە سیاسیەکانی کورد نەیانتوانیوە لە داخوازیدا بەو رێکەوتنە بگەنەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو پێوەندی تازەی نێوان رژێمی شۆڤێنی و دوو حیزبەکە «پارتی و یەکێتی» سیمای نەتەوەیی تێدا نەماوە، زیاتر بە نهێنی و بۆ مەبەستی حیزبایەتی قسە دەگۆڕنەوە، چونکە هەر حزبە بە جیا دەیکات زۆر زەرەر بەخشیشە بۆ بزوتنەوەی کوردی و یەکێتی ریزەکانی.
گفت و گۆکان هەر یەکە بە پێی بارودۆخی تایبەت کەڵکی ئەوەیان هەبووە کە زیاتر مەسەلەی کوردیان ناساندووەو ئەو راستییەیان سەلماندوە کە دەیەوێ مافەکانی بە رێگایەکی ئاشتیانە بەدەستبێنێ. لەولاشەوە پشوودانێکی میللەت بووە تا رادەیەک یارمەتی بووە بۆ ئاوەدانکرنەوەی کوردستان و پێشخستنی لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا گەلێک خاڵی لاواز و کەموکوری هەبون لەم گفتوکۆیانەدا کە دەتوانین لەمانەی خوارەوەدا کۆیانبکەینەوە زۆر بەکورتی بەمەبەستی تیشک خستنە سەر هیندێک لایەنی تاقیکردنەوەکەمان و دەرس لێوەرگرتینان :-
١- دیاریکردنی کاتی گفت وگۆ:
زۆرجار وەک پێویست بەپێی بەرژەوەندی بزوتنەوەی کورد کاتی دیاریکردنی بە قازانجی نەهاتۆتەوە. زیاتر لەبەرژەوەندی حکومەتی شۆڤێنی بەغدا بووە، کە پێویستی بە پشتیوانی هەبووە لەوکاتانەدا بۆ نموونە :
- لە ساڵی ١٩٦٣ دا بەعس تازە هاتبونە سەرکار و لاواز بوون و کێشەیان زۆر بوو، بۆ خۆقایمکردن شەڕیان وەستان و لەگەڵ کورد گفت و گۆیان دەستپێکرد. هەر کە زانیان هێندە بەهێزبوون لەسەر پێی خۆیان رابوەستن، کاریان بە کورد نەماو هێرشی بەر فراوانیان کردە سەر کوردستان.

- لە ساڵی ١٩٩١ دا وەک هەمووڵایەک دەزانن، عێراق گەورەترین تێشکانی سەربازی و سیاسی لە مێژوودا بەسەرهات و جیهان دوژمنایەتی دەکرد و بڕیاری «٦٨٨» ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی داوای پاراستنی گەلانی عێراقی بە کوردەوە لە بەغدا دەکرد کە نەیانچە و سێنێتەوە و ئازاریان نەدا و کێشەکانیان بە ئاشتی چارەسەربکات. کورد گفت وگۆی لەگەڵ کردو لە ڕووی سیاسی و مەعنەویەوە بە زیانێکی گەورە بۆ کورد گەڕایەوە و قازانجی بەغدای تێدا بوو کە یەکجار زۆر سوودی لێوەرگرت بەتایبەتی لەئاستی دەرەوە.

**٢- جێگای گفت وگۆ :**

لە شۆڕشی ئەیلوولدا جۆرە هاوکێشەیەک لە شوێنی دا هەبوو، لە بەغداو لە کوردستان دەکرا، بەڵام دوای شۆڕشی ئەیلوول لە بەغداو لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتدا بووە. ئەمە لە گفت وگۆی ١٩٩١ دا زۆر بەڕوونی ڕەنگیدایەوە کە هەموو شتێک لە بەغدا دەبوو، کاتێکی زۆردرێژی دەبرد، جارێک نەبێ وەفدی بەغدا هاتە هەولێر، ئەوکاتەش هەولێر لەژێر سایەی بەعسدا بوو لەوهاتنەشدا ڕەسمی زۆر نەکرا.

کەم وکوڕی ئەم خاڵە ئەوەیە کە گفت وگۆکان لە جێگای سێیەم و لەدەرەوەی کوردستان و بە ئامادەبونی چاودێرو لایەنی سێیەم نەکراون، ئەگەر لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان بەغدا ئەو داوایەی پەسند نەکردبێ، لە ساڵی ١٩٩١ دا دەتوانرا داخوازی وابکرێ و بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێتە بناغە، ئەوسا مەسەلەی کورد حسابێکی نێو دەوڵەتی بۆ دەکراو پاڵەپەستۆیەکیش دەبوو بۆ سەر عێراق. ئەوی ڕاستیبێ و ئەوەندەی من ئاگاداربم لە ١٩٩١ دا بەداخەوە سەرکردایەتی کورد «پارتی و یەکێتی و بەرەش» بەرەسمی پێیان لەسەر بەشداری لایەنی سێیەم و دەرەوەی عێراق و کوردستان بۆ گفت وگۆ دانەگرت تا بزانرێ بەغدا پەسەندی دەکا یا نا !

زۆر بە ئاسانی و بەپەلە و زۆر بەگەرمی بۆ بەغدا بەرەو صدام چوون کەجێی سەرسوڕمانی کوردو هەموو دونیابوو.

٣- داخوزیەکانی کورد : داخوازیەکانی کورد لە ڕژێمی بەغدا هەمیشە مافی ئۆتۆنۆمی بووە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٩١ یشدا لەوەی تێنەپەڕاندبوو، لە کاتی ١٩٦٤، ١٩٦٦ دا لەوەش کەمتر بووە، داخوازی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە بەرکۆمەڵێک هۆ لایەنی کەم وکووڕی و لاوازی هەیە لەوانە :

زەمانەتی تێدا نیە، لەولایشەوە، ناتوانرێ پشتیوانی دەرەوە بۆ کورد مسۆگەر بکا، چونکە لە سنووری کێشەیەکی ناوخۆ دەرناچێ و کەس ئامادەنیە بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا بۆ کێشەیەکی ناوخۆ پێشێلبکا، ئەمە جگە لەوەی کەرژێمەکانی عێراق هەرگیز یاسایی و نوێنەری میللەت نەبوون.

بە پێی درێژەی بزوتنەوەی کورد و قوربانیدانی زۆرتر و کاولبوونی کوردستان و تاوانی تۆقێنەرتر پێویست بوو داخوازیەکان فراوانتر و گەشەتر بوونایە. ئەو مافی فیدرالیەی کە پەرلەمانی هەرێم لە مانگی ١٠-١٩٩٢ دا بڕیاری لەسەردا، دەبوایە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٧٥ وەک دروشمێک بەرزکرابایەتەوە. لە لایەکیکەوە سەرکردایەتی کورد نەیتوانیوە تاکتیکی زیرەکانە بەکاربێنێ و داخوازی گەورەتر (لایەنی زۆر) پێشکەشبکا، تا لە ئەنجامی دا ئەگەر پێویست بێ تۆزێک نەرمی بەکار بێنێ و بەکەمتر ڕازیبێ (لایەنی کەم)، لە هەمان کاتدا لەگەڵ بناغەو ستراتیژیەتی داواکاریەکاندا یەکبێتەوە و لەم چوارچێوەیە دەرنەچێت.

### ٤ – بەڕێوەبردنی گفت وگۆ:

لەم لایەنەوە کەم وکوڕی زیانبەخش زۆر بوون، وەک ئەوەی گەلێک جار بۆگفت وگۆ لەسەرەتاوە فایلێکی تایبەتی یا پرۆژەیەکی یەکگرتوو ئامادە نەکراوە، زۆرتر بە زارەکی و قسەبووە، لەکاتی گفت وگۆشدا سەرانی کورد لە ڕۆژنامەو ڕادیۆو هۆیەکانی ڕاگەیاندنداچاوپێکەوتن و قسەی زۆریانکردووە، بە جۆرێک ستایشی ڕژێم و سەرۆک و دەوڵەتیانکردووە کە لە ڕاستیەوە دووربووەو بنچینەیەکی نەبووە، بە پێچەوانەشەوە دەوڵەت هیچ قسەیەکی ئیجابی و ئاشکرای نەکردووە لەم بارەیەوە. ئەمە لە گفت وگۆی ١٩٩١ دا بەزەقی دیاربو، کاک مەسعوود و مام جەلال لەسەر صەدام و ڕژێم گەلێک قسەی چاکیان دەکرد و پێشکەوتنییان ڕادەگەیاند، بێ ئەوەی هیچ بناغەیەکی مەوزوعیان هەبوو بێ یا لایەنی ڕژێم دان بەمەدا بنێت.

کەم وکوڕییەکیتر ئەوەیە لە گفت وگۆدا هەمیشە لێپرسراوانی یەکەم چوون بۆ بەغدا، هەر لەسەرەتاوە ڕاست ئەوەیە گفت وگۆ و درێژەی مەسەلەکان لێپرسراوو شارەزایانی خوارتر ئەنجامی بدەن، گەورەکانیش لە کوردستانەوە بە ئامۆژگاری و سەرنج، پەیوەندیان پێیانەوە هەبێ، کە ڕێکەوتن گەڵاڵەکرا ئینجا لە دوا قۆناغدا تێکەڵاوی ببن، ئەگەر تەواو بو ئیمزای بکەن. جگە لەوە بەداخەوە لەدروستکردنی وەفدی کوردیدا گرنگی بە شارەزایان و پسپۆڕانی یاسایی و کارگێڕی نەدراوە، ئەگەر بووشبن، ڕێگایان نەدراوە هاوبەشی کۆبوونەوەکان بکەن و لەشارەزاییان کەڵک وەربگرن، وەک لە ١٩٩١ دا لە بەغدا ڕوویدا، ئەمە لە کاتێکدا وەفدی دەوڵەت بەچاکی سوودیان لە شارەزایان و پسپۆڕان وەردەگرت و بە تێبینی و سەرنجیان هەڵوێستی خۆیان بە هێزتر دەکرد، زۆر جار لە کۆبونەوەکاندا بەتایبەتی لە خولی چوارهەم وکۆتایی ی ١٩٩١ کە منیشی تێدابووم، قسەکانی ئەم شارەزایانەیان دەکردە بەڵگە بۆ پەسەندکردن یا ڕەتکردنەوەی خاڵێک لە خاڵەکان.

### ٥ – ناکۆکی سیاسی و چەکداری هێزە سیاسیەکانی کورد :

ناکۆکی ناو کورد هەمیشە خاڵێکی کاریگەر بوە بۆ تەئسیر لەسەر ڕەوتی گفت و گۆکان و ئەنجامەکانیان، زۆرتر لایەنی سلبی و جارجارە لایەنی ئیجابی دەوریان هەبووە. لێرەدا بەکورتی چەند نموونەیەک پێشکەشدەکەین بۆ ئەوەی بزانین کە چۆن ئەم خاڵەو خودی گفت وگۆ زۆر پەیوەندیان بەیەکەوە هەبووە :-

ا)- لە ساڵی ١٩٦٤ دا، پەلەی خوالیخۆشبوو بارزانی بۆ ئەنجامی گفت وگۆکەو لاوازیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دووبەرەکی بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی کۆندا، بارزانی دەیەویست ماوەی زۆرتری هەبێ ئەو ناکۆکیە یەکلایی بکاتەوە. بەم جۆرە بەداخەوە ئەو گفت وگۆیە ناکۆکیەکەی قوڵتر کردەوە و گەیاندیە ئاستی جیابوونەوە و لێکدانی چەکدرای.

ب)- لە ١٩٧٠ دا، گفت وگۆ بووە مایەی بلاوکردنەوەی بەیانە مێژوویەکەی ١١ ی ئازار، سەرکەوتنێکی سیاسی مەزن بوو بۆ کورد و شۆڕش و پارتی و بارزانی خوالێخۆشبوو، لەولاشەوە بووە هۆی ئەوەی ڕژێمی بەغدا دەستبەرداری کۆمەڵی «م.س» کۆن بێ. کە لە ئەنجامدا گەڕانەوە ناو شۆڕش و ڕیزەکانی پارتی، بۆ ئەو کاتە، ناکۆکیە قووڵە

چەكدارييەكەى نەهێشت و جۆرە يەكيەتيەكى ريزى كوردى دروست كرد.
ج)- گفت وگۆ ناوەختيەكەى ١٩٩١ جياوازى ڕەئى نێوان بارزانى و تالەبانى «پارتى و يەكيەتى» قوڵتر كردەوە بە تايبەتى لە پاش تەواوبوونى گفتوگۆ بە ڕەسمى، ناكۆكيەكەيان فراوانتر بوو، بارزانى لە قسەوباسى خۆيدا تالەبانى بەوە تاوانبار دەكرد كە نەيهێشتووە گفت وگۆ سەركەوێت و بگاتە ئەنجام. تالەبانيش بارزانى بەوە تاوانبار دەكرد كە ويستوويەتى بەهەموو شێوەيەك و بەكەم لە گەڵ ڕژێمدا ڕێكبكەوێ، لە كاتێكدا ڕژێم ئامادە نەبوو لايەنى هەرەكەمى داواكانى كورد پەسند بكا.
ئەوەى شايانى باسە ئەو ناكۆكيەو كەم وكوڕيانە وايانكرد كە بەرەى كوردستانى نەتوانێ چ بۆ دەستپێكردنى گفت وگۆ و چ بۆ كۆتايى پێهێنانى بەيانێكى ڕەسمى دەربكا، وەپەيوەندى هێندێك لەلايەنەكانى بەرە بەتايبەتى پارتى لەگەڵ ڕژێمدا مايەوە.

## هەڵوێستى ڕژێمى بەعس بەرامبەرچارەسەركردنى مەسەلەى كورد:

ئەوانەى سەرەوە بەشێك لە سەرنج و ڕەخنەكان بوون سەربارەت بە لايەنى كورد لەگفت گۆكاندا، چاك وايە تەماشايەكى هەڵوێستى دەوڵەتى عێراقيش بكەين تا تێگەيشتنێكى تەواوترمان لا دروستبێ و بزانين ئەوان بەتايبەتى ڕژێمى بەعسى (صەدام) چۆن دەڕوانە كێشەكەمان.
ڕژێمە يەك لەدواكانى عێراق بەتايبەتى ڕژێمى بەعسى شۆڤێنى كە «٣٠» ساڵێكە فەرمانڕەوايى عێراق دەكا، بيرو بۆچوونيان زۆر لەيەكەوە دوور نيە، بۆ يە باشتر وايە لەبەر ڕۆشنايى ئەنجامى ى گفت وگۆى بەرەى كوردستانى و ڕژێم لە ١٩٩١ دا خاڵە سەرەكيەكانى هەڵوێستى بەعس وەك حوكم و وەك حيزب و ئينجا خەڵكى نەتەوەيى بيرتەسكى عەرەب تەماشا بكەين و هەوڵبدەين بۆ ئێستاو هەر گفت وگۆيەكى ئاييندە كەڵكيان لێوەربگرين.
١- بەعس و دام و دەزگاكەى باوەڕيان بەوە نيە كە لە ئۆتۆنۆميدا ناوچەو زەوى دەستنيشانبكرێ. واتا دەيانەوێ جۆرە ياسايەكى كاڵ و كرچ بۆ ئۆتۆنۆمى خەڵك هەبێ. بەو مەبەستەى لە هەر شوێنێك سامانێكى گرنگى سەرزەوى يا ژێرزەوى هەبێ سەر بە حوكمى ناوندى بێ، بۆيە ئامادەنين ناوچە دەوڵەمەندەكانى كەركووك، كفرى، شێخان، زەمار، شەنگار و خانەقين بخرێنە سەر ناوچەى ئۆتۆنۆمى. بە پێى نەخشەو بەرنامەى بەعس، تەنانەت ناوچەى سليمانى و دهۆك و هەوليريش هەر بە بەشێك لە نيشتمانى عەرەب دادەنرێن ! ئەگەرچى وەكو ناوەچەى ئۆتۆنۆمى كوردستان ناويان دێن.
٢- ڕژێمى بەعس خۆيان بە سەركردايەتى سياسى عێراق دەزانن، لەبەر ئەوەى «شۆڕش» يان كردووە و فەرمانڕەوايەتيان بەدەستە، «شەرعيەتى شۆڕشگێريان» هەيە وەكو دەڵێن، واش بە پێويست دەزانن كە هەموو عێراقييەك بە كورديشەوە دەبێ ئەو سەركردايەتيە قبوڵبكەن. بەرەى كوردستانى و هەموو لايەنە كوردەكان دەبێ ببنە پاشكۆى ئەوان وەكو لە ١٩٩١ دا ئەمەيان جارجار باس دەكرد .
٣- سەركردايەتى بەعس و دەوڵەتى عێراق، لە ڕوانگەى تيورى ئاسايشەوە تەماشاى هەموو شتێك دەكەن و بە لێكدانەوەى پيلانگێرى ڕووداوەكان لێكدەدەنەوە، بۆيە مەرجە هەموو دەزگاكانى ئاسايش لەژێر دەستەڵاتى

ڕاستەوخۆی سەرۆک کۆماردا بێ، دوای دوو جەنگی کارەساتهێنەر کە خۆیان دروستیان کردبوون، عێراق وا دەزانێ هەمیشە پیلانی لەسەرە، لەبەر ئەوە لە ڕووی ئاسایشەوە بە هیچ جۆرێک لە گەڵ کورد دا نەرمیان تێدا نیەو ڕازی نابن کە ئاسایشی خوارووی کوردستان سەر بە کورد بێ، لەم ڕوەوە ئەوی نوسراوە لە بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ شدا لایان پەسند نیە.

ئەو خاڵانە کە زۆر بە کورتی باسکران چۆنیەتی بیرو باوەڕی بەعسە دەربارەی مەسەلەی کورد، زۆر بە ئاشکرا شۆڤێنیەت و دیکتاتۆریەتی بەرامبەر کورد تێدایەو نایانەوێ مەسەلەکەی وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی و سیاسی میللەتێک چارەسەربکەن.

## کۆسپەکانی ڕێکنەکەوتنی گفت‌وگۆی ١٩٩١ :

لە خولی چوارەمی گفت گۆی ١٩٩١ دا دەرکەوت کە ڕژێمی بەغدا ئەم کۆسپانە دەخاتە ڕێگای ڕێکەوتن :

١- دەوڵەتی بەعسی بەغدا بۆ دەستنیشانکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئامادەنەبوون بەیانی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ وەک بناغە قبوڵبکەن. لەم گفت وگۆیەدا باسی کەرکووک، شەنگار، زەمار و زۆر ناوچەیتر نەدەبوو قسەیان لەسەربکرێ، چونکە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئاسایشەوە گرنگن و ناوچەی دەستەڵاتی ناوەندین. وەک خۆیان دەڵێن ئەگەرچی خانەقین زۆربەی کوردە بەڵام لەبەر ئەوەی سنووری ئێرانە و جێگایەکی ئاسایشی هەیە ناکرێ باسی لێبکرێ. ئەو ناوچانەی دەخرێنە سەر ئۆتۆنۆمی لەو ناوچەو سنوورانەش کەمترن کە خۆیان لە ساڵی ١٩٦٣ دا پێی قایلبوون بۆ کورد. لە ١١ ئازار پەسندیان کرد کەسەرژمێری بکرێ و بەوپێیە بڕیار بدرێ لەسەر ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەر هەیە.

٢- بەلای بەعسەوە دەزگاکانی حکومەت لە تەندروستی و پەروەردەوە تا سوپاو حیزبی بەعس و ئەمن و موخابەرات هەموویان یەکن و دەبێ گشتیان بەیەکەوە بێنەوە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، یا نەیەنەوە. بێگومان جەیش، ئەمن و موخابەرات ناوەندین و یەکسەر بەندن بە سەرەک کۆمارەوە. بۆیە ئەم خاڵە قابیلی گفت وگۆ نیە و بڕیارێکەو دانەدواوەی هەرگیز ناکرێ وەدەبێ کورد پەسندی بکات.

٣- پێویستە تەنها حیزبی بەعس لەناو سوپاو هێزە چەکدارەکاندا هەبێ و چالاکی بنوێنێ، پارتە کوردستانی و کوردی و عێراقیەکان بۆیان نیە بە هیچ شێوەیەک لەناو سوپاو چەکدارەکاندا چالاکی بنوێنن. ئەمەشیان بەوبیانووە بوو کە گوایا لە کودەتا دەترسن و پیلانیان لەسەرە. «لە کاتێکدا ئەگەر مەترسی کودەتا هەبێ هەر لە ئەفسەرەکانی بەعس خۆیەوە بووەو دەبێ» ، مەترسیش خۆیان بەهۆی سیاسەتی خۆیان هێناویانەتە سەر ڕژێمەکەیان.

٤- ڕژێمی صەدام بە هیچ جۆرێک ئامادە نەبوو بیسەلمێنن کە ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان «المجلس التشریعی» مافی یاسادانانی هەیە، بەوەش ڕازی نەبوو کە کورد هابەشی لە دەزگاکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسی عێراقدابکا، بۆ ئەوە دەیانگوت ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەیە و بەرپرسیاری گشت یاساو بڕیارێکی سیاسیە، ئەگەرچی ڕاوێژ لەگەڵ کورد دەکرێ بەڵام ڕژێم خۆی بڕیار لەسەر شتە گرنگەکان دەدا.

٥- عێراق و بەعس هیچ جۆرە ئامادەییەکیان نەبوو کە شێوە دیموکراسییەت و سەربەستییەک لە عێراقدا پیادەبکرێ.

یاسای چالاکی حیزبی، سەربەستی ڕۆژنامەنوسی، دانانی یاسایی هەیشەیی و دادپەروەری ئەو شتانەبوون نەیاندسەلماندو باوەڕیان پێنەبوو و ئامادەنەبوون دەرکەی خۆشی لەسەر میللەتی عێراق بکەنەوە.

## باری ئێستا لەگەڵ ڕژێمی بەغدادا:

بۆچوونی من و باوەڕی شارەزایان لە ڕژێمی بەعس لە دنیا داو تەنانەت خەڵکی دوو حیزبەکەش «پارتی و یەکێتی» کە ئێستا هاتوچۆی بەغدا دەکەن ئەوەیە کە ڕژێمی بەغدا بیرولێکدانەوەی بەرامبەر کورد و مەسەلەکەی بە هیچ شێوەیەک نەگۆڕاوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو خراپتریش بوە، چونکە ئەوەی لە ١٩٩١ دا دابوویان بە کورد لە مرۆدا بەوەش ڕازینین و کەمتر دەدەن. هۆی سەرەکی ئەو هەڵوێستەی بەعس دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی نێوان یەکێتی و پارتی و پەیوەندی جیای هەریەکەیان بە ڕژێمەوە. لێرە وە کەمهێزی و ناکۆکییە مەترسیدارەکەی دوو حیزبە کە بە ئاشکرا بۆ دەوڵەتی بەعس دەرکەوتووە و بۆ قازانجی خۆی کەڵکی لێوەرگرتووە. لە لایەنی کوردیشەوە دوو بەرەکیەکە بۆتە مایەی لاوازی و ترازاندنی یەکێتی ڕیزەکانی میللەت و هەڕەشە لە هەموو خەبات و قوربانیەکانی پێشووی کورد دەکا و ئەوماوەش نەماوە کە هەموو بەیەکەوە (بەرە)گفت وگۆ بکەن وەکو ١٩٩١، لەبەر ئەوە بەلای منەوە هەموو پەیوەندیەک لەم زروفەدا هەر حزبە بە جیا، زیاتر بە سوودی ڕژێمە.

## سەرنجی کۆتایی:

بۆ ئەوەی بەرهەمی تێکۆشان و قوربانیەکان و کاولبوونی کوردستان لە دەست نەچن، قۆناغی ناسک و پڕ مەترسی ئێستا لە یەکێتی و پارتی دەخوازێ کە بە پەلە ڕیزەکانی خۆیان و هەموو حیزبە کوردستانیەکان یەکبخەن و لە چوار چێوەیەکی چارەنووسیدا کۆببنەوە، بە یەک دەنگ و بە یەک بۆچوون سیاسەتێکی ستراتیژی بۆ کورد لە بەرچاوبگرن و هەوڵی چارەسەری کێشەکانی خۆیان و پێوەندیەکانیان لە گەڵ بەغدا و دراوسێکاندا بدەن. ئاشتی و برایەتی و مافەکانی کورد لە خوارووی کوردستاندا لەسەر بناغەی فیدرالیەت کە پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢ دا بڕیاری لەسەرداوە و لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ٦٨٨ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتان و بە ئامادەبوونی لایەنی سێیەم بکەنە بناغە بۆ ڕێکەوتن لە گەڵ بەغدا دا و ئەوەیان لە بیرنەچێت کە هەموو چارەسەرێکی کێشەی کورد ئەگەر بمانەوێ هەمیشەیی بێ پێویستی بە یەکێتی ریزی کورد، دیموکراسی لە عێراقدا و دابینکردنی پشتگیری نێونەتەوەیی هەیە.

دەبێ ئەوەش بزانرێ کە مەسەلەی کورد مەسەلەی میللەتەو بە تەنیا هی ئەم لا یا ئەو لا نیە، بۆیە دەبێ هەموو لایەک لەو ڕووەوە هاوبەشیبکاو تا دەتوانرێ فراوانتر بکرێ، بە تایبەتی لەکاتی گفت وگۆ لەگەڵ بەغدا یا هەر دەوڵەتێک.

## کوردۆ عەلی

# بزووتنەوەی کوردایەتی
# لە نێوان
# لێژەنی سەربەخۆیی و گێژەنی ئۆتۆنۆمیدا

## پێشەکییەکی پێویست : (*)

تەواو دەگەڵ ڕای ئەو نووسەرە ئاڵەمانەدام کە نووسیبووی : " *هەرکات ئەو سرووده دەبیەم کە دەڵێت : < ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان > ، لەبەرخۆوە دەڵێم : ڕاستە ماوە ، لێ ئەوە چۆن مانێکە ؟؟؟*

دیارە بەمەبەستی بەدبینکردن ناتاندوێنم ، بەڵکە بەهیوای بەهۆشهێنانەوە و بەخۆداچوونەوەی هەریەکێکمانم ، دەنا بە بڕوای من هێجگار دێردەکات و مەگەر وەک هەمیشە ئەمجارەش قەدەر لە مردنی حەتمی ڕزگارمان بکات ، چونکە حاڵ و باری میللەتەکەمان ئەوەی بەبەرەوەنەماوە خۆ لەئاستیدا بخافڵێنین و چاومانی لێبقووچێنین ، لە نسکۆی داهاتوودا هەرهەمەوومان بەشدارین و لێی بەرپرسیارین ، دیارە نووچدانی ئەمجارەشمان لەگشـــتیان سەختتر و ئەژنۆشکێنتر دەبێت و هەڵستانەوەی هێجگار زەحمەت دەبێت ، بە ئومێدی ئەوەی ئاوها ڕۆژە ڕەشێک نەبینین .

---

( * ) ئەم گوتارە لە بنچینەدا بۆ ئەو کۆڕە ئامادەکرا، کە مەڵبەندی کوردیی ڤیەننا بۆی سازکردم. پاشان لە شارەکانی نوێرنبێرگ و لەندەن و سلێمانی و هەولێر و ستۆکهۆڵم و کۆپنهاگن و ئۆدینسا خوێندراوەتەوە و لەلایەن ئامادەبووانەوە دەمەتەقێی زۆری لەسەرکراوە .. بە پێویستم زانی دەقاودەق وەکی خوێندوومەوە ، چاپ و بڵاوییکەمەوە .

پیشەکی گەرەکمە ئامادەبووانی هێژا دڵنیابکەم ، کە مەبەستم لە گوتنی بڕێک ڕاستی ، نە تانووتدانە و نە هێرشبردنە سەر هیچ کەس و دەستە و تاقمێک و نە هەوڵی زامدارکردنی هەستیان ، بەڵکە بەرژەوەندیی بەرزی نەتەوەکەمە ناچارم دەکات ، پەتاوپەت بێمەگۆ و بێپەردە ڕاستییەکان دەربڕم و هیچ باکم لە دڵنێشانی ناڕەوای کەس نەبێت و سڵ لەئاکامەکەی نەکەمەوە ، چونکە بەبڕوای من ، چارشێولابردن لەسەر چکێک هەڵوێستی چەوت و لوێچێک هەڵەی سیاسی زەق ، گەر سووکایەتی بەسەرشانی کەسان و دەستەوتاقمانێکدا بهێنێت ، ئەوە تاوانی ڕاستی بێژ نییە ، بەڵکە تاوانی خاوەن هەڵوێستە چەوت و هەڵەکەیە و پێویستی بە بەخۆداچوونەوە هەیە . ئەوانەی ئەورۆ جوامێرانی میللەتە ستەمدیدەکەم ، بەهەربڕووبیانوویەکەوە و لەژێر هەر شڕە پەردەیەکدا ، گوللەبارانەکەن ، ناشێت چاوەڕوانبن گوڵبارانکرێن . بێشک مێژووی پێکراو و زامدار و دڵەنگێوراوی نەتەوەکەم سەرڕاستترین تۆمارگە و ڕەواترین دادوەرە و ئامانی نییە و لە هیچ تاوانێک خۆشنابێت و لێفەشڕەی دنیا پەڵەی هەڵەیەکی گچکەڵەی پێدانا پۆشرێت . وەی بەحاڵی ئەوەی بە ناڕەوا خۆی لە ( گەل ) دەکاتە ( کەل ) و هیچ ترسێکی لە دادگای مێژوونییە و لێی بێباکە .

دووصەد ساڵێک لەمەوبەر ، شاعیری مەزنی ئاڵەمان ، ڤۆلفگانگ یۆهانس گۆێتە ، لە شانۆگەریی فاوست دا ئاوها دێتەگۆ :

" ڕۆژانی یەکشەموان و پشووەکان ، هیچ شک نابەم ،
لە باس و خواسی شەڕ و داد و فیغان لەدەست شەڕ زێتر ،
ئەو دەمەی لەو دووری دوورەوە ،
لە تورکیا ،
میللەتانی بەردەبنە گیانی ئێک و ئێکدی دادەپاچن ،
لێرە ، پیاو لە پشت پەنجەرەیەکەوە ڕادەوەستێت و بادەفڕەدەکات ،
دەڕوانێتە خوریی ئەو چۆمەی وا گەمییە ڕەنگاوڕەنگەکان وەلارەلاردەخات ،
پاشان دەمە و ئێوارە بە شادییەوە دەگەڕێتەوە ماڵ ،
منەتبار و سەناگۆی ئاشتی و ئەو کەشە ئارام و هێور خوڵقاوەیە " ( ١ )

ئێستەکەش پاش دووصەد ساڵێک ، هەرهەمان تراژیدیایە و درێژەی هەیە ، ئەمان لێرە بە شادییەوە خەریکی بادەفڕکردنی خۆیانن ، لەوێ ، لە جیهانی صەد و سێهەمیش ، خەڵکی ، بەوپەڕی دڵڕەقییەوە خەریکی یەکدی قڕکردنی خۆیانن .

تاوانی قەدەر بەرامبەر کورد ، ( ئەگەر بڕوامان بە قەدەر و تاوانی هەر هەبێت ) ، بەوەوە نەوێستا کە لە تاقە کوتێکی وێرانە خاکی خۆیدا ، دەوڵەتۆچکەیەکی پێ ڕەوا نەدیترا ، بەڵکە گەیشتە ئەو پلە و ڕادەیەی ، کرایە ژێردەستەی دواکەوتووترین و ڕەگەزپەرستترین و ملهوڕترین و دیکتاتۆرترین میللەتان و دەوڵەتان . دووریش نییە قەدەر پەندە کوردییەکەی بەڕاست نەگێڕابێت کە دەفەرمووێت :

هەواڵنامەی کتێب

کاکە خوا ئیشی نابەجێ ناکا
تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا

پێدەچێت کێوی تاوان و تەلاری ژێرێتی و سەلاریی دیتبێن و تێگەیشتبێت گەر خودا نەکردە دەستمانڕۆشتبا چ تاوانکارێک دەردەچووین . میللەتێک پاش ئەو حەمکە ژان و ئازار و کوێرەوەرییە ، پاش ئەنفال و کیمیاباران ، پاش هەزاران ساڵی دیلێتی و ژێردەستیی ، ڕۆژگار ڕێ هەڵە بکات و دەرفەتێکی بداتێ و لە کوتێکی کاولستانەکەیدا هەلێکی بۆ برەخسێنێت ، لە بریتی قۆستنەوەی و سوودوەرگرتن لێی ، لە بریتی وی ڕێگە بدەن میللەتە کڵۆڵەکە ئاهێکی بەبەردا بێتەوە و تاوێک دوور لە چاوی بزی دەزگە داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمە خوێنڕێژە فاشستەکە ، بحەوێتەوە ، لە بری وی بۆ جیهانی بسەلمێنن ، کوردی کوشتەی دەستی دیکتاتۆران و ملهوڕان ، مێژوو تاوانی بەرامبەرکردووە ، دەنا شایان و شایستەی ئەوەیە خۆی سەربەست حوکمی خۆی بکات ، کەچی ڕێبەرە ڕێونکەرەکانی ، جێگەی دیکتاتۆرە داگیرکەرەکانی بگرنەوە و چەقۆ بگەیەننە سەر ئێسقان. چەکدارانی میللەتێکی زەلیل و ئازارچەشتە ، لە خوێنڕێژیی و تاواندا ، لاسایی جەللادەکانیان بکەنەوە و دەربخەن لەوانیش دڕندەتر و دڵڕەقترن . نەک هەر لەسەر هیچە و لە پێناوی هیچدا لایەنگرانی یەکدی ، چێترین جوامێرانی نەتەوەکەی خۆیان ، بنێن بەبەر ڕێژنەی گوللەوە ، بەڵکە ئەتکی شەهیدی یەکدییش بکەن و هەتا ماتەمینییش لە کەسوکاری قوربانییەکانیان قەدەغە بکەن ، یەکدی ئەنفال بکەن ، نێوی شیرن و پیرۆزی پێشمەرگە ، بە چەتە و تەڕیدە ئاڵوگۆڕکەن و فێری تاڵان و بڕۆ و شڕەخۆریی بکەن ، کەواتە بەوەی چاک بوو :

١- دەوڵەت نەبووین و چەکی کیمیایی و بۆمبای ئەتۆمیمان نەبوو ، دەنـا لە هەر شارێکی کوردستاندا هیرۆشیما و ناکازاکییەکمان دەسازاند.

٢- قەدەر غەدری لە هیچ میللەتێکی دی نەکرد ، بەدبەختی کردبا و ببایە دیل و ژێردەستەی ئێمە ، دەنا هەر لەسەر هیچە ئاسەواریانمان دەبڕییەوە .

سەرتاڵ :

پیرە مێژووی ژێردەستیی و ژیانی پەستیی و پڕ نەشکەنجە و ژانی کورد ، سەرتاسەر تۆمارگەیەکە و پەیاپەیدێت لە زوخاو و تاڵاوی شۆڕش و ڕاپەڕینی بێ ئاکام ، ڕاپەڕینی بێ سەرئەنجام لە پێناوی ئازادیی و سەربەستیدا ، بۆ داماڵینی تەوقی کۆیلەیەتی و سڕینەوەی لەکەی دیلێتی .

بەسەرنگومبوون و لەنێوچوونی دواهەمین میرنشینە کوردەکانی وەکی بابان و سۆران و بۆتان ، لە نێوەڕاست و دەمەدەمی گیانەڵڵای سەدەی نۆزدەهەمدا ، کە سەرەتای هەرەسی دەزگەی سیاپیی خێڵایەتی و عەشیرەتگەریی و نێوچەگەرێتی بوو ، ئیدی تروسکەی هیوا و ئامانجی نەتەوەییانەی کورد پفی لێنەکرا و کز و خامۆش نەبوو ، بەڵکە پێینایە قۆناغێکی نوێتر و پێشکەوتووترەوە و بووە سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەش لە شیرازە و پێکهاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەوارییدا . ئەوەبوو سەردەمی سەرهەڵدان و پەیدابوونی بزووتنەوەی سیاسی و ڕێکخراوەیی کورد

دەستیپێکرد ، کە پاشان چەندین پارت و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی لێکەوتەوە . هاوکات ، قۆناغی ڕۆژنامەگەریی کوردییش ، بە دەرکەوتنی تیشکی ڕەخشانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی ، بە نێوی ( کوردستان ) ەوە ، ڕۆشنایی خستە نێو تاریکەشەوی کوردستانە کۆت و دیلکراوەکەوە. سەرەتا جڵەوی سەرکردایەتی ئەو داوودەزگانە ، زێتر بەدەست سەرکردە تەقلیدیی و خێڵەکییەکانی وەکی میر و بەگزادە و شێخ و مەلازادەکانەوە بوو . لەگەڵ ئەوەشدا کە هەست و نەستی نیشتمانپەروەرانەیان لە جۆش و خرۆش و قوڵپداندا بوو ، لێ پاشان دەرکەوت کە ئەوانە کارامە و سوارچاکی ئەوبوارە نین و هێدی هێدی جێگەیان پێلێژکرا و دوورخرانەوە . هەرچەندە تا ئێستاش ، خڵتەی کولتوور و بیرو بۆچوون و دیدی ئۆرۆستۆکراتییانە و خێڵەکییانەی ، تاقە سەرۆک و تاقە پێشەوا و تاقە ڕێبەر و تاقە پیاو ، لە جەستە و هەناوی یەکەیەکەی پارت و ڕێکخراو و داو و دوزگە سیاسییە بەرۆگرەکانییاندا ماونەوە و هێشتا نەتەوەکەمان هەر تاڵاویان دەچێژێت . ( ٢ )

ئیدی هەر لەو دەمانەوە تاوەکو ئێستەش ، سەرلەبەری پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد و زۆربەی هەرەزۆری شۆڕش و ڕاپەرینەکانی ، لە هیچدا یەک نەبووبن ، لەبرێک ڕوودوە وێنەی لەبەرگیراوەو تەواوکەر و شوێنپێهەڵگری یەکدی بوون و کۆمەڵێک شەقڵ و خەسڵەتی هاوبەشیان هەبووە ، کە دەشێت گرنگترینیان لەم خاڵانەدا کۆوەکەین :

١ ـ تا نێوەڕاستی ئەم سەدەیەش ئامانجی هەموویان سەربەخۆیی و ڕزگاریی کورد ئازادیی کوردستان بووە ، ( لایەنی کەم برەجارێک وەک ئامانجێکی نێزیک تەنها کوتێکی ، وەک ئامانجێکی دوور گشت کوتەکانی پێشچاوگیراوە ).

٢ ـ زۆربەی هەرەزۆریان تۆزقاڵێک لەهەڵە و پەڵەی یەکدیی لایان نەداوە ، تا ئەو ڕادە و سنووردەی ئیدی هەڵە لەکورد بۆتە خوو ، بۆتە کولتوور و داب و نەریت . کورد بەکردەوە سەلماندوویە ، ئەوپەندەی کەدەڵێت : (مێژوو دووبارە نابێتەوە ) هەڵەیە ، مێژووی پڕنەهامەتیی و گەوجێتی کورد ، صەدان و هەزارانجار زۆربارەبۆتەوە و هیچیشی لێ فێرنەبووین .

٣ ـ ڕێبەرو سەرکردەی زۆربەی هەرەزۆریان ئاغا و شێخ و دەرەبەگ و سەرەکهۆز بوون ، پاشانیش خوێندەوارە وەجاخزادە و سۆسرەتزادە شلەشارییەکان جێگەیان پێ لەقکردوون. زۆربەی ئەمانەش کەسانی خۆسەپێنی خۆپەسەندی بێباک لەچارەنووسی کوردبوون ، ئامادەبوون گشت کورد بکەنە قوربانی نێو و شۆرەتی خۆ و بنجبەستکردنی دەستەڵاتی خۆ .

٤ـ هەرچەندە هەستی نیشتمانپەروەرێتی لەدڵی گشت کوردێکدا پل دەدات و کەم میللەت هەیە هێندە قوربانیی دابێت و تا ئەو ڕادەیە دەستی بە زمان و خاکی خۆیەوە گرتبێت ، لێ بەداخەوە هەستی یەکێتی و یەکرێزیی و تەبایی و هاوچارەنوسیی ، هێجگار کز و لاوازە و لەرێزی نەبوواندایە . گشت لە گشتی کورد لەسەرئەوە پێکهاتوون و لەوەدا یەکن ، کەلەسەر هیچ پێکنەیەن و لە هیچدا ڕێکنەکەون و یەکنەکەون . هەر ئەم هۆکارە برێک نووسەری بێگانەی خستۆتە سەرکەڵکەڵەی ئەوەی گومان لەوەپەیداکەن ، کە کورد سیما و خەسڵەتی نەتەوەیەکی تێدابێت .

٥ ـ هەرچەندە سەرپاکیان تاقە ئامانجێکی هاوبەشیان هەبووە ، لێ زۆربەیان شیرازە شێواو ، خراپ ڕێکخراو ، تاکتیک سەقەت و پواو ، خاوەن ئیدیۆلۆژییەکی بێگانەی لەدەردوە خوازراو ، ( ئیسلام بوبێت یا مارکسیزم ) هەناوی کرمێ کردوون هێدی هێدی دایوەشاندوون . هەر ئەو ئیدیۆلۆژییە ئاوەکییە ، یاخود ئەو بۆشاییە ئیدیۆلۆژییە

و نەبوونی ستراتیژێکی کوردیی ، خۆکردی ، پیرۆزی ، جەماوەرهەژێنی ، یەکخەری ئاوها ، کە سەراپای میللەتەکە بە گشت دید و بۆچوون و ڕێڕەو و ڕێبازەکانییەوەلەژێر سایە و ساباتی خۆیدا خڕدەوەکات ، ئەو پاشاگەردانیی و کوتکوتی و مالوێرانییەی صەدان ساڵ و دوێنێ و ئەوڕۆی لێشینبۆتەوە .
جگەلەوە ، بەپێچەوانەی هەموو میللەتانی دنیاوە ، کەگشت بیر و ئیدیۆلۆژی و ڕێبازێکی سیاسی دەخەنە خزمەت بەرژەوەندیی میللەتەکەیانەوە ، کوردی هەلگرانی ئیدیۆلۆژیی ئاوەکی ، هێند گەرمەتەریقەت بوون ، میللەتەکەیان خستۆتە خزمەتی بیرەکەیانەوە ،ئامادەبوون نیوەی کورد بەقڕبدەن ، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە فەتوایەکی بیرەکەیان ڕاستی فەرمووە . زۆربەی هەرەزۆریشیان سەریان لەبیرەکەی خۆشیان دەرنەکردووە و نەیانزانیو دنیا چ باسە ، تەنها هێندە فێربوون ، کەبیری خۆیان خاسە .
٦ - پشتبەستن بە هێزە دەرەکییەکان و هیواهەلچنین لەسەرخەندەی زەردیان و وادە و بەلێنی ساختە و ژەهراوییان و فریوخواردن بە دەهۆ و تەلەکەبازییان ، تایبەت و پلەی یەکەم ئەم داگیرکەر یاخود ئەوداگیرکەر ، ئەمەش بۆتەهۆی :
١- هێزە نێوچەیی و جیهانییەکان بتوانن بە ئاسانی ، بەپێی بەژەوەندیی خۆیان وازیی بەمەسەلەکە بکەن .
٢- وولاتە داگیرکەرەکە وەک داردەست و بەکرێگیراوێکی بێگانە لە کورد بڕوانێت و بتوانێت بەو بیانووەوە جەماوەری میللەتە سەردەستەکەی لێهانبدات .
٣- گەلەکجار لێشاوی کۆمەکەکە ، شۆڕشگێڕانی میللەتەکەی پەلەخاندووە و لەکەلکی خستوون ، وایلێکردوون کە چیدی باوەڕیان بەخۆ و هێزی لەبن نەهاتووی ڕەش وڕووتی میللەتەکە نەمێنێت. هەرچەند کۆمەکەکە ، تەنها بۆ گیرفانی هەمیشە بەژ و بێبنی ڕێبەرانی و بۆ کوردی دۆنەدیو زۆربووە ، دەنا لەڕاستیدا نرخی دلۆپەخوێنی شەهیدێکی سەروەری نەبووە ، بەشی مەمرە و مەژی و سەرقالکردنی دوژمنانیان بووە ، نەک هێندەی کوردەکە پێیهەلگرێت .
٤- بەپێی یاسای لارەملی و دەسپانکردنەوە و خولامێتی ، لە سۆنگەی کالفامی و ناکاملی و هەرزەیی سیاسییەوە ، ئالەو جۆرە پەیوەندییانەدا ، دۆڕاوی یەکەم و ڕیسوا و زیانکردووی هەمیشەیی ، هەرکوردەکەبووە . بەردەوام ناچارکراوە شەڕی بەرژەوەندیی ئەوهێزانە بکات ، نەک چارەنووسی خۆی ، زۆربەی جاریش ڕاوی هاوخوێن و هاوڕەگەزەکەی خۆیی بۆ ئەم داگیرکەر یاخود ئەو داگیرکەر کردووە . ( شەرەفنامە ) ، کە من نێوم نـــــــاوە ( شەرمنامە ) ، لێوانلێوە لەنموونەی دەردناکی لەوبابەتە ، خەلتانی خوێنی بەناهەق ڕژاوی کوردە بەدەستی کورد . بۆیە سەرلەبەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بە هەرەس و ئاشبەتاڵ کۆتاییان هاتووە .

### وەرچەرخانێکی ناهەموار :

لەنێوەڕاستی چلەکانی ئەم سەدەیەدا ، لەناکاوگەورەترین تراژیدیا و وەرچەرخانێکی ناهەموار بەسەر بزووتنەوەی کوردایەتیدا هات و سیما و جەوهەر و خەسلەت و کاریگەرێتی بزووتنەوەکەی لەڕەگ وڕیشەوە هەلتەکاند و ستراتیژ و تاکتیکی تێک و پێکداو بەری بۆ گەلەک پەتا و دەردی کوشندە بەرهەلداکرد و بووە خۆرەی بزووتنەوەکە و شەڕای دووبەرەکیی لەجەستەیدا چاند . سەرئەنجام دوو ڕێباز و دوو بیرو بۆچوونی جوداواز لەهەناوی بزووتنەوەکەدا سەریانهەلدا ، کەهەریەکەیان سەربەکۆشی ئیدیۆلۆژییەکی جوداوازدادەکەن و پێکرا کرۆکی دووڕێبازی ناتەبا و

نەگونجاو پێکدەهێنن . ئیدی لەوەدەمەوە هەردوک ، جودا لەئێک ، لەکۆششی ئەوەدان ڕچەی بزووتنەوەکە وەرچەرخێنن و بیخەنە سەر ڕێچکەی بیرەکەی خۆیان و بۆ مەرام و خواست و ئارمانجی خۆ ڕاپێچیکەن :

١. ڕێبازێک کەباوەڕی بە ڕزگاریی وسەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی گشت پارچەکانی کوردستان هەیە . ئەمە ڕێباز و ڕچە ڕەسەن و دێرینەکەیانە . ئامانجێکی پیرۆز ، وەلێ بێ سەر و بێ ڕێبەر و نارێکخرا و ، شل و پەیت و سست و خاو و لێکبڵاو و لێکدابڕاو ، لەدەریای خەون و خەیاڵاتدا ووڕ و قەتیسماو و حەپەساو .

٢ ـ ئەو ڕێبازەی خۆی بە چارەو چارۆچکەی نیوەوناچڵەوە بەستۆتەوە و دەگەڵ ئەوەشدا کەلەڕوانگەی ئینتەرناسیۆنالانە و بانگاشەی پێشکەوتنخوازانەیەوە ، گوایە مافی چارەنووسی بێ چەند و چوون بە گشت گەلانی مافزەوتکراو و بەشخوراوی جیهان ڕەوادەبینێت ، کەچی لە زرکە ئۆتۆنۆمی " ڕاستەقینە " ی نێوەرۆک " گاڵتەقینە " زێتر بۆ کورد بە شیاو نازانێت . ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوە دەگەیەنێت ، کە ڕەدووکەوتوانی ئەو ڕێبازە ، یا کورد وەک میللەتانی دی بە مافخوراو و زۆرلێکراو نازانن ، یاخود بەکەمی دەگرن و پێیانوایە شیاوی ئازادیی و سەربەخۆیی نییە . بەڵگە و بیانووی هەرەبەهێزی ئەم ڕێبازە ، بارە جیۆپۆلیتیکە گەمارۆدراوەکەی کورد و بارە سیاسییە ناهەموارەکەی نێوچەکە و نێو دەوڵەتان و کەمتوانایی و کەمهێزیی وکەمدۆستی و لاوازیی میللەتەکە و پرچەکی و توانای فرە و پڕهێزیی و دڕندەیی دوژمنانێتی ، بۆیە بۆ خاوکردنەوەی دەماری گرژ و ڕەواندنەوەی ترسی نابەجێی ئەو وڵاتانەو ڕەگەزپەرستانی میللەتەکانیان ، هەر لەسەرەتاوە ئاڵای سپی هەڵدەکەن و لەگشت بۆنەو بوارێکدا ، شیاو بێت یاخود نەشیاو ، گونجابێت یاخود تێترنجاو ، پەنا بۆ پاکانە و باکانە و سوێند و بەڵێنی بێ سەروبەری جودانەخوازیی و مەفتوون و شەیدای پاراستنی یەکپارچەیی خاکی نیشتمان و هەتا ڕیا و ڕووپامالیی ( برایەتی هەڵبژاردە و خۆویستانە ) دەبەن ، ئەوەی خۆیان نێویان ناوە ( الاخوة الاختیاری ) ، هەرچەندە هەرلەسەرەتاوە هەرچی ئیختیار بێت ، بۆکورد نەهێڵراوەتەوە .

هەڵبەت تاماوەیەکیش لەمەوبەر ، بەژمارە ، جەماوەری ئەم بیروبۆچوونە نەزۆکە زێتر و ڕێبەران و لایەنگرانی چالاکتر و لەبلەباتر و ڕێکخراوانیان تۆکمەترو خەریکتر بوون ، لێ هێدی هێدی وا ژمارەیان لەکزیی دەدات و بیر و بۆچوونیان هێواش هێواش عەمارەپۆ دەبێت و دەپوێت . تایبەت پاش ڕمانی " قەڵاتی قایمی گەلان " و ئاشبەتاڵی بیری مارکسیزم و دارمان و هەرەسی زەمینەی فیکرییان ، ئەوەتا گەلەک لە کۆنە لایەنگرانیان پشتیان تێکردوون و ڕوویان لێوەرگێڕاون .

### کەی و چۆن ئەم ڕێبازە سەریهەڵدا ؟ :

تەمەنی ئەم ڕێبازە خۆی لەخۆیدا هێندە نییە و دەگەڵ پەیدابوونی مۆدە و باوی بیری بەنێو پێشکەوتنخوازانەدا و گۆڕینی ژ. ک بۆ پارتی دیموکراتدا سەریهەڵدا . بەقەناعەت و باوەڕی من ، لەتەک برێک هۆکاری گرنگی دیکەدا ، دوو سەردەمی جوداواز و دووهۆکاری دەرەکی جووتبەند و پێکەلپێکی یەکدی ، کایەیەکی گرنگیان لە فریشکخستنی عەقڵ و لە جێبردن و لە گۆخستن و جەماندنی هۆشە سیاسییە هەرزەکارانەکەی کورد دا دیت :

١ـ دامەزراندنی پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان ، وەکی پارتی کۆمۆنیستی سوریا و تورکیا و

عێراق و توودەی ئێران ، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی گرنگ :

ا. ئەو پارتانە لەسەر ئاستی سنووری سیاسی دەوڵەتان دروستبوون و بەپێی بنەماکانی دەوڵەت مامەڵەیان دەکرد . واتە پارتی دەوڵەتان بوون ، نەک میللەتان، بۆیە خەونی سەوز و سووریان بە ڕێبەرایەتی و نوێنەرایەتی و پێشڕەوایەتی چینی کرێکار و ڕەش وڕووتی گشت میللەتانی ئەو دەوڵەتانەوە دەدیت . سنووری جوداکەرەوە و دابڕاندن لەکن ئەو پارتانە ، تخووبە چینایەتییەکە بوو ، نەک نەتەوەییەکە . بەڵگەش ئەوەیە لەهیچ جێیەکی ئەم جیهانەدا ( جگە لەفەلەستین ) پارتێکی کۆمۆنیستی میللەتێکی بێ دەوڵەت نابینین . دیارە ئەویش حاڵەتێکی بیژۆکە و ( لەتەک گەلەک هۆکاری دیکەدا ) ، پاش ئەوەی ئاشکرا بوو ، سەرەڕای ئەو کەشە دیمۆکراسییەی یاسای پاڵاوتن و هەڵبژاردن لە ئیسرائیلدا بنیاتی نــاوە ، ڕاکاح ، واتە ( پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیل) بەهەردوک باڵی عارەب و جوویەوە ، بڕی گەیشتنە پارلەمان و دەستەڵاتگرتنەدەست ناکات ، ئەوجا پارتێکی کۆمۆنیستی فەلەستینی دامەزرێندرا .

ب ـ ئەو پارتە کۆمۆنیستانە لە لێکجودابوونەوەی میللەتانی هەر وڵاتێکدا، بەرلەهەرشت ، هەڵتەکاندنی شیرازەی ڕێکخستن و داتەپاندن و دارماندنی ئۆلکەی سیاسی خۆیان و لاوازبوون و کز و کەنەفتی دەستەڵاتی بێپێز و جەماوەری کەم بایەخ و بێهێزی خۆیان دەدیت . بۆیە لە شۆڤێنیستانی میللەتانی سەردەستە زێتر و شێلگیرتر دژی ئازادیی و فەراهەمکردنی مافی چارەنووسی ڕاستەقینەی میللەتانی مافخوراو و زۆرلێکراو بوون . ئەو پەژارە و دڵەڕاوکەیەیان ، بەتارای مەترسی لەلەتوکوتکردن و لاوازکردنی هێزی پرۆلیتاریای ئەو وڵاتانە دەڕازاندەوە ، با بڕێک لەو میللەتانە ( بۆ نموونە میللەتێکی چارەڕەشی وەک کورد ) ، هێشتا پرۆلیتاریاشی خەپەتۆڵە و هەراش نەبووبێت . لێ گەر بەرژەوەندیی ئینتەرناسیۆنالەی خۆیان خواستبای ، لەکەلەپاچەکردنی پرۆلیتاریای ڕاستەقینە و پێگەیشتووی بڕێک میللەتاندا ، چ زیان و مەترسییەکیان بۆ پەزەکانی خۆیان نەدەدیت ، وەکی لە کەرتکردنی ئەودەمی ئۆردووی پرۆلیتاریای گلاراوی میللەتی ئاڵەماندا ، یاخود کۆریا و ڤێتنامدا دیتمان .

ج ـ هەرچەندە بەسەرزارەکی و بۆ چاوبەستەکی ، جاڕی مافی چارەنووسی گەلانیان دەدا و بە دروشمی نەتەوەییانە ونیشتمانپەروەرانە گێژ و وەڕستیان دەکردین ، لێ لەڕاستیدا زێتر ڕووپاماڵی بوو بۆ میللەتانی سەردەستە و دەستەڵاتدار و بۆ فریودان و لەخشتەبردن و فرۆختی ڕۆژبوو ، دەنا ئەوان داخوازیی مافی میللی و بەهۆشهاتنەوەی هەستی نەتەوایەتییان بە دیاردەیەکی بەدفەساڵی ، پایزەتەمەنی شەمزاوی بۆرژوا دەزانی .

هەربۆنموونە ئەو شیوەن و واوەیلایەی کۆمۆنیستان خۆیان بۆ ژانی کوتکوتی و سوێی لەتلەتیی نەتەوەی عارەب دەیانکرد ، هەر کوردێکی خاکەسەر بۆ میللەتەکەی خۆی کردبای ، بە شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرست و وەلەکە بۆرژوا و دژەئینتەرناسیۆنال و کرێگرتەی ئیمپریال بەدنێویان دەکرد .

( بڕوانە بەیاننامەکەی ئێوەڕاستی ئەیلوولی ١٩٦٤ ی کۆمۆنیستی عێراق ، کــــە لە ڕەگەزپەرستێکی عارەب دڵگەرمانەتر داوا لەگەلی عێراق دەکات بۆ ( وحدة ) و ( حریه ) و ( اشتراکیه ) خەبات بکەن ، یانی بۆ دروشمە سێکوچکەکەی بەعس ) .

( یاخود بڕوانە دەقی گوتەکەی کۆمۆنیستێکی زڕەکوردی وەک خالید بەگداش ، لەحەوتەمین کۆنگرەی ئومەمی

شیوعیدا کە وەک سەرۆکی وەفدی شیوعییە عارەبەکان بەشدارییدەکات و دەفەرموێت : " وولاتە عارەبەکان کە زێتر لە ٦٠ ملوێن عـاربـیـان لێـدەژین ، بە تۆپزی و نارەوا بەسـەر زێتـر لە دوازدە دەولەتدا بەشکراون و هێـزە ئیمپریالیستەکان دەستیان بەسەرداگرتوون . سەرەڕای باری ناهەمواری ئەو لەتوکوتییەش ، هێشتا پەیوەندییە نەتەوەییەکە ، داب و نەریتی هاوبەش و یەک خاکی هاوبەش ، ئەو وولاتانەی توند پێکەوە گرێداوە " . ( ٣ )

دە هەر ئە خالید بەگداشە پێشکەوتنخوازە ، گەر کوردێک تەنها داوای ئەوەی کردبا وەک مرۆڤ مامەلە بکرێت و نەتۆێندرێتەوە ، دەمودەست بە خۆفرۆش و بەکرێگیراوی ئیمپریالیزم زیرەی لە ڕۆحی هەلدەستاند.

د ـ لەبەر ڕۆشنایی تیئۆرییە سەقەتەکانی ستالین دا ، پارتە کۆمۆنیستەکان خەسلەتی میللەتێکی خاوەن سیمای نەتەوەییانەیان لە کورد دادەڕنی و مافی بڕیاری چارەنووسیان پێ ڕەوا نەدەدیت . چونکە بە بۆچوونی ستالین ، لەتەک کولتوور و خاک و مێژوویەکی هاوبەشدا ، ئابورییەکی هاوبەشی تۆکمە و یەکگرتووش ، یەکێک لەمەرجەکان و پێویستییە بنەڕەتییەکانی بوونە نەتەوە پێکدەهێنێت . ( ٤ )

سەیر ئەوەیە ئەم مەرجە چەندە بۆ کورد وورد دەکرایەوە و لە حسێبەکاندا تێدەخوێندرایەوە ، صەد هێندە بۆ نەتەوەیەکی سەردەستەی کوتکوتکراو و ئابووری دابڕاو و لێکترازاوی وەکی عارەب ، درشتدەکرایەوە و بەدەست و دلفراوانییەوە لە بایەخ و نرخی دادەقەپێندرا و کەمدەکرایەوە.

٢ـ بەداگیرکردنی پشکێکی کوردستانی خۆرهالات لەلایەن ئۆردووی سوورەوە و هەلبڕین و ڕەدوونانی ئەرتەشی رووڕەشی پەهلەوی و فەراهەمکردنی ئازادیی کار و چالاکی سیاسی لە نێوچەکانی ژێردەستەی رووسدا و پاشانیش دامەزراندنی کۆمارە جوانەمەرگەکە بە ڕازیبوونی ڕووس ، گوتەی کۆمۆنیستان ڕەواجی پەیداکرد و قسەیان تەواو تەواو سوار و زالبوو . تایبەت چونکە کورد لە ئینگلیزی دایکەدزانەی ئیمپریالیزم و لەو تاوانە شەرمهێنەرانەی لە خوارووی کوردستاندا دەیکرد ، هێجگار جاڕس و بێزار و پڕ بوو ، ئامادەبوو هانا بۆ ئەهریمەنیش بەرێت ، تا لەشەبەنگی شوومی ئینگلیز قوتاری بێت .

دیارەکوردیش هێند داپلۆسێندراوە و هێند سەر و پۆتەلاکی کوتراوەتەوە و هێند گێژ و سەرکوێرکراوە ، هەرچی جارێک ڕوویەکی خۆشی بداتێ ، ئیدی لەکنی دەبێتە ( فریشتەی ئازادیی ) و کلیلی عەقلی خۆی لەمستی دەنێت جگەلەوە ، کۆمۆنیستان وەستا و شارەزا و کارامەیەکی چاک و بێوێنەی بواری واتەوات و پڕوپاگانتەبوون . قەت باسی ژیانی کولەمەرگی و ئازاری برسێتی و تالاوی ژێردەستیی و ژانی کۆیلەیەتی میللەتانی بەدبەختکراو و زێد و هۆش تالانکراوی نێوخولگەی سۆڤیەتیان نەدەکرد ، بەلکە مژدە و بەلێنی بێ گومرگی بەهەشتێکی بەرین و پاشەڕۆژێکی شیرنیان بە میللەتان دەدا ، بانگی هەوانتەی ( نیشتمانێکی سەربەست و میللەتێکی بەختیار ) یان بەگوێی گەلاندا هەلدەدا . ڕایاندەگەیاند کە گوایە ئەو نەتەوانە لەمێژە لەژێر ڕەشمالی ئۆتۆنۆمیدا بە پەژێری ئازادیی شادبوون و بەری ڕەنجی خۆیان دەخۆن .

٣ ـ پاش صەدان شۆڕش و هەرەس ، صەدان ڕاپەڕین و ئاشبەتال و سەپاندنی سنووری داپێدانراوی نێودەولەتیی ، قاشکەری جەستە و هەناوی کوردستان ، ئیدی گێچی وورەی سیاسەتبازانی ، هێدی هێدی داکشا و لەنزمیی دا و هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕزگاریی و سەربەخۆیی ئامانجێکی دوورەدەستەو تەمەن بواری پێگەیشتنی نادات ، بۆیە

ئەو ڕێگە دوورە بە ئۆتۆنۆمی قەدبڕکرا .

گۆڕینی ژ . ک بۆ حیزبی دێمۆکرات :

بەباوەڕی من ، گۆڕینی ژ . ک بۆ پارتی دێمۆکرات ، نەک تەنها گۆڕینێکی ئاسایی نێوی حیزبێک نەبوو بە نێوێکی دی و شەقاو هەڵنانێک نەبوو بەرەو پێش و مۆدێرنکردن و نوێکردنەوەی سیما و جەوهەری بزووتنەوەکە نەبوو ، بەڵکە وەرچەرخانێک بوو بەرەو پاشەوەو سەرەتای کۆتایی و نابووتبوونی سەرمایەی فیکری و پووتکردنەوەی نێوەڕۆکی مەسەلەکە و ئاگربەردانێک بوو لە مەڵۆ و شارای خەرمانی خەباتی دەیان وەچەی گیانبەختکەری ، ئازادیخوازی ، بەئاوات نەگەیشتوو . دەانان بوو بەتاوان و کاری نارەوای سنووری دەستکرد و لێکدابڕانی خاک و نەتەوەیەکدا ، هەڵکوڕمان بوو لەسەر میراتی بۆگەنی ئیمپریالیزم و سەرنەوەرکردن و چەمینەوە بوو لە ئاست خواست و بڕیاری گەندەڵ و گڵاویدا .

" ئەمە یەکەم نوختەی گۆڕانێکی نێگەتیڤ و ناپەسەندبوو لە مێژووی بزووتنەوەی سیاسی و چەکدارانەی نەتەوەی کورد دا ، چونکە بۆ یەکەمینجار پەردەی بەسەر داوای ڕەواو سروشتیی مافی چارەنووسی کورد دا دادایەوە و کردیە بناغەیەکیش بۆ ئەو حیزب و دەستە و کۆمەڵانەی پاش هەرەسی کۆمارە جوانەمەرگەکە هاتنە کۆڕی خەباتەوە " . ( ٥ )
ئەو یادانەوەیەمان لە بەراوردێکی سەرپێیی پرۆگرام و داخوازیی هەردوک حیزبەکەدا بۆ دەردەکەوێت : هەر بۆنموونە لەو یاداشتەدا ، کە کۆمەڵە بە ( خەلیل فەهمی ) وەزیری ڕاوێژکەری حوکومەتی تارانی داوە ، دەڵێت : " ..... بەڵام کۆمەڵەکەمان ، ژ . ک ، بڕوای تەواوی هەیە بەوە کە هەقی دواڕۆژدانان ، مافێکی ئاسایی سروشتییە بۆ هەموو نەتەوەیەک . لەبەر ئەوە پێویستە دوای کۆتایی شەڕی جیهانگیری دووهەم ، لەم لایەنەوە گفتوگۆ بکرێت ، وە هیچ گومانی تێدانییە کە کورد خۆی دواڕۆژی خۆی دائەنێ ...... " .
وەلێ حیزبی دێموکرات هەر لەیەکەمین بەیاننامەیەوە ، لە ئۆگوستی ١٩٤٥ دا ، دەنووسێت : بە تەنیا بەهۆی ئەم حیزبەوە ، گەلی کورد ئەتوانێ لەنێو سنووری دەوڵەتی ئێراندا ، خودموختاری خۆی وەدەست بخات " . ( ٦ )
پێموایە نموونەی زێتر پێویست نەبن ، مەسەلەکە هێند روونە ، پێویست بەبەڵگەی دی ناکات . لە پرۆگرامی ژ . ک دا ، باس هەر باسی مافی چارەنووس و سەربەخۆییە ، لێ لە پرۆگرامی دێموکراتدا هەرچی مافی چارەنووس و سەربەخۆییە دەسڕدرێتەوە و مەسەلەی گرنگ دەبێتە ئۆتۆنۆمی . ( ٧ )
دیارە هاندەر و دنەدەری یەکەمی ئەو قەواڵە بەگەواڵەیە ، سۆڤیەتی قەڵاتی قایمی گەلان و پارتە کۆمۆنیستە وابەستەکانی نێوچەکە بوون . کوردو ئازەری کرانە چەشەی سەر تەڵەی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت و بەداخەوە تەڵەکەشیان پووچ تەقی .
پێشهاتەکان وا پێشاندەدەن ، کە ئەو گۆڕانکارییە دزێو و بەدفەڕە ، بەفیت و ئاوات و خواستی ئەوان بووە ، ئا بەم بەڵگانە :
١- پاش سەفەری یەکەمی وەفدە کوردییەکە بۆ باکۆ لە ئۆگوستی ١٩٤٥ دا ، یەکەمین بەیاننامەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بڵاودەکرێتەوە و باسی مافی چارەنووسی لێدەسڕدرێتەوە .

٢. پاش دووهەمین سەفەری وەفدەکە بۆ باکۆ ، یەکەمین کۆنگرەی پارتی دیمۆکرات دەگیرێت . هەرچی بۆنی مافی چارەنووسی لێبێت ، دەسڕدرێتەوە و خودموختاری لە جێگە دەنرێت .

٣. وەک پێشتر گوتمان ، کۆمۆنیستان و لایەنگرانی سۆڤیەت ، هەمیشە بانگاشەی ئەوەیان دەکرد ، کە گوایە چارەوچارەسەری کێشەی میللەتان و کەمەنەتەوەییەکان لە وڵاتانی سۆسیالیستی ڕاستەقینەدا ، بێ وێنە و بێ هاوتان ، نەتەوەمەزنەکانی ئەو وڵاتانە کۆماری ئازاد و سەربەخۆی خۆیان هەیە و کەمەنەتەوەییەکانیش خودموختاری . دیارە بەپێی پێناسەکەی ستالین ، کورد کەمەنەتەوەیە ، چونکە وڵاتەکەی کوتکوتکراوە و ئابووریی هاوبەشی نییە ، لەبەرئەوە لە ئۆتۆنۆمی زێتری ناکەوێت .

٤. نێوەکە ، ( پارتی دیمۆکرات ) ، خۆی خۆی لەقاوەدەدات کە دەمامکی دیمۆکراتییەکی خواستراوە ، لەسەرکێشی ( فیرقەی دیمۆکرات ) هەموو ڕێکخراوە کۆمۆنیستییە دیمۆکراتییە نادیمۆکراتییەکان دارێژراوە . سا بۆیە لە کتێبی ( سۆڤییەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد ) دا ئەو زوخاوەم هەڵڕشتووە و نووسیومە :

"........... بیری کۆمۆنیستی ، یەکەم بیرێکە کە بەنێوی دۆستایەتییەوە ، دەستی تەسلیمبوونی بە کورد هەڵبڕیوە و بەند و باوی عێراقێتی و ئێرانێتی و سوریایەتی و تورکیایەتی کوردی داهێناوە ، ئەوەی چەندین ساڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەرەنسی بە زۆر و گوشارخستنەسەر بۆیان نەچەسپی ، ئەمان بە خشکەیی بەنێوی دۆستەوە پیادەیانکرد و حیزبە بۆرژواکانی کوردیان پێ دەستەمۆکرد ........ " . ( ٨ )

زیانەکانی پەژیوانبوونەوە لە لێژنەی سەربەخۆییەوە بەرەو گێژەنی ئۆتۆنۆمی :

ئەو وەرچەرخانە نابەکامە بێئاکامە ، ئەم زیانانەی بەدەمەوەبوو :

١. کێشەکەی لە کێشەیەکی ڕەوای گەورەترین میللەتی بێ دەوڵەتی لەتوکوتکراو و زۆرلێکراوی ئەم تۆپی زەوییەوە ، کردە کێشەی نێوخۆیی چەند کەمە نەتەوەیەکی لێکدابڕاو ، دەگەڵ هەریەکێک لەو وڵاتە خوێنڕێژە پرتاوانانەدا . بەوە مافی ڕەوای کورد لە قولینچکی مەسەلەیەکی لاوەکی و کێشەیەکی بێبڕشت ترێنجێندرا . دیارە بەوە گورو تین و تاوی مەسەلەکە کزدەبێتەوە و هەق دەداتە دەست داگیرکەران ، لەژێرپەردەی بەرژەوەندیی گشتیی و پاریزگاریی یەکپارچەیی خاکی وڵات و ئەرکی نیشتمانییدا ، چەردەیەک تاوان بکەن و نووزەمان لێببڕن و کەسیش مافی ئەوەی نەکەوێت ، خۆی لەکێشەی نێوخۆیی ئەو وڵاتە سەرکوتکەرانە هەڵقورتێنێت و لەسەرمان وەدەنگ بێت .

٢. جەماوەری کوردی چەواشەکرد و زۆر لەمەسەلە بنەڕەتییەکەی دووریخستەوە. بەرێک لاباس و مەسەلۆچکەی دوور لە کێشە سەرەکییەکەیەوە خەریکی کرد ، کە نەکۆتایی بە کێشەکەی دەهێنێت و نە خواست و ئارەزووی سەربەستیی دەدەمێنێت و نە تینوێتی ئازادیخوازانەی دەشکێنێت .

٣. ڕەنگە جەماوەری تورک و عارەب و فارس بساکێنێت و نەهێڵێت تەواو لەمەسەلەی کوردبگەن . بارێکی دەروونیی وایان لەکن بخوڵقێت کە گوایە کورد وەک بەشێک لەو وڵاتانەی ئەوان ، جوداخوازە و زێدەڕەوییی و زێدەداوایی دەکات و کێشە و گێچەڵ بۆ ئەو گەلانە دەنێتەوە و دەبێتە لەمپەڕ و کۆسپ لەسەرەڕێگەی پێشکەوتن و سەرکەوتنیاندا و گشت جوڵاندنەوەیەکی بە چەشنێک لەداو و تەونی پیلان و گزیی ئیمپریالیزم تێبگەن .

پرسیارێکی گرنگ :
دڵنیام ئێستاکە کەسانێک هەن ، بیر لەمەسەلەکە دەکەنەوە و دەڵێن : پرسیاری گرنگ ئەوەیە : داخۆ خۆمان چمان پێدەکرێت ، نەک چمان دەوێت ؟
منیش دەگەڵدام و پێموایە وەرامی ئەو پرسیارە سەری گلۆڵەی مەبەستمان دەداتە دەست .
دەمەوانەی پریاسکەی مەبەست بەچەند پرسیارێک دەکەمەوە و هەوڵدەدەم لەبەرەوە وەرامێکی شیاو و گونجاو پێشچاوبخەم :
١ـ داخۆ کورد لەسەر ئەو خاکە مێوانە ، یاخود خانەخوێ و خاوەنماڵ ؟
داخۆ کورد و کوردستان لەو نێوچەیەدا کۆنتر و دێرینترن یاخود میللەتان و وڵاتانی داگیرکەری ؟
٢ـ ئایا بۆچ لەنێو ئەو هەموو میللەتانەی خۆرهەڵاتدا ، تەنها کورد بەو دەردەبراو لە مافی چارەنووسی خۆی بێبەشکرا و خاکەکەی ئاوها شەق و پەقکرا و دامەزراندنی دەوڵەتۆچکەیەکی لەهیچ کوتێکی وێرانەکەیدا پێڕوانەدیترا ؟
٣ـ ئایا ئۆتۆنۆمی ( یاخود فیدرالیش ) باشترین چارەسەرە ، یاخود ڕزگاری و سەربەخۆیی ؟ داخۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ، داوایەکی ڕەوایە ، یاخود جوداخوازییە و گێرەشێوێنی ؟ داخۆ هیچ پشتگیرییەکی یاسایی نێودەوڵەتان ، پاڵپشتی ئاوها داخوازییەکە ؟
٤ـ ئایا دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد ، شێوای هاتنەدییە ؟ داخۆ توێشووی ئیدیۆلۆژیی و دار و پەردووی سیاسی و کەرەسەی ڕێکخراوەیی و مرۆیی هێنانەدی ئەو ئاواتەمان هەیە ؟
٥ـ ئایا هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی دیمۆکراسی ، لەوڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا ، بەو دار و پەردووەی ئەورۆکەیانەوە خەون و خەیاڵ و وڕێنەی سیاسی نییە ؟ داخۆ پاڵەوانانی پاڵێوراوی ئەو دۆرگە دیمۆکراسیانەی جەرگەی دێرینترین و بەتەمەنترین کیشوەرانی دیکتاتۆرێتی و ملهوڕین ، کامانەن ؟
داخۆ مەرجە بەهاتنەکایەی ڕژێمێکی دیمۆکراسی ، ئیدی کێشەی نەتەوایەتیمان چارەسەربکرێت و بەمافی چارەنووسی خۆمان شادبین ؟

بەرکورتێکی مێژوویی :
( هەرکات خواستت لەکێشەیەکی گرنگ بکۆڵییەوە ، بگەڕێوە سەر بنەچە مێژووییەکەی ، تابتوانیت ئاکامێکی زانستانەی خەملیو بەدەستبهێنیت ) .
بەرلەوەی خۆمان بەراوردووەوە هەڵبنێین ، گەرەکمە ئەو ڕاستییەتاڵە ڕاگەیەنم و ڕەپ وڕەوان بڵێم : هەرچی مێژووی گەشی ئەم جیهانە هەیە ، مولکی ئێمە بێت ، یەک پرووش تروسکایی پێناخرێتە نێو شەوەزەنگی ئەنگوستەچاوی باری دیلێتی و ژێردەستەیی ئەورۆمانەوە .
پیرەمێژووی جیهان بۆماندەگێڕێتەوە ، کە کورد یەکێکە لە دێرینترین و خۆڕاگرتووترین نەتەوەکانی خۆرهەڵاتی نێوەند ، لە ئاستی تۆفان و زریانی پرکینەی هەزاران ساڵەی صەدان داگیرکەر و چەندان ملهوڕ و خوندکاردا ، وەکی

کۆنەداربەڕووی کێوانی ، چنگی لەو خاک و خۆڵە گیرکردووە و ڕەپ و قیت وەستاوە ، گەر بڕەجارێکیش لەنگابێت ، نە نەویوە و دانەهێندراوەتەوە .

لە دێرینێکی زوودا بە ( کورت ) و ( کوردۆئین ) و ( کاردۆخی ) و ( کوتیۆ ) و ( گۆتۆ ) و ( کاش ) ناسراوە . لە کاتێکدا کە زۆربەی نەتەوەکانی دەوروبەری بە نیسبەت مێژووەوە هێندە نییە داباریونەتە نێوچەکە ، کورد لەسەردەمی کۆچ و ڕەوی هیندۆئێرانییەکانەوە لەونێوچەیە گیرساوەتەوە و ئەوەتەی هەیە لەسەر ئەم خاکەی ئێستای ژیاوە و سنووری وولاتەکەی لەمەی ئێستەکەی فراوانتربووە .

ڕەنگە کۆنترین بەڵگەی مێژوویی لەبارەی کوردەوە ، ئەو تاشەبەردە نوسراوەی سۆمەرییەکان بێت ، کە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵێک بەر لە لەدایکبوونی عیساو باسی وولاتی کاردایەکان دەکات . بەڵگەنامەیەکی سۆمەری دیکە ، کە دەگەڕێتەوە بۆ دووهەزارساڵێک بەر لەعیسا ، ئەوە دەردەخات کە کورد لەودەمەدا دانیشتووی ئەو ئاقارەبووە . باسی شەڕوشۆڕی پاشای سۆمەری تیگلات پیلەسەر دەگەڵ کورتی یەکاندا دەکات .

زۆربەی زاناکان سوورن لەسەرئەوەی کە کورد لە زاروزێچی مادەکان کەوتوونەوە و خاوەنی ئیمپراتۆرێتێکی گەورەبوون و پێتەختیان ( ئاکبەتان ) ، هەمەدانی ئێستابووە . ئیمپراتۆرێتی ماد ساڵی ٦١٢ ی بەرلەزایین دامەزراوە ، کەئەمە بەسەرەتای ساڵنامەی کوردی دادەنرێت . فارسەکان لە ساڵی ٥٥٠ ی پێش زایندا ، توانییان لەسەردەستی ( کۆرش ) دا ، ئیمپراتۆرێتی ماد هەڵتەکێنن و خۆیان فەرمانڕەوایی نێوچەکە بگرنەدەست . گەرئەم زانییاریانە ڕاست بن ، ( کە لە کن بڕێک زانا جێگەی گومانێکی زۆرن ) ، ئیدی لەودەمەوە کورد دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکگرتووی بەخۆوە نەدیتووە ، لێ تەسلیمی قەدەریش نەبووە ، بەڵکە شۆلاوگەیەکی خوێنینی دوورو درێژی بەسەر رووپەڕی لاپەڕەکانی مێژووی خۆی و داگیرکەرانیدا ڕاکێشاوە و بەردەوام دەگەڵ مردندا دەستە و ئێخە وەستاوەتەوە . گەلەک داگیرکەری وەکی ڕۆمانی و ویناکان ، ڕوویان لەکوردستان کردووە ، کاتێکیش لووتیان بەکێوی وورە و ئازایەتی کورد دا تەقیوەتەوە ، ناچارانە پاشەکشەیانکردووە و کەوڵی خۆیان قوتارکردووە . ئەوە ( گەزنەفۆن ) ی ویناکانی لە کتێبە نێودارەکەی (ئەناباسیس ) دا ، ڕەپ و ڕەوان دان بەو ڕاستییەدا دەنێت .

کوردەکان لەڕووی ئاینییەوە لەسەر دینی زەردەشتی بوون . هەتا بڕێک زانا ، ووشەی کرمانج دەگێڕنەوە بۆ سەر ووشەی ( کورماژ ) یا ( کوڕماژ ) ، کە گوایە بە واتای بنئامۆزاکانی زەردەشت دێت و لەووشەکانی ( کوڕ ) و ( ماژ ) پێکدێت . ماژەکان بە ئامۆزاکانی زەردەشت گوتراوە .

کاتێک ئاینی ئیسلام هاتە نێوانەوە و پەل و پۆی داگیرکەرانەی هاویشت ، ئیدی هەر لە ساڵی ٦٤٠ی زایینییەوە گەلە لەشکریان ڕوویان کردە کوردستان . ( ابن الاثیر ) لە ( الكامل فی التاریخ ) دا ، ب٢ ، ل١٦ ، ( الشیخ محمد خضری بێگ) یش لە کتێبی ( تاریخ الامم الاسلامیە ) دا ، باسی یەکەمین ئەنفال و ڕادەی خوێنڕێژیی و درندەیی لەشکری داگیرکەری موسوڵمانانمان ئاوها بۆ دەگێڕنەوە :

( لقد سلط بعض قادة عمر بن خطاب ، ٦٣٤-٦٤٤م ، کعزرة بن قیس و عتبە بن فرقد و قیس بن سلمە الاشجعی ، الحرق و الغرق علی سکان شهرزور ) . واتە ( بڕێک لە فەرماندەکانی عومەری کوڕی خەتتاب ، خەڵکی شارەزووریان لە خوێن و خۆڵەمێش وەردا) .

ئیدی چ لەسەردەمی ئەمەوی و عەبباسییەکاندا بووبێت ، یاخود لەسەردەمی صەفەوی و تورکە مەغۆلەکاندا ، خێر و بێری ئەو هاوسێ و برا ئاینییانە هەر ئەنفالکردن و کوشتن و برین و قەلاچۆکردن بووە بۆ کورد . کورد یا کراوەتە نیشانە و پرزۆڵەی بەردەم سەرەنێزە و گوللەتۆپی سەربازانی ، یا کراوەتە کەوڵسووری بەرلەشکری وگوللەبەند و قەڵغانی تافی جەنگ ودەمەدەمی هێرش و هەڵمەتبردن ، لە شەرێکدا کە هیچ گاوگۆتاڵێکی ئەوی تێدانەبووە .
بەهەرحاڵ باشتر وایە لەکورتی بیبڕینەوە و بڵێین : ئیدی لەو ڕۆژەوە تا دەگاتە ئەورۆ ، ئەمە باری کورد بووە و هەمان ئەو پەتپەتییەی پێکراوە ، ئەداگیرکەرانی دەستیان لە خوێنڕێژیی و درندەیی هەڵگرتووە ، نە کوردەکەش پەند و عیبرەتی لە مێژوو وەرگرتووە . سەرتاسەری مێژووەکەی زنجیرەیەک مەرگەسات و کارەسات و هەڵە و پەڵەی نەپساوەیە . بەردەوام لە شۆڕش و ڕاپەڕیندا بووە ، شۆڕش لەدووی شۆڕش ، وەلێ شۆڕشی پچڕپچڕ و لێکدابڕاو و تەریک ؛ شۆڕش لەپێناوی هەرەس و ئاشبەتاڵدا ، لەم شۆڕشەوە بۆ ئەو هەرەس ، لەم هەرەسەوە بۆ شۆڕش و ئاشبەتاڵێکی دی .
کەواتە مێژوو گەواهیی ئەوەمان بۆدەدات کە کورد غەوارە و مێوان نییە و یەکێکە لە دێرینترین میللەتەکانی ئەو ئاقارە و هەزاران ساڵە لە ئاشیانە و وێرانە ماڵی خۆیدا ، بەلارەملی و سەرکزیی ، بەرگریی لە خاک و مەفتەنی خۆی دەکات و نەچۆتە سەر خاکی کەس و چاوی تەماعی لە کەلاک و خاکی کەس نەبڕیوە ، ناشیەوێت کەس بێتەسەرخاکی و وڵاتی خاپوور و تاڵانکات . وەک مامۆستای هێژا و سەروەرم ، کاک مەسعود محەمەد دەفەرموێت : " کورد لەحاڵ و بارێکدا نەبووە ، دەستدرێژیی لێبوەشێتەوە ، ئەوەی تێڵای کوردی بەرکەوتبێت ، بەپێی خۆی هاتۆتە بەر تێڵاکەی " . ( ۹ )
بۆچ لەنێو ئەو هەموو میللەتانەی خۆرهەڵاتدا تەنها میللەتی کورد ئابەو دەردەبراو لەمافی چارەنووسی بێبەشکرا ؟
نووسەری هێژای تورک سمایل بێشکچی ، برێک وەرامی بەجێی بۆ ئەو پرسیارە دۆزیوەتەوە و لەو ڕووەوە دەفەرموێت:
" ئەو نەتەوەیەی دەکەوێتە بەر تاوی سیاسەتی کوتیکە و کۆتیکە وە ، دەبێت بۆخۆی لاوازیی و کەموکوورییەکی هەبێت . هەڵبەت هەڵقەی هەرەلاوازی کورد لەوەدەمەدا ، پێکهاتی کۆمەڵگەی کوردەواریی خۆی بووە ، کە هاوکێشی و هاوتایی سیاسی نێوخۆ و دەرەوەی دالەنگاندووە و ڕێگەی بۆ وەها چارەنووسێکی تاڵ خۆشکردووە . هەمان ئەو هەڵقە لاوازە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و مەترسییەکەی هێشتا هەر نەڕەویوەتەوە ، گەر بەزوویی بەربەست و چارەسەرنەکرێت ، ڕەنگە ئاکام و سەرئەنجامەکەی گەلەک زیانبەخشبێت .
دیارە بارە جوگرافی و پەیوەندییە خێڵەکی و ئاژەڵدارییەکەش لەیادناکات ، بارە جوگرافییەکە تەنها دەستەڵاتی کزۆڵەی مەڵبەندییان سەپاندووە و پەیوەندییە خێڵەکی و ئاژاڵدارییەکەش ڕێگەی نەداوە هیچ بنەمایەکی ئابووری گەشەکردوو بێتەکایەوە ". ( ۱۰ ) ئەحمەدی خانی ، ناتەبایی و پەرتپەرتی و نەبوونی سەرکردەیەکی بەتوانا و دابەشبوونی کوردستان لەنێوان دەوڵەتی وەسمانلی و صەفەویدا و دانەپاڵ هەردوو ئاینزاکە بە هۆکاری لاوازیی دەزانێت .
ئەفسەری رووسی پ . ئاڤەریانۆف ، کزیی هەست و هۆشی نەتەوایەتی کورد بە هۆکار دادەنێت . هەستی نەتەوایەتی

کورد تەنها هێندەی پێکراوە کە میللەتەکە لە تواندنەوە بپارێزێت ، لێ نەگەیشتۆتە ئەو رادە و پلەیەی بیگەیەنێتە کەنار و رۆخی ئازادیی .

نەبوونی ساباتێکی ئیدیۆلۆژیی کە کورد پێکەوە بلکێنێت و لەژێر سایەو سێبەری خۆیدا کۆیانکاتەوە :
بەبڕوای من هەر لەدێر زەمانەوە ، صەدان ساڵ بەرلەپەیدابوونی حیزب و داو و دەزگەی سیاسی ، تا رۆژی ئەورۆش ، ( ئاین ) ئامرازێکی سیاسی و کوانوویەکی ئیدیۆلۆژیی جەماوەرهەژێن بووە ، ( لەراستیدا هەرچەندە کورد بەزۆر و بەهێزی سەرەنێزە کراوەتە موسڵمان ، لێ هێدی هێدی ئاینەکەی لێبۆتە واقعێکی سەپاو و ملی بۆداوە ، بەڵام وەک برێک میللەتی دی ، قەت هۆش و گۆشی ئەوەی نەبووە ئاینەکە بکاتە ئامرازی گەیشتنە ئامانجی ، وەکی تورکە مەغۆلەکان ئاینزای سوننییان بۆ خۆ برد و بە دەهۆبازی ، خەلافەتیان لەچنگی عارەبان دەرکێشا ، فارسیش ئاینزای شیعە . کورد وەک ئەوەی پێنەکراوە ، نەشیتوانیوە دەست بەیەکێک لەئاینە کۆنەکانی خۆیەوە بگرێت ،ئیدی زەردەشتیتیبێت ، یاخود ئێزیدی و کاکەیی ، یاخود ئاینزای کوردێنراوی حەقەیی و بیکاتە رێباز و رێرەو و ئیدیۆلۆژیی خۆیی و فاکتەری یەکخەر و ئەو رەشماڵەی گشت کورد لەژێر سایەو ساباتی خۆیدا خرەوەکات . بۆ نموونە تاقە سەرمایەی لەنرخ نەهاتووی دەستی جوولەکە ، ئاینەکەیەتی ، لەتەک مەرگەساتی هاوبەش و ئەو زوڵمە زۆرەی بەردەوام لێیانکراوە ، تاکە فاکتەری هاوبەشە کە پێکیانەوە دەلکێنێت. ئەوانیش ژێرانە قۆستوویانەوە و کردوویانە ئیدیۆلۆژی و ئامراز و دەستکەلای بیر و مەبەستی خۆیان و تارای بزووتنەوەیەکی نەتەوەییانەیان تێوەئاڵاندووە . کاڵفامی کورد و شەیدایی بۆ بیری ئاوەکی و مەیل و ئارەزووی بێگانەپەرستی و هەستی پەستی تیرەگەری و خێڵایەتی و هەرکەس بۆخۆیی ، دەرفەتی ئەوەی لە هەستی نەتەوایەتی بڕیوە ، وەک پێویست گەشە و نەشونما بکات و ببێتە بیرو ئیدیۆلۆژییەکی جەماوەرهەژێنی ریزیەکخەر .
بارە جیۆپۆلیتیکەکەی کورد و رژێمێکی دیمۆکراسی :
بڕووبیانووی ئەو رچە و رێبازە و تاکەتاکەی رێبەران و لایەنگرانی ، کە بارە جیۆپۆلیتیکەکەی کورد تەنها ئۆتۆنۆمی بەبەرەوەیە و بواری لەوە زێتر نادات ، ئەوەیش گوایە بەهاتنە سەرکاری رژێمێکی دیمۆکراسی وەدی دێت ، دەتوانرێت بەم بەڵگانە بەرپەرچ بدرێنەوە و هەڵتەکێندرێن :
١ـ دیارە دەبێت لێرەدا زۆر راستگۆیانە و واقیعبینانە و بەوپەڕی دڵفراوانی و ویژدانێکی ئاسوودەوە ، ئەو بیانووەیان لێبسەلمێنین ، چونکە بەراستی بارە جیۆپۆلیتیکەکەی کورد و بارە سیاسییەکەی نێوچەکە و جیهان ، لەبەرژەوەندیی کورد نییە و هێجگار سەخت و ئەژنۆشکێنە ، وەلێ :
ا. صەد خۆزیا و هەزاربریا ، ئا ئەو مامۆستا پیتۆڵ و ژیر و دووربین و هێجگار بەتەنگەوەهاتووانە ، وەک بۆخواست و داخوازیی مافەرەواکانی کورد هێند هورد و پراوپڕ و زێد لەپێویست ئا ئەو حاڵ و بارە مەترسیدار و دژوارە تێدەخوێننەوە ، لەنەبەردی شەڕی کوردکوژی و سەروسێبەری یەکدی برینەوەشدا چکێکی ئائەوە ئەو زەنگی خەتەرە بەهۆشی دەهێنانەوە و دەستی لە زۆر کاری نارەوا پێدەگێرانەوە ، یاخود نیوەی ئائەوە بەتەنگەوەدەهاتن و مشووری کەرەسە و ئامرازی دارماندن و هەڵتەکاندن و داڕووشاندنی ئەو بارە لەقە سەپاوە نەگونجاوەیان دەخوارد و بایی

پێویست توێشەبەرەی دردان بەو مەرگەساتەیان ئامادەدەکرد . لێ مەخابن دەڵێیت قلپکردنەوەی بارە جیۆپۆلیتیکە سەخت و دژوارەکەی کورد ، هەموو شتی تەواوە و تەنها لەسەر شەڕی کوردکوژی و خۆکوژی پەکیکەوتووە .

ب ـ هەزارهێندەی دی خۆبڕەتێنین و سوێندبخۆین و بەڵێن بدەین ، کە لە خۆگەردانی و برابچووکی زێترمان ناوێت ، داگیرکەرانی کوردستان هەر بە جوداخواز و سەرەڕۆ و سەرکێش و زێدەڕەو تاوانبارمان دەکەن ، داواکردنی مافی حەیوانی و لەوانەکەمتریش ، لە پەشم و کینەی ڕژێمە دیکتاتۆرە داگیرکەرەکان و دلڕەشیی ڕەگەزپەرستانی میللەتانیان نامانپارێزێت و هیچ پاکانەیەکمان بۆ ناکات . کەم فارس هەن ، وەک ئەندامان و لایەنگیرانی کۆڕ و کۆمەڵەسیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات هێند خۆ بە ئێرانیی تۆخ بزانن و بەردەوام خۆی پێهەڵدەنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا لەکن زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنیش هەر ( مفسد فی المرز ) و ( تجزیئه طلب ) ن و پاکانەکانیان هیچ دادێکیان نادات .

ج ـ چەکێک نییە تایبەت دژی جوداخوازان و یەکێکی دی دژی ئۆتۆنۆمیخوازان بەکاربهێندرێت ، داوای ڕزگاریی و ئازادیشمان کردبا ، ئەوپەڕی ئەنفال دەکراین ، خۆ لەچەکی کیمیایی زێتریان نییە ، دەنا ئەویشیان تێدا تاقیدەکردینەوە .

د ـ لەسەروەختی جاددەی پاندا نەبێت ، سەرجەمی ژمارەی ئەندامانی هیچ یەکێک لە حیزبەکان ، ناگاتە دەهەزار نەفەر ، دەهەزار نەفەر لەچاو بیست و هێندە ملوێن کورد دا ، هەر هیچ نییە و بەهیچ کێشانە و پێوانەیەک بەشی هێندەناکات بڕیار دەربارەی چارەنووسی میللەتێک بدات .

داخۆ بە چ هەقێک خۆسەری ئاوها بڕیارێک دەدەن ؟ بەپێی کامە گەلپرسی بۆیان ڕوونبۆتەوە ئەو میللەتە لە لامەرکەزی و ئۆتۆنۆمی و خۆگەردانی و سەرگەردانی زێتری گەرەک نییە ؟

چۆن پاش ئەوهەموو نسکۆ و هەڵەنگووتن و شەڕی براکوژیی و ئاشبەتاڵ لەدووی ئاشبەتاڵانە ، ڕێگە بەخۆدەدەن هێشتا هەر ڕێبەر و چاوساغ و ڕێپێشاندەرین ؟ کێ گرەنتی ئەوەدەدات هەمدیسان لە کەندەڵانێکی دیکەمان ناهاوێژن ؟

ح ـ بۆچ بەتەنها حسێب بۆ هۆکارە دەرەکییاکان دەکەن و هۆکارە خۆییەکان ، ویستەی ئازادیخوزانەی زۆربەی میللەتەکە فەرامۆشدەکەن ؟

ئاشکرایە هەر میللەتێک ئارەزووی سەربەخۆیی هەبێت و تینووی ئازادیی بێت و ئامادەی قوربانیدان بێت لەو ڕێیەدا ، سەرکردە و ڕێبەر و پێشڕەو و ڕێبازێکی سیاسی کارامە و گونجاوی هەبێت ، دەتوانێت هەرچی هۆکارە دەرەکییەکانە بیانهێنێتەسەرچۆک و دەست لەملی ئاواتی پیرۆزی ئازادیخوازانەی بکات .

بەدڵنیاییەوە دەڵێم : کورد گشت ئەو مەرجانەی تێدایە ، دواییەکەیان نەبێت .

دەنا کامە میللەت هێندەی کورد ئامادەی قوربانیدان بووە و هێندە قوربانییداوەو خوێنی ڕژاوە ؟

با هەر بۆ پێکگرتن ، چەند نموونەیەک لەمێژووی کۆن و بەسەرچوو نا ، بەڵکە لەمێژووی بەچاوی خۆ دیتووی ئەوڕۆکەی جیهان بهێنینەوە و بە حاڵ و بارەکەی کوردی بگرین : دوێکە میللەتانی بالتیک ، ئێستلاند و لێتلاند و لیتوان ، سەرەڕای دڕندەیی و پڕهێزیی داگیرکەرەکەیان ، سەرەڕای سەختیی بارە جیۆپۆلیتیکەکەیان ،

سەرەڕای بەربەرەکانێی ئەمریکا و وولاتانی بەرژەوەندپەرستی ئەوروپا و سووربوونیان لەسەرمانەوە لەخولگەی سۆڤیەتدا ، تاکو جێپێی گەرباچۆف لەق نەبێت ، سەرەڕای بەربەرەکانێی بەشێکی دانیشتووان و خەباتیان بۆ مانەوە لە کۆشی مۆسکۆ دا ، هەر ویستەی ڕەوای ئازادیخوازانەی زۆربە سەرکەوت و چۆکیان بەگشت هۆکارە دەرەکییەکان دادا .

نموونەکەی دەستلێکبەردانی چیک و سلۆڤاکەکان بەڵگەیەکی دیکەیە ، گشت ئەوروپا و ئەمریکاشیان لەپشت ، گوتیان ئێمە دژی جودابوونەوەین ، وەرامی ئەوان ئەوەبوو کە خۆیان جودابوونەوەیان دەوێت و بۆخۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان دەدەن .

ئەوانە دوونموونەی زەقی ئائەم سەردەمەن ، کە نەخشەی سیاسی دەیان ساڵ سەپاوی ئەوروپایان تێکوپێکدا و کەسیش نەیتووانی دەستبهێنێتە ڕێگەیان . کەواتە ئێمە لەو گۆڕران و گۆڕانکارییانەی بەسەر جیهان و نێوچەکەدا هاتوون ، نەک هەر نەمانتوانیوە دەسکەوتی لێبچنینەوە و مەسەلەکە بخەینە سەر ئاستی کێشەیەکی نێودەوڵەتی ، بەڵکە بارە هەڵکەوتووەکەشمان لەباربردووە و نەزانانە مردارمانکردۆتەوە ، چونکە هۆکارە خۆییەکان پێبەپێی هۆکارە دەرەکییەکان هەنگاویان هەڵنەناوە .

بەبڕوای من ساڵی ١٩٩١ ، کاتی کۆڕەوەکە ، یەکێک بوو لەو دەرفەتانەی لە مێژووی پرمەرگەساتی کورد دا کەم هەڵکەوتووە و نەستەمە جارێکی دی هەڵکەوێتەوە ، بەمەرجێک کەسانێک ڕێبەربانایە ، کە هەست و هۆشی سیاسیان هەبایە و سەریان لەسیاسەت دەرکردبا و کۆنەچاڵیان تاقینەکردایەوەو ملیان بەداوی تەونی گفتوگۆی ساختەوە نەبایەو ، بەچوار تەرەماچ ، ئابڕووی خۆ و خوێنی بەناهەق ڕژاوی میللەتەکەیان تاڵانفرۆش نەکردبا.

٢ـ ژمارەیەکی زۆر پەیماننامەی نێودەوڵەتی ، مافی چارەنووسی میللەتان دەستەبەردەکەن ، وەکی پەیمانی ئەتلەنتیکی نێوان ( ڕۆزفلت ) و ( چەرچڵ ) ، کە پاشان ( ستالین ) یش لەکۆنگرەی ( یالتا ) دا پێیراژیبوو . کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ لە ١٩٤٥ دا و پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٩٤٨ دا ، کە بە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ ناسراوە ، ڕوون و ئاشکرا مافی دیاریکردنی چارەنووس بەگشت میللەتان ، ڕەوا دەبینێ.(١١)

کەواتە دەبایە کورد هەر لەسەرەتاوە ئەوانەی لەسەرکردبانایە ماڵ و توندتوند دەستی بە خواستی مافی چارەنووسەوە گرتبا و بڕیاری کۆتایی بۆ میللەتەکە هێشتبایەوە .

هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی دیمۆکراسی لەو وولاتانەدا :

داخۆ مەرجە بەهاتنەسەرکاری ڕژێمێکی دیمۆکراسی ، چارەی کێشەکەبکرێت ؟

ئایا دیمۆکراسی ، لەو وولاتانەدا شێوای هاتنەدییە ؟ خەون و خەیاڵ نییە و لەئاواتی کوردستانێکی ئازاد سەختتر نییە ؟ تایبەت لەکن میللەتانێک کە نازانن دیمۆکراسی بەری بەکوێوەیە ، لە وولاتانێکدا کە گۆی هونەریان لە کودەتا و خوێنڕێژیی و ڕەگەزپەرستیی و تاواندا ، بردۆتەوە . میللەتانێک کە نە داب و نەریتێکی دیمۆکراسییانە شک پێدەبەن و نە داو و دەزگەیەکی پێویستی ئاوهاش ، کە لە توانایدا بێت ئەو دابە پیادەبکات و بیپارێزێت.

پاش ئەوە ، داخۆ پاڵێوراوانی ئەو دۆرگە دیمۆکراسییانەی بە ئاواتن بۆ کورد بسازێت کامانەن ؟ داخۆ ئێمە توانیومانە هێزە بەرهەڵستکارەکان ، کە زۆربەیان کوردستانیان کردۆتە پێگە و پلیکانەی سەرکەوتنە سەر کورسیی دەستەڵات ،

ڕازیبیکەین دان بەکەمترین مافی کورد دا بنێن ؟ یاخود خۆیان هەستێکی مرۆڤانە و هۆشێکی سیاسی لەو بابەتەیان هەیە و ئەو ئامادەییەیان تێدایە ؟ ئەی خودانەکردە گەر دەستیان گەیشتە دەستەڵات ، گەرەنتی چییە لە دەستەڵاتدارانی پێشتر دڕندەتر نابن ؟ چەند جاران کراینە دارشەقی بن هەنگڵی دار و دەستە ڕەگەزپەرستە خوێنڕێژەکان ، بۆ گەیشتنە سەرکورسیی دەستەڵات ؟ چەندە ڕژێمی تاوانکاری لەوبابەتەمان بەرەو سەرەنوێلکی مێژوو بەرێخست و خۆشمان هەر پەندە کوردییەکەمان بۆمایەوە : ( صەد ڕەحمەت لە کفندزی پێشوو ) .
با چەند نموونەیەک لەو چەپکە گوڵانە باقەبەستکەین :

١. باڵە هێجگار پێشکەوتووخوازەکەی بەعس :
ئەم ڕێکخراوە ، وێنەی لەبەرگیراوە و فۆتۆکۆپییەکی بەعسەکەی سوریایە ، ئەو سوریایەی قەت جارێک لەجاران دانی بەوەدا نەناوە کە لەو وڵاتەدا میللەتێک بەنێوی کوردەوە هەیە . هەتا ئێستاش پەیڕەویی سیاسەتی ( پشتێنی صەوز ) دەکات ، کە بنەما و سەرمەشقێکی سیاسەتی ئەهریمەنانەی ئۆردوگا زۆرەملێکانی بەعسی براجمانەی عێراقییتی . ئەو سیاسەتە چەپەڵە زایۆنیستانەیەی خۆیان جووی پێتاوانبار دەکەن ،( محەمەد طەلەب ئەلهیلال ) ی کۆنە وەزیری مشوورخواردن ، لە کتێبە بەدنێوەکەی ( دراسه عن محافظه الجزیرة ) دا ، بێ پەردە و بێ شەرم و شکۆ و بێ ئەمسەر و ئەوسەر دەڵێت : ( با ئێمەش ئەوە بە کورد بکەین ، کە جوو بە عارەبانی دەکات ) : چیدی کاریان نەدەینێ ، تا ناچارین بارکەن بڕۆن . با لەزێدی خۆیان بەدەریانبنێین ، نامەخوا عارەب زۆر و زەوەندن ، دەتوانیین لەجێگەیان دایانکەین . دەبێت خەسڵەتی ئاینیی لە شێخەکانیان بستێنینەوە و شێخە عارەوی قوح لە جێیان دانێین . چاکوایە سەرسنوورەکان پرکەین لە عارەوی نەتەوەپەرست بۆ چاوەدێریی کوردەکان ، هەتا دەمی دەرپەڕاندن و گواستنەوەیان دێت . کوتەکەی باکووری جەزیرە بکەینە نێوچەیەکی سوپایی وەکی بەرەی جەنگ و سەربازێکی فرەی لێهەڵرێژین ، تا جێگە بەکورد لەقکەن و بە پێی نەخشەیەکی لەبار ، عارەوی تێبەرین . کێڵگەی گەلەیی ، لەچەشنی ئەوانەی ئیسرائیل ، لەو دەڤەرەدا بۆ عارەوە دەشتەکییەکان دامەزرێنین . (١٢)
هاوڕێ ( حازم ئەلکوبەیسی ) سەرکردەی ئەوەدەمی باڵە بەعسییە عێراقییەکەی دابەستەی سوریا ، سەرەتای هەشتاکان ، بە خۆیی و تەغارێک درۆ و جانتایەکی پڕ لەخەونی ڕەگەزپەرستانە و قەڵەمێکی کول و کۆڵەوارەوە ، هێنرابووە کوردستان ، لەژێر سێبەری کەپرو کەپکەداری بەڕوو و مازووە هەڵکوروزاوەکانی کوردستانی وێران و خاپوورکراو دا ، بە ئەرک و مەسرەفی خۆمان پەیرەو و پرۆگرامی بەعسمان بۆ چاپدەکرد ، تا لەوێوە بەو دەنگە ناسازە نەشازە ، بانگی هەڵدەدا : ( عێراق کوتێکە لە خاکی عارەب ) ، لێشی قەبوولدەکرا . ئەمە خۆی لە خۆیدا یانی یاخود کورد لەو خاکەدا غەوارە و بێگانەیە ، یاخود ئەوانیش عارەبن ، دیارە جۆرە عارەبێک ، کە هیچ هەق و مافێکی ناکەوێت .
هەروەک چۆن لە کۆبوونەوە گەورەکەی تەرابلوسدا ، ( عەبدولسەلام جەللود ) ی جێگری قەززافی و وەزیری دەرەوەی ، سووکایەتی بە گشت لە گشتی سەرکردە و ڕێبەرانی حیزبە کوردییەکان کردبوو ، بە پێشچاوی هەرهەموویانەوە فەرمووبووی: ( میللەتێک نییە بە نێوی کوردەوە ، ئەوانە لە بنچینەدا عارەبن ، حوکومەتەکانی عێراق زەعلانی

کردوون ، بۆیە خۆیان بە شتێکی دی ، بە کورد لەقەڵەم دەدەن ). لێ یەک تاقیان متەقی نەکردبوو ، گشت لە گشتیان چاویان شۆڕکردبوو ، لە ئاستی دۆلاردا چووبوونە سوژدەوە ، کێ ئامادەیە لەسەر مەسەلەیەکی ئاوها پووچ ، دەست بە دۆلاری خۆیەوە بنێت ؟

پاشانیش ئەو رۆژنامە و دۆلارنامانەی بە مانشێتی گەورەگەورە ، فەرمایشتەکانی قەززافی و قورئانە سەوزەکەیان بە تام و کامەوە بڵاودەکردەوە ، ئەمجارە لەروویان هەڵنەدەهات تۆبەرێی لەسەر فەرموودەکانی جەللود بکەن و یەکێکیان بەتاقە ووشەیەک باسیان نەکرد ، هەردەتگوت هیچیشیان پێنەگوتراوە.

٢. کۆمۆنیست :

قاو وایە ، گوایە ، کۆمۆنیستان مافی چارەنووس بە گشت میللەتێک رەوادەبینن ، دیارە جگە لەکورد . خۆ ئەگەر لەبار و دۆخێکیشدا ناچاری باسی مافی کورد کرابن ، ئەوا بە ئۆتۆنۆمی پووچیان کردۆتەوە و بۆخۆیان بڕیاری مافی بێ چارەنووسییان بۆ داوە . هەر دەمێکیش بەخت یاریان بوویێت و یەکێک لەو رژێمانە ، رووبەکی ساختەی پێشانی مۆسکۆ و ئەوجا ئەوان دابێت ، ئەوا سەد ئۆتۆنۆمییان بەقوربان کردووە و تەنها مافی بێچارەییان بەکورد رەوادیتووە و گەلەکجار لە رەگەزپەرستانی ئەو وڵاتانە ، تیژتر و شێلگیرانەتر بەگژ کورد دا چوونەوە ، وەک سەردەمی ئالیکارییان دەگەڵ گورگەبۆردا ، سەردەمی پەیرەوایەتییان لە خەتی خوێناوی و نامۆبارەکی ئیمام ، سەردەمی هەردوک بەرەنیشتمانییە هەرە پێشکەوتنخوازەکانی جووتە تاکەوتاکەکەی بەعسی سوریاو عێراق .

٣. ئیسلامییەکان :

لەکن ئیسلامییەکان ، قورئان دەستوورە. قورئانیش بۆ هەزار و پێنجسەد ساڵ لەمەوبەری کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی هەرە دواکەوتووی وەکی عارەبان ، هێجگار لەبار و چاک و پرسوود بووە ، بەهەوانتە پێیاننالێت : " وکنتم علی شفی حفرة من النار ، فانقذناکم " . ( لە کەناری کەندەڵانێکی پر ژیلەمۆدابوون ، رزگارمانکردن ) .

وەلێ چیدی " تبت یدی ، ابی لهب ......" ، هیچ کەڵکێکی سەدەی ئەتۆم و ساتەلیت و چوونە نێو مانگ و تەیکردنی خەتی کاکێشان و گەیشتنە نێو شەلەی دوای حەوتەوانە ، ناگرێت . هەرکەس ئیسلام دەکاتە یاسای نان و ژیانی خۆی ، ئازادەو رێزیشی لێدەگیرێت ، لێ بەومەرجەی نەیکاتە یاسای ژیانی سیاسی کۆمەڵگە و بەزۆر نەیسەپێنێت .

تاقە گروپی ئیسلامی کە رێبێتێدەچێت خودانەکردە دەستەڵاتی سیاسی عێراق بگرنە دەست ، شیعەکانن ، ئەوانیش کۆپییەکی بێ رتووشی رژێمی چەپەڵ و گەندەڵی مەلاکراتی ئێرانن و پێشەکی بڕیار و فەتوای نامۆبارەکی خۆیان داوە . ئەوەتا ئایەتوڵلا ئەلحەکیم ، رەپ و رەوان لە هەڤپەیڤینێکدا دەفەرموێت :

" لە کۆمارێکی ئیسلامیی عێراقی پاش صەدام دا ، جێگەی کوردستانێک لەو خاکەدا نابێتەوە ".

ئەی تۆ بڵێیت موجاهیدینی خەلک ، یاخود پارتی رەفاهی تورک ، لە خومەینیزمەکان دێمۆکراسی تر بن و بتوانن دان بە مافی کورد دا بنێن ؟ ئەی کامە حیزبی بەرهەڵستکاری داگیرکەران ، دان بەوەدا دەنێن کە میللەتێکی

دیلکراوی کورد هەیە و مافی ئەوەی هەیە ژیانێکی هێور و ئازاد و ئارام بەسەربەرێت ؟
نە کۆنگرەکەی بەرەی دێموکراتی و نیشتمانیی عێرا ق لە نۆڤەمبەری ١٩٩٦ دا، نە کۆبوونەوە بیستو یەک قۆلییەکەی حیزبە بەرهەلستکارە عێراقییەکان ، لەدێسەمبەری ١٩٩١ دا ، ئامادە نەبوون ددان بە هیچ مافێکی کورد دا بنێن .(١٣)
پاش ئەوە مەرج نییە بە هاتنەکایەی رژێمێکی زۆر دێموکراتییش ، ئیدی چارەی کێشەکە بکرێت . ئەو رژێمە خەیاڵییە چەندە دێموکراتییش بێت ، ناگاتە ئاستی ئینگلتەرە و فەرەنسا ، کە دێرینترین و دیارترین سیستێمی دێموکراتییان هەیە لە جیهاندا ، لێ دەگەڵ ئەوەشدا ، ئەوەتا ئینگلتەرا هێشتا بەدەست کێشەی ئیرلەنداوە و فەرەنساش بەدەست کێشەی باسک و کۆرسیکییەکانەوە دەناڵێنن و پێیان چارەسەرناکرێت .
با لەوانەش هەمووی گەڕێین ، ئەی داخۆ ئێمە خۆمان چۆن و چەند لە دێمۆکراسێتی دەگەین و سەری لێدەردەکەین ؟ خۆ ناشێت خودانەکردە دێمۆکراسێتەکەی حوکومەتە فیدرالییەکەی خوارووی کوردستان بۆ ئەوانیش بە ئاوات بخوازین و بیکەینە سەرباشقە ؟ سەیرە ؛ شتێک لە خۆمان و بۆ خۆمان تەوق و بەلا بێت ، کەچی بۆ میللەتانی دیکەی بە ئاوات بخوازین !!!!!!!!

داخۆ ئۆتۆنۆمی و فیدرالی ، چارەی کێشەکە دەکەن ؟
بەنیسبەت باشوری کوردستانەوە ، بەبڕوای من ئەگەر داخوازیی کورد ئەو حوکمەزاتییە بێت ، کە ئێستەکە سنگی بۆ دەکوترێت و دەستی پێڕاناگات ، ئەوا دەبێت گشت سەران و رێبەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی ، تایبەت بەرپرسیارانی ئەودەمی پارتی دێمۆکراتی کوردستان ، بەهەردووباڵە دژیەکەکەیەوە ، دان بەوەدابنێن ،کە گەورەترین تاوان و زەقترین و بێمانا‌ترین هەڵەیان بەرامبەر میللەتەکەکردووە .هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ، خۆی لە خۆیدا سەرەڕۆیی و هەنگاوێکی ناپێویست و بێ لێکدانەوەبووە ، ئەگەر نەڵێم تاوان و خیانەت بووە . گوتم خیانەت ، چونکە گەر بەگوتەی کۆنە ئەفسەری ساواکی ، (عیسا پەژمان ) باوەڕبکەین ، کەیەکەمین بەرپرسیاری پێوەندییەکانی نێوان ساواک و سەرکردایەتی پارتی دێمۆکراتی کوردستان بووە ، تایبەت ئەو دەستەیەی خۆیان نێونابوو باڵی مەکتەبی سیاسی ، ئەوا شۆڕشەکە هەر لەبنچینەوە بەفیت و دنەدان و کۆمەک و پشتگیریی شاو ساواک بووە ، بە ئومێدی لەقکردنی دەسەڵاتی قاسم ، کە ئەو دەمە لە رێگەی کودەتاکەیەوە زریانێکی سیاسی لەو ئاقارەدا هەڵستابوو . (١٤)
هێندەی پەیوەندیی بە خۆرهەڵاتی کوردستانیشەوە بێت ، بە بڕوای من دەستدانە چەک هەڵەیەکی بێجێ بوو ، دەبایە پەند و عیبرەت لە هەڵە و هەڵەشەیی کوردستانی ژێروو وەرگیرابا و ئەو مەرگەسات و زیانە بێ ئەندازەیەی ئێمە تووشی هاتین ، ئەوان لێی بەدووربان .
بەنیسبەت باکووری کوردستانەوە ، مەسەلەیەکی دیبە و شۆڕشەکە لە قۆناغێکی خەتەرناکدایە ، پێویستە هەنگاوی خێراتر و ژیرانەتر هەڵگیرێت :
١. دەستبەرداری تاکپەرستی بێ و سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵ ، رێبەریی حیزب و بزووتنەوەکە بکات .

٢. چیدی مێمڵ و بەرهەڵستکاران و ئەندامانی خۆ و ڕێبازە جوداکانی دی ، تیرۆر نەکەن .

٣. شۆڕش نەگوێزنەوە دەرەوەی کوردستان و ئۆلکەی خەباتیان سەرتاسەری تورکیا بێت .

٤. ئەو هەڵانەی لە وڵاتانی ئەوروپا دا ، تایبەت لە ئاڵەمانیا دا ، کران و زیانی زۆریان بە خۆیان و سەرجەمی بزووتنەوەی کوردایەتی گەیاند ، چیدی چەندبارەنەکرێنەوە و خۆیانی لێببوێرن .

بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم ، کەمن وای بۆدەچم ، ئیدی سەردەمی بزووتنەوەی چەکدارانە و خەیاڵی ڕۆمانسیانە بەسەرچوو ، ئەگەر بەسەریش نەچووبا ، بۆ کورد دەستی نەدەدا ، چونکە ئەو میللەتانەی بە شۆڕشی چەکدارانە ئازادییان وەدەستهێنا ، بەری سەردەمی شەڕی ساردیان چنییەوە و بێ دەست بەباڵەوەگرتنی یەکێک لەدوو زلهێزەکە ، مەحاڵ بوو ئەو هیوایەیان بێتەدی . ئێمەی کورد لەو شانۆی شەڕە بەرژەوەندییانەدا ، کۆمپارس بووین ، کۆمپارسێکی زۆر ناشی و نەشارەزا . چەک و شۆڕشی چەکدارانە ، گەیاندیانینە کەناری مەرگ . ئەو چەکەی بەدەست کوردەوەیە ، وەکی ئەو کێردە تازە دەمەزردکراوەم دێتە پێشچاو ، بدرێتە دەستی ساوایەک تا خۆیی پێ ژیرکات ، ساوای نەفامیش خۆی پێ کەلەپاچە دەکات .

کەواتە چەک یەکەم بەڵا و یەکەم ماکی نەهامەتیی کوردە ، بـــــــــــــــــــــــۆ ؟

١. ئیدی سەردەمی سوارچاکیی و نیشانەنەنگێویی و سیلاحشۆڕیی بەسەرچوو ، داگیرکەرانمان گشت تەکنۆلۆژیای مرۆڤرکەری سەر و خوار و ڕاست و چەپی ئەم جیهانە وێرانەیان لەبەردەستدایە . تواناییان لە سنوور بەدەرە ، تاکتیک و دەهۆ و تەڵەکەی خۆیان گۆڕیوە و گەشەیەکی زۆریان بە ئامراز و شێوازی بەربەرەکانێی خۆیان داوە . ساچمەزەن و تاپڕ و کلاشینکۆف و چی و چی ، دادنادەن . ئەوەی هیچ گۆڕرانێک و گەشەکردنێک لە ئامراز و شێوازی خەبات و ڕێڕەوی تێکۆشانیدا ڕووی نەداوە ، ئێمەین . لەبەرئەوە بەم خاوەخاوییە و بەم شل و پەیتی و لێکبڵاوییە ، بەم چەک و شێوازە تەقلیدییە ، دەرۆستیان نادێین .

ئەوان چەکی بایۆلۆژیی و کیمیایی ، کوورەی ئەتۆمی و ڕاکێتی کیشوەربەزێن و پشتگیریی سەرەوخوار و ڕاست و چەپی ئەم دنیا خەراباتەیان کڕیوە ، ئێمەش تازە بەخێرێ بە یازدەتیر و کولەبڕنەوەوە ، ئەم قوتە و ئەو بانیژە و ئەو تەپۆڵکە لە ئێکدی دەگرین و تخووبی نێوان جەستەی لەخوێن شەڵاڵی سۆران و بادینان ڕەنگڕێژ و بنجبەست دەکەین و سی و دوو ساڵی ڕەبەقە شەڕە جەلالی و مەلایی دەکەین و هێشتا هەر تێریش نەبووین .

٢. بەو چەکەی دەستمان هێندەی لەخۆمان پێکوشتووە ، چکێکی ئەوەمان لە دوژمنەداگیرکەرەکان پێنەپێکاوە . هەرچی کەلەپیاوی هەڵکەوتوو عەگید و مێرخاس و یەکی یەکی نەتەوەکەیە ، بەدەست و چەکی خۆمان دروێنەی گیانیان کرا .

ئەو دۆزەخی شەڕی براکوژییەی پێکراوە ، بەبێ چەک قەت ئاوها نێڵەنێڵی نەدەهات و گیانی شەیدای ئەو هەموو جوامێرانە نەدەکرانە دەستەچیلەی .

ناچارم لێرەدا پەلێک بۆ شەڕی براکوژی بهاوێژم و پەلێکی تێگرم :

شەڕی براکوژی :

" هەتا گێلترین تاوانکاریش ، بیانوویەک بۆ تاوانەکەی هەر دادەتاشێت " .

شەڕی براکوژیی ، بناوانەکەی لە مێژووی پشتاوپشتی کورد دایە ، خۆرەیەکە لە خوێنی کورد دا گەرای خستووە ، پەتایەکە ، بەڵایەکە ، شەرایەکە ، داویەتییە مۆخ و مێشکی هەریەکێکمان ، جەستەی دارزاندووین ، ئەژنۆی شکاندووین ، هێزی داچکاندووین .

هێندەی پیرە مێژوو بیری بێت ، ئێمە دەگەڵ ئەوبەزمەی خەریکین و هێشتا هەر لێیتێرنەبووین ، گشتمان لێیبێزارین و نەفرەتی لێدەکەین ، کەچی ئەو هەر بەگوڕتر دەبێت، گەرمتردەبێت . تازە ناتوانین دەستبەرداری بین ، عاشقە و ماشقەین و تێکناڵاوین . هەرهەموومان تێیدابەشدارین ، چ ئێمەی تەماشاچی و چ پاڵەوانانی بێتاوانی .

میللەتێک بەدرێژایی مێژووەکەی ئائەوە پیشە و ڕەفتاری بووبێت ، ئەگەر ئازادیی بەدەست نەهێنێت پێم سەیر نییە ، ئەگەر بەدەستی بهێنێت پێم سەیرە .

کورت و کوردی ، شەڕی براکوژیی هەرچی بیانوو هەبێت نییەتی ، ئەوەی بیانووی بۆ دادەتاشێت ، تاوانکارە ، حەڵاڵی دەکات ، تینی پێدەدات .

ئەوەی پێویستە دەربارەی بگوترێت ئەوەیە ، کە شەڕی براکوژی ئاکامی بۆڕخواردنە لەبواری بیر وئیدیۆلۆژیدا ، بارکردنی بەها مرۆڤایەتییەکانە ، نەمانی ویژدان و هۆش و هەست و ژیریێژییە ، بارکردنی عەقڵە ، دواکەوتوویە ، بیرتەسکییە ، مایەپووچییە لە گشت بوارەکانی خەبات و تێکۆشاندا ، ڕیسواکردنی خۆ و گەلەکەمانە ، تاساندنی ئازادیی بیر و پرینسیپە دێمۆکراسییەکانە ، کەڵەگایی و ملهوڕی و خۆسەپاندنە ، داکوتانی بزمارە بە تابووتی کورد دا .

لەهەمووی دەردناکتر ئەوەیە ، کەیەک تاقە پارت و ڕێکخراوی کورد نەماوە تێیدا بەشدارنەبووبێت ، یەک بست لەوخاکە وێرانەدا نەماوە ، گڕی ئەوشەڕە چەپەڵەی نەگەیشتبێتێ ، هەرهەموومان دژین و ئەو هەرتیژتر دەبێت . ئاڵەو هەموو حیزبانەدا چوارپیاو هەڵنەکەوتن ، پارووی بە خوێنی کورد هەڵشێلراو لەدەم دەرهاوێژن و بەدەنگێکی زوڵاڵ نەفرەت لەبراکوژیی بکەن و ڕیزی ڕێکخراوەکانیان لەداخاندا چۆڵکەن .

باهەواربەرینەوە کن باس و خواسی ئۆتۆنۆمی :

ئەگەر سیستێمێکی دێمۆکراسییانە و بروا و متمانە و ئامراز و کەرەسە و گرەنتی پاراستنی دەستکەوتێکی وەکی ئۆتۆنۆمی هەبایە و هیچ ترس و دڵەڕاوکەیەک نەبایە ، ئۆتۆنۆمی و پێکەوەژیان وئالیکاریی ئەو میللەتانە و ژیانێکی هێور و ئارام ، دەریایەک فرمێسک و زەریایەک خوێنی بۆ دەگێڕاینەوە و ئەو هەموو تاڵاوی ماڵوێرانییەشمان نەدەچەشت . ئەوەتا وڵاتانی ئەوروپایی خەریکی یەکگرتنی تەوا و و هەڵتەکاندنی سنووری نێوانیانن و یەکخستنی ئابووریی و دراویان . لێ لەکن میللەتان و وڵاتانی بەدبەختی جیهانی صەدو سێهەم ، تا دێت سنوور و قەڵا و قوڵلەی نێوانیان بەرزتر و سەختتر دەکرێت . مەسەلە لەکن وڵاتانی خوداپێداو ، هۆش و گۆش و دێمۆکراسێتی و ئازادیی و متمانەیە . هیچ ئیتالی زمانێکی سویسرایی ، یاخود هیچ ئاڵەمانزمان و فەرەنسایی زمانێکی ، قەت

ڕۆژێک لەڕۆژان ، بیر لەجودابوونەوە و کوکوتکردنی وولاتەکەیان ناکەنەوە ، گشتیان بەشانازییەوە خۆ بە سویسرایی دەزانن ، لەکن ئەوان یەکگرتنێکی ئازاد و خۆویستانە و دیمۆکراسییانەیە و گشت لایەک دلنیان کە مافی کەس ناخورێت و زولم لەکەس ناکرێت و گشت ئازادییەکیان مسۆگەرە.

دەبا یەکێک لەو نەتەوانەش ئەنفال بکرێن ، کیمیاییان بەسەردا برێژن ، ئەگەر شەق لەو سنوور و تەوقی زەلیلییە هەلنەدەن ، یانی مرۆڤ نین و تێگەیشتنیان نییە . حەپسێک گەر سزای گرتنی هەمیشەییش درابێت و هەموو تەمەنی لە زینداندا بەسەربردبێت ، هێشتا زیندان هەر بە خانە و لانەی خۆی نازانێت و هەمیشە خەون بەو ڕۆژەوە دەبینێت کە هەلی دارماندنی دیوار و تەیانەکەی بۆ هەلدەکەوێت .

بۆیە بەبڕوای من ، نابێت ئێمە پاکانەی ئەوەبکەین کە جوداخوازنیین ، چونکە :

١. ئێمە بەشێک نین لەهیچ نەتەوەیەک و بەزۆری زۆرداری لەزیندانی سنووری ئەو وولاتانە گیریانکردووین . هەرچی مافێک بەمرۆڤ ببرێت لێیان زەوتکردووین.

٢. بەرخیش لەبەرچەقۆی قەصابدا بارەی لێهەلدەستێت و قۆچ دەهاوێت و هەولی خۆقوتارکردن دەدات .

٣. پێویست ناکات ئێمە پاکانە بکەین ، بەلکە دەبێت ئەو میللەتانە گفت و بەلێن بە ئێمە بدەن و بەکردەوە بۆمان بسەلمێنن ، کە چیدی زولم و زۆرمان لێناکەن و ئازادیی تەواومان دەستەبەردەکەن و پێکەوە مانەوەمان مسۆگەردەکەن ، چونکە لەبەرژەوندیی گشت لایەکمانە. دەنا مەلی لاوازو بێدەستەلات ، ناتوانێت گۆشتخواردن لەدرندە یاساغ بکات .

جگەلەوانە هەمووی ، هیچ گەرەنتی و بەربەستێک بۆ پاراستن و بەرگریی لە ئاوها مافێک نییە . گەر ڕژێمەکە خۆشی پەژیوان نەبێتەوە ، کێ گەرەنتی ئەوە دەدات ، سبەی ئەفسەرێکی سەرچلی ، سەرشێت ، بەمەستیی و خەیالی سەرخۆشیی ، داشی زرێپۆشێک نابزوێنێت و کش مەلیکێک ناکات و هەرچی یاسا هەیە گسکی لێنادات ؟ سەرەڕای ئەوە ، هەربۆنموونە ، لەوولاتێکی وەکی عێراقدا ، لەقوتکردنەوەیەوە تا ڕووتکردنەوەی ، چوارجاران بەڕەسمی ، دان بە مافی ئۆتۆنۆمیی کورد دا نراوە و هەرچی مافیش هەیە پێپێرەوانەدیتراوە :

١. لە ١٦ ی دیسەمبەری ١٩٢٥ دا ، عوصبەتولئومەم ، ژێرووی کوردستانی بە عێراقەوە جووتباقەکرد ، لێ بەندی سێهەمی داوا لە ئینگلتەرەی لەلەی عێراق دەکات ، کەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەستەبەربکات . لە ٢٤ ی فێبریوەری ١٩٢٦ دا ، ئینگلتەرە ، عوصبەتولئومەم لەدەستەبەرکردنی ئەو مافە دلنیادەکات.

٢. لە ٢٨ ی ژەنیوەری ١٩٣٣ دا ، پارلەمانی عێراق ، دان بە بڕیاری عوصبەتولئومەمدا دەنێت و بەدەستەبەرکردنی مافی ئۆتۆنۆمی کورد ڕازیدەبێت .

٣. لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا ، ڕژێمی عێراق ، دەگەل سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دا پێکدێت و ڕوون و ئاشکرا دان بە مافی ئۆتۆنۆمی میللەتەکەدا دەنێت .

٤. لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا ، ڕژێمی عێراق و ( بەرە نیشتمانییە هێجگار پێشکەوتووخوازەکەی بەعس و کۆمۆنیستان ) ، یاسایەکی ئۆتۆنۆمی داتاشراوی یەکلایەنە بۆ کورد ڕادەگەیەنن .

سەرەڕای ئەو حەمکە حوکمی زاتییە ، هێشتا ڕێکەوت کوردی باشووری لەقڕکردنی مسۆگەر قوتارکرد .

بێگانەپەرستی و هاریکاریی و کۆمەک بەداگیرکەران :

هیچ میللەتێک ، بێ بازیی سیاسی و تاکتیک ، بێ دۆستایەتی و ئالیکاریی و پێوەندیی و دانەپاڵ و جێگۆڕکێ و ئەمبەر و ئەوبەر و ئەوسەر و ئەوسەر ، هەڵناکات و ناتوانێت بەهیچ مەرامێکی خۆی بگات . لێ هەموو ئەو هەنگاوانە توێژینەوە و لێکدانەوە و دیراسەی قووڵ و بیری ووردیان دەوێت . دەبێت حسێبی گشت بەرزبوونەوە و داکشان و خاوبوونەوەیەک ، بۆ ئەنجام و ئامانجە دوور و نێزیکەکانی هەردوکلا کرابێت ، سنوور و ئەمپەڕو ئەوپەڕی دیاریکرابێت و ڕێگەی کارەسات و پێشهاتی لەناکاو و ڕووداوی کوتوپڕ و فاکتەری پەکخەر، گیرابێت ، یاخود خۆی بۆ ئامادەکرابێت . لەوەش گرنگتر ، دەبێت پاڵەوانانی ئەو شانۆگەرییە لە ئاستی ئەو کارە مەزنە دابن و شارەزا و پسپۆڕی سیاسەتی سەردەم و مێژووی جیهان و دەروونناسی و تاکتیکزانێکی کارامە بن و هەموو بزووتنێک بە پێی نەخشە و پلانێکی شیاو و گونجا و بێت . فەلسەفەی (چدەبێت ، با ببێت ) ، تا ئێستا بەقوڕیدابردووین . ئەوە یاسای قوماربازانە ،نەک سیاسەتبازان . کاتی وەی هاتووە ئیدی سیاسەتچییەکانی کورد دەستبەرداری بن ، بەو مەرجەی نەیگۆڕنەوە بە فەرمایشت و فەلسەفەی قەڵبتری " یا ئەفڕین ، یا ئەتڕین ". ( ١٥ ) کە لە ڕاستیدا ئێمە هەر تڕیوی دەستی ئەوان بووین !

کەواتە سیاسەتبازی ، مەسئوولییەتە ، بەرپرسیارێتییە بەرامبەر چارەنووسی میللەتێک و ژیانی نەتەوەیەک ، یاریکردن و قوربانیدان نییە بە گیانی کەسانێک ، کە هەستی پاکی نیشتمانپەروەریی ، ڕۆحی پێناونە سەر لەپی دەست و ئامادەی مردنن لەپێناوی ئاواتی گەلدا . بەڵێ لەپێناوی ئاواتی گەلدا ، نەک بۆ بازرگانی پێوەکردنی سیاسەتچی و دەروێشی ئەم ڕێکخراو یانەوی دی . نەک بۆ ئەوەی چەند نەفەرێک خۆی پێهەڵبدەنەوە و لافی ئەوە لێبدەن گوایە شەهیدی زۆریان داوە . ئەوانە شەهیدی ئەوان نیین ، بەڵکە قوربانیی دەستی ئەوانەن ، قوربانیی ئەو دەروون نەخۆشانەن ، کە دەیانکەنە مەقاش و سکڵیان پێدەگرن . ئەوانە شەهیدیان نەداوە ، بەڵکە جوامێرترین و مێرخاسترین و دلێرترین و بەئەمەکترین ڕۆڵەی جگەرسۆزەی میللەتیان کوشتووە و بەکوشتداوە ، دەبێت بدرێنە دادگا و لەسەر ئەو خوێنە بەناهەق ڕژاو و لەپێناوی هیچ ڕژاوانەدا سزابدرێن .

دەنا گەر خەڵک بەکوشتدان ، لەپێناوی ئارەزوو و دەروونی پەست و نەخۆشدا، لەپێناوی هەواوهەوەسی دیکتاتۆر و ملهوڕاندا ، لەپێناوی مەسەلەیەکدا ، کە هیچ دەستکەوت و پێشکەوتنێکی میللەتی تێدانەبێت و هیچ خێر و فەرێکی نەبێت و سوودی لێنەبەسترێتەوە ، ببێتە شەهید دان و سەرمایەی سیاسی و جێگەی شانازیی ڕێوونکەرانی خۆسەپێن ، ئەوا لەمێژووی نوێی عارەباندا ، کەس هێندەی شەللاتییەکەی بەغدا ، جەللادە خوێنڕێژەکەی عێراق ، شەهیدی نەداوەو جۆگەی خوێنی هەڵنەبەستووە . کامە سەرکردەی مێژووی نوێی عارەبان هێندە دەست و دڵفراوان بووە ، لە تاقە جەنگێکی دۆڕاویدا هەر بەهەوانتە ، یەک ملوێن و نیو لاوی خێرنەدیوی میللەتەکەی بکاتە دەستەچیلەی دۆزەخی بەدەستی خۆ پێکراوی و هیچ باکیشی نەبێت ؟ یەک ملوێن و نیو گوڵی گیانی بەناهەق هەڵوەریو .

تانە و تەشەری ناسیۆنالیستی و جوداخوازیی :
تاوانبارکردنی کورد بەجوداخواز وتۆمەت دانەپالی بەوەی گوایە ناسیۆنالیست و ڕەگەزپەرستە ، هێندەی مەسەلەی تۆزی دەهۆڵ و سێبەری منارەکە ڕاستدێتەوەو شیاو و گونجاوە .
جوداخوازیی ، ئەو ووشە دزێوە بەدفەساڵەی هەمیشە کوتەکی دەستی داگیرکەرانمان بووە، بۆ سەرکوتکردن و بەچەترسێنکردنمان و کپکردنی دەنگی زوڵاڵی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان ، بەوەی گوایە ئێمە پشکێکین لەوان ، وەک لە دایکانە ئیستیعمارێک کەوتبینەوە ، دیارە ئەوان بەئاغایی و ئێمە بەنۆکەری .
جودابوونەوە و جوداخوازیی بەواتا فەرهەنگییەکەی ، مانای قرتاندنی پارچەیەکە لەلاشەیەک ، واتا کارێکی دەستکرد و ناسروشتییە ، لێ کوتکوتکردنی کوردستان و بەستنەوەی بەو قەوارە هەڵتۆقیوە نامۆیانەوە ، پێچەوانەی ئەو ووڕێنانە دەسەلمێنێت .
پێموایە لەم بوارەدا ، دید و بۆچوونی نووسەر و توێژەرەوەی هێژای تورک د. سمایل بێشکچی باشترین وەرام بێت بۆ پووچترین و چەپەڵترین و بێماناترین تاوان ، بۆیە باقەبێتیەکی لێرادەگوێزین :
"چ دەستەڵاتە داگیرکەرەکان و چ هێزە چەپییەکانی ئەو ووڵاتانە ، تایبەت چەپەکانی تورک و عارەب ، بەردەوام کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ، بە جوداخواز و ناسیۆنالیست جوێنباران دەکەن . هەتا ئەو تۆمەتانە بە باڵای برێک ڕێکخراوی مارکسیستی کوردیشدا دەبڕن . ئەوە درێژەپێدانی سیاسەتی " کوتیکە و کۆتیکە و قتیکە " یە ، کە صەد ساڵێکە لەکوردستاندا بەگەڕخراوە و خاک و نەتەوەکەی پێ لەتوپەت و کۆت و پێوەند کراوە. لەڕاستیدا ، کورد بەشێک نییە لەهیچ نەتەوەیەک ، تا لێی جودابێتەوە . جوداخواز ، ئیمپریالیزمی ئینگلیزە ، ئیمپریالیزمی فەرەنسایییە ، کەمالیستەکانن ، شاپەرستەکانن ، ئەوعارەبانەن کە خۆیان بە ئیمپریالیزمی ئینگلیز و فەرەنسایی فرۆشت و بەهەموویان کوردستانیان شەق وپەق کرد و لەبەریەکیان ڕەواندەوە و لێکیان جوداکردەوە . جوداخواز ئەوانن .

برووبیانووی "یەکپارچەیی خاکی نیشتمان و یەکێتی گەلەکەی " ، چارشێو و فریودانە ، بۆدرێژەپێدانی هەتاهەتایی سیاسەتی بەدفەڕی " کوتیکە و کۆتیکە و قتیکە " یە ، بۆبەردەوامیی پەرتپەرتیی کورد و هێشتنەوەدیەتی بەکۆیلەیەتی ، دەنا کورد تەنها و تەنها بەشێکە لەنەتەوەی کورد و نیشتمانی ڕاستەقینەی ئەو ، کوردستانە .
کەواتە ، ئەوجۆرە تۆمەتانە پووچ و بێجێن ، بێبنچینەن ، دەنا هەڵەی یەکەمی کورد ئەوەیە ، کە " ناسیۆنالیست " نیین ، هەتا زۆریان سەربەخانەی کۆسمۆپۆلیتی " یشدا شۆڕدەکەنەوە . لەڕاستیدا هەست و هۆشی ناسیۆنالیستانە بۆکورد هێجگار پێویستە(16) .

دار و پەردووەکان :
داخۆ توێشوو و دارو پەردووی هێنانەدی ئاواتی کوردستانێکی ئازادمان هەیە ؟
دار و پەردووەکانمان کامانەن ؟
١. بزووتنەوەکە : ئاوێنەی باڵانمای حیزبە بەشدارەکانێتی . دواکەوتوو ، کورتبین ، بێ شیرازە ، بێ دۆست و بێ

ئۆرت و ناپەسەند ، ڕاڕا ، بێ نەخشە و پلان ، وابەستە بەداگیرکەرانی کوردستانەوە ، تارێک و پێک ، لاواز و کەنەفت ، نامۆ بە خواست و ئارەزووەکانی میللەت ، جەماوەردادۆشێنەر و فریودەر . ئەو جەماوەرەی لێیخرپۆتەوە ، جەماوەری ناچارییە ، برێکیان بۆ چنینەوەی دەستکەوتی تایبەت و زۆریشیان دڕندەیی دوژمنە داگیرکەرەکان بواری هەڵبژاردنی دیکەی بۆ نەهێشتوونەوە ، یابەرەی گەل ، یاخود بەرەی دوژمن .

٢- پارتەکان : مەخابن ناچارم ڕەپ و ڕەوان بڵێم ؛ هیچ مەرجێکی ڕێکخراوێکی کارامە و پێشکەوتووی خاوەن توانا و تەجرەبەی سیاسییان تێدانابینم ، ڕێکخراوانێک ، کە ئەرکەکانی ئەم سەردەم و قۆناغە ناسکەی نەتەوەکەیان پێڕاپەرێندرێت و لێیانبوەشێتەوە میللەتەکە بەرەو ڕۆخی ئازادیی و کەنارێکی هێور و ئارام و کەشێکی دێموکراسییانە ڕێبەریی بکەن . لەبریتی مایەی شانازیی و چاوگەی هیوای میللەتەکەبن ، بوونەتە ماکی بەدبەختی و نەهامەتیی و دابڕکردن و لێکترازانی ڕیزەکانی گەل و هۆکاری ناتەبایی و ئاژاوەو پەشێوی و نائومێدی و بێ بڕوایی و بێ پەروایی و ڕاڕایی و هەرەس و داڕمانی ئەخلاقی و فیکریی . بەداخەوە نە هیچیان پێکڕا هەڵدەکەن ، نە هیچیشیان بێ یەکدی دەژین . بازاڕی هەموویان بە پێنج شت گەرمە :

١- دڕندەیی و خوێنڕێژیی و گەوجێتی و گێلێتی ڕژێمە ڕەگەزپەرستە داگیرکەرەکان .

٢- هەڵە و پەڵەی یەکدی .

٣- نەزانیی و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی پشکی زۆری میللەتەکە .

٤- سەرمایەی لەبن نەهاتووی خوێنی شەهیدانیان . بە بەکوشتدانی هەر نەفەرێک ، لایەنگیری و پشتگیریی هەتاهەتایی و بێ چەندوچوونی ڕەشە خێزانێک مسۆگەردەکەن .

٥- لێهاتوویییان لەبواری پروپاگانتەی بێ بنج و هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکاندا ، بەجۆرێک کە ئاسان کار لەدەروونی سەرکوتکراوی جەماوەرە بێپاکەیان بکات .

کورت و کرمانجی ، بازاڕیان لەو کەشە ئاڵۆزاوە ، پڕگێژاوە ، سەرلێشێواوەی کوردستاندا گەرمە و لە مێژە ماڵئاواییان لە گشت ئیدیۆلۆژییەک و گشت پێوەرێک کردووە و مەسەلە فڕی بەسەرکوردایەتی و ئاوات و خواستی میللەتەوە نەماوە و ئەوەی چاوەڕوانی ئاوها شتانێکیان لێبکات ، یا سافیلکە و نەزانە، یاخود خۆ خەڵەتێن .

سەیر ئەوەیە ، ئەمان خۆیان کردۆتە پارێزەر و پاسدار وجەنگاوەر و کەوڵسووری بەرلەشکری ڕێچکە و ڕێبازی دێموکراسێتی و پێش ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ، بەخێری هەوڵی هێنانەکایەی دێموکراسێتی لەهەریەکێک لەو وڵاتە داگیرکەرانەدا دەدەن ، وەک ئەو میللەتانە خۆیان دەستیان بەخەنەوەبێت ، یاخود ئەمان نامەخوا زۆر سەروسەودایان دەگەڵ داب و نەریتی یموکراسییانەدا هەبێت و زۆری لێتێبگەن !

٣- جەماوەر : جەماوەری کورد دەکرێنە سێ دەستەوە :

ا- جەماوەرێکی هەمیشەیی و مسۆگەری حیزبەکان ، کە بێ ئەمسەر و ئەوسەر و چەند و چوون ، لەهەر سەنگەرێکدا دەبن و هەرهەڵوێستێک وەبەردەگرن ، جاش بن یا باش ، ئەوانە گوێنادەنێ ، کوێرانە ڕەدووکەوتوون و دەگەڵدان ، " تاڵ و کرمێ لەسەرخۆیان " .

ب - جەماوەرێکی ناتێگەیشتووی بێلایەن ، کەتەنها خەریکی ململانێن دەگەڵ ژیاندا و هەڵپەیانە بەدووی ناندا و

دەستیان بە کڵاو و پارووی خۆیانەوەگرتووە ، تا ڕەشەبا و زریانی تووڕەیی و کینەی ڕژێمە داگیرکەرە تاوانکارەکان ، نەیانبات و ڕایاننەفڕێنێت .

ج ـ جەماوەرێکی ڕۆشنبیری خوێندەوار و تێگەیشتوو و کوردپەروەری کەنارکەوتەی بێلایەن ، کە بە ناچاریی ، لەترسی تێوەگلان لەهەڵە و تاوانەوە ، دوورەپەرێزییان هەڵبژاردووە و بوونەتە تەماشاچی و هەر خەریکی ڕەخنە و خۆخواردنەوەن . ئەمانە تائێستا نەیانتوانیوە هێندەی کێش و قەوارەی خۆیان و توانای خۆیان و ئەرکی خۆیان ، بەسەرەوکاری مەسەلەی میللەتەکەیانەوە بچن ، هەرهیچ نەبێت ڕیزی خۆیان یەکخەن و بە یەکدەنگ نەفرەت لە تاوان و سیاسەتی خۆکوژی و شەڕی کوردکوژی بکەن . بۆیە من پێموایە ئەو پەندەی دەڵێت : " ئەوەی کارناکات ، هەڵە ناکات " ، هەر لە بنەڕەتدا پووچ و بێمانایە ، چونکە ئەوەی کارناکات و بەرەی دڵسۆزان و کوردپەروەران یەکناخات و خەبات بۆ هەڵتەکاندن و گۆڕکردنی ئەو بار و دۆخە پڕشەرم و پڕ سوێیە ناکات و بەر بۆ هەلپەرستان و هەڵمەتەکاسە و خەڵکانێکی بەتەنگەوەنەهاتوو بەرهەڵدا دەکات ، بەدڵی خۆیان تەراتێنی تێدابکەن و یاریی بە چارەنووسی میللەتەکەبکەن ، خۆی لەخۆیدا ، گەورەترین هەڵەیە و تاوانە بەرامبەر مێژوو و بەرامبەر وەچەکانی داهاتوو . کوردیش جوانی فەرمووە : " کردەپەشیمان بیت ، لە نەکردەپەشیمان ، چاکترە ".

سەرئەنجام :

لەو هەموو ساڵانەی خەبات و تێکۆشانی بێووچانی نەتەوەکەماندا ، قوربانییەکی هێجگار زۆر دراوە و خوێن و ئەسرینێکی فرە ڕژاوە . یەکەم قوربانی و زەرەرمەندی یەکەم ، ڕەشووڕووتی میللەتەکە بووە و بەردەوام لەلایەن کۆمەڵێک هەرزەکاری سیاسی ، کۆمەڵێک سیاسەتبازی خەرەفاوی تێکشکاوەوە ، کە مێژوو دەیانجار نەشارەزایی و بێتواناییانی سەلماندووە ، کراونەتە دەستەچیلە و قوربانیی مەرامی گڵاو و ئاواتی لێڵ و بەدناوی خۆیان. میللەتەکە ، لەخەبات و قوربانیداندا کەموێنەیە و یەک تۆزقاڵ درێغیی نەکردووە ، لێ مەخابن زۆربەی جار نەیزانیوە چۆن و لەپێناوی چدا خوێندەڕێژێت و خوێنی دەڕێژرێندرێت .

بەبەراوردکردنی قوربانییەکان و دەستکەوتەکان ، دەگەینە چەند ئاکامێک :

١ـ قوربانییەکان هێجگار زۆرن و دەستکەوتەکان ( ئەگەر هەر هەبن ) ، هێجگار کەم و بێ نرخ و بایەخن .

٢ـ ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئاڵۆزییەک و هەڵەیەکی کوشندە لە ڕێباز و جۆر و شێوازی خەباتماندا هەیە .

٣ـ ڕاستە هەڵە و ئاڵۆزییەکە لەهەناوی ڕێکخراوەکان و هۆشی ڕێبەرە ڕێونکەرەکانی بزووتنەوەکەدایە و تەنها ئەوان لەوماڵوێرانییە بەرپرسیارن . لێ پشکی ئێمەی بێدەنگ و تەماشاچیشی تێدایە .

٤ـ کاتی وەی هاتووە ئیدی ڕەش و ڕووت و ڕۆشنبیرانی نەتەوەکە ، بکەونەخۆ و سنوور و بەربەستێک بۆ ئەو بەڵا وکارەسات و مەرگەساتە ماڵوێرانکەرانە دابنێن و گسکێک لەو پۆخڵەواتانە بدەن و ڕایانماڵن . ئەوەش تەنها و تەنها بەیەکخستنی ڕیزی کوردپەروەوە بەتەنگەوەهاتووەکان ، بە یەکانگیربوونی هێزی بازووی جەماوەر و زەبری بیر و خامەی ڕۆشنبیر و خوێندەوارە بەهرەدارە دڵسۆزەکانی نەتەوەکەمان دێتەدی ، بە شۆڕش و زریانێکی ڕۆشنبیری . بە پێکگەیشتن و لێکگەیشتن و دیالۆگ و گرتنەبەری شێواز و ڕێبازێکی دیمۆکراسییانەی سەردەمانە . سا کوردینە ،

ئیدی دێری کرد ، وا سەدەی بیست و یەکەمە .

* * * * * * * * * * * * * *

سەرچاوە و پەراوێزەکان :

(۱) بروانە " فاوست " ، تراژیدیا ، بەشی یەکەم ، ۱۸۰۸-۱۸۲۹ " .
(2) Hannelore Küchler:" Öffentliche Meinung, eine theoretisch-methodologische Betrachtung und eine exemplarische Untersuchun Selbstverstänis der Kurden ". Diss., Frei Universität Berlin , 1978 , S. 105-106
( (3) د. ماهر الشریف : " فلسطین و المشرق العربی فی نقاشات الموتمر العربی السابع للاممیه الشیوعیه " ، مجله الثقافه الجدیدة ، العدد ۱۲۵ ، تشرین الاول ۱۹۸۰ ، ص ۲۸-۴۲ .
(4) Josef Stalin :" Der Marxismus und die nationale Frage " , 1913 . in " Der Marxismus und die nationale und koloniale Frage ", Köln, 1976, S. 26
(5,6,7,8) تکایە بۆئەو باسە ، بروانە ئەم سەرچاوانە :
* کریس کوچرا : کردستان و جمهوری مهاباد ، ترجمه ناهید بهمن پور ، انتشارات اسماعیل شریفزاده ، ۱۶۳۰.
* گیونتەر دێشنەر : کوڕەکانی صەلاحەددین "، ( بەئاڵەمانی ) ، ۱۹۸۰ .
* مەحمود مەلا عیززەت : " کۆماری میللی مەهاباد " ۱۹۸٦ .
* کەریمی حیسامی : " کۆماری دیموکراتی کوردتان یان خودموختاری " ، ۱۹۸٦
* ولیام ئیگلتۆن : " کۆماری ۱۹٤٦ ی کوردستان " ، ۱۹٦۳، ب ۱ و ۲ .
* ئەوڕەحمان قاسملۆ :" چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیی " ج ۲ ، ۱۹۸۸ .
* نەوشیروان مستەفا : " حوکومەتی کوردستان " ، ۱۹۹۳
* غەنی بلوریان : " ئاڵەکۆک " ،۱۹۹۷
* کوردۆ عەلی : " سۆڤیەت و بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد ، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەیەک بە کارنامەی دوکتۆرییەکەی کاک فازڵ مەلا مەحمود دا " . ۱۹۸٦
" سڕینەوەی چەند پەڵەیەک بە تەوێڵی ڕاستییەوە " . ۱۹۸۷
۹- کۆڕی زانیاریی کورد : "بەرکورتێکی خەرمانی کوردناسی لە ئەوروپا ، بەغدا" ، ۱۹۷٤ ، پێشەکییەکەی مامۆستا

مەسعود محەمەد.
١٠ـ کوردۆ عەلی : " نووسەری هێژای تورک سمایل بێشکچی و تیۆروانینێکی زانستانە لە مەسەلەی کورد " ، سالزبورگ ، ١٩٩٢ ، ل ٣٩.
١١- بروانە :
١ـ الدکتور سربست توفیق : " هل الاعتراف القانونی الدستوری بحق تقریر المصیر للشعب الکردی معناه الانفصال ، ام حق مشروع ؟ " ، کوبنهاگن ، ١٩٩١ .
٢ـ دوکتۆر حسێن محەمەد عەزیز : " فیدرالیزم و دەوڵەتی فیدراڵ "،ستۆکهۆڵم ، ١٩٩٦.
٣ـ " جاری گەردوونیی مافی مرۆڤ " ، وەرگێڕان و بڵاوکراوەی ئینیستیتوتی کوردیی پاریس ، ١٩٨٩ .
٢١ـ محمد طلب الهلال : " دراسه عن محافظه الجزیرة " ، دمشق ،
13- Basam Tibi: " Die Verschwörung " , Deutsche Tschenbuch Verlag , München , 2. Auflage , 1994, S. 269 .
١٤- عیسی پژمان : " اتفاقیه جزائر در پرونده بکل سری ساواک " ، پاریس ، ١٩٩٤
١٥ـ ئەمە فەرموودەی سەرکردەیەکی کوردبووە ، لەوەڵامی پرسیاری لایەنگرانیدا .١٦ـ بروانە سەرچاوەی ژمارە ٩ .

هەولێرنامەی کتێب

دکتۆر کەمال عەلی

# خوارووی کوردستان و دەسەڵاتی کوردی

بزووتنەوەی چەکدارانەی خوارووی کوردستان لە کۆتایی هەشتاکاندا کەوتە بارودوخێکی سەختەوە، چونکە چیدیکە خۆی لە هێرشی چەکی کیمیایی پێڕانەدەگیرا، بەتایبەتی پاش ڕاگرتنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران، ئیدی بەغدا هێزەکانی خۆی بۆ لە نێوبردنی یەکجارەکی ئەو بزووتنەوەیە بەکاربرد. دونیا تێکڕا بێدەنگ بوو لە سیاسەتی ژینۆسیدی بەغدا بەرامبەر بە کورد.

بنکەو داروپەردووی بزووتنەوە چەکداریەکە لە باشوور نەما، پەرەوازەو پەڕیدەی ئێران و سوریا بوون. تاق و لۆقێکی لێکەنارخەی، ئیدی سەرجەمی سەرکردەکانی بەرەو ئەوروپا ڕەویان کردو بوونە پەنابەر.

عێراق کە هەشت ساڵ لەگەڵ ئێراندا جەنگا بوو، هێشتا چەک و جبەخانەیەکی زۆری مابوو. لە ماوەی دوو ساڵ تەقەبەستدا بە پارەی وڵاتەکانی کەنداوو قەرزو قۆڵە هێندەیدیکە خۆی پرچەک کردبوو بە چەشنێکی وا کە مەعادەلەی هێز لە نێوچەکەدا بە سەرکەوتنی عێراق کۆتایی دەهات. ئەگەر لەشەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا گەورە دەولەتانی جیهان، بە تایبەتی ئەمەریکا هاوسەنگیەکیان لە تێوانیاندا ڕاگرتبوو، هەڵبەتە لە کاتی بڕانەوەی جەنگدا ئەو جۆرە مەعادەلە لاسەنگیە لە بەرژەوەندیان نەبوو :

(١) ئەمەریکا کەنترولکردنی وڵاتانی کەنداوی فارسی بە مافی خوی دەزانێ و هێزی شەڕخوازی سەدام حوسێنیش

مەترسی گەورەی بۆ خۆیی و ئیسرائیل دروست دەکرد.
(٢) ڕژێمی سۆڤیەت لە لێواری سەرەمەرگدا بوو کە دۆستێکی ستراتیژی ڕژێمی بەغدا بوو.
لەبەر ئەوە لاوازکردنی وولاتیکی بەهێزی وەک عێراق لە لیستی هەرە پێشەوەی نەخشەکانی ئەمەریکادابوو لە ڕۆژهەلاتی نێوەراستدا.

ڕەنگ هەیە داگیرکردنی کوێت (٢/٨/١٩٩٠) لە لایەن عێراقەوە وەک سەرکردەکانی دەیانووت "ئەنجامی باری نالەباری ئابووری وولاتەکەیان بوو بێت و کوێت فەندوفێلی لێکردبێتن و لە بازاڕی جیهانیدا لە نرخی نەوتی کەمکردبێتەوە و ٠٠٠٠هتد" لایەنێکی مەسەلەکە بێ. بەلام ئەو هەلە گەورەیەی عێراق بە نەخشەیەکی پلان بو کێشراوی ئەمەریکا بوو بێت : (١) بۆ نەهێشتنی ئەو مەعادەلە بەهێزەی عێراق. (٢) گەڕانەوەی هێزی ناتۆ بو نێوچەکە کە ماوەی چل سالێک دەبوو بەهۆی شەڕی ساردی نێوان جیهانی سەرمایەداری و سوسیالیزمەوە کۆنترولی تەواوی لە دەست دابوو. (٣) ژێردەستکردنی نێوچەکە بە تایبەتی وولاتە عارەبیەکانی کەنداو لەڕێی چەکداری و سیاسی و ئابووری یەوە.

سەبارەت بە کورد: ئایا شەری کەنداوی دووەم کە بەشەری "گەردەلولی بیابان" نێوی ڕۆشتوە مەسەلەی کورد بەرەو چ قۆناغیک دەبات؟

لە مێژووی ئەم سەد سالەدا کوردستانی گەورە ژمارەیەکی زۆر لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی بە خۆوە دیوە. سەرجەمی ئەو شورشانە بو دامەزراندنی دەسەلاتیکی سەربەخۆیانەی کوردستانی بوون کە تا کۆتایی هێنانی شەری دووەمی جیهانی لە بن سەرکردایەتی کلاسیکی کورددا بەڕێوەدەچوون، بەلام هیچ یەکێک لەوانە ئامانجی نەتەوایەتیان نەپێکا:
(١) لەبەر ناتەبایی و نەبوونی ماکینەیەکی ڕێکخەر کە هێزە کوردستانیەکان کۆبکاتەوەو لە ڕێی بەرنامەیەکی نەتەوەییەوە کاری بۆ بکات.
(٢) جیاوازی نێوان هێزە کوردستانیەکان و هێزی دەولەتانی داگیر لە ڕووی تیفاقی جەنگی و باری ئابووریەوە.
(٣) پشتیوانی کردنی مەزنە دەولەتانی جیهان لە سیاسەتی ئەو دەولەتانەدا دژ بە کورد. تەقەلاکانی کورد لە مسۆگەرکردنی یارمەتی ئەو دەولەتانەدا ڕەنج بە بابوو، کات و سەردەمەکەش پتر لە بەرژەوەندی نەبوو.

لەبەر ئەوە بە درێژایی ئەم چەرخە شۆڕشەکان بە سەرکەوتنی کورد کۆتاییان نەهات و نەتوانرا دەسەلاتێکی سەربەخۆیانە بە دەست بێ. تەنیا ڕووداویکی جیهانی بوە کە لە گەل گۆڕینی بارودۆخی نێوچەکەدا مەسەلەی کوردی گەیاندوتە مەیدانی سیاسەتی نێودەولەتیەوە. بۆ وێنە: لە کۆتایی هێنانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کورد دەرفەتی پەیماننامەیەکی وەک سیڤەری بۆ هەلکەوت. لە برانەوەی شەری دووەمی جیهانیدا دەسەلاتیکی سەربەخۆیانەی یانزدە مانگی لە بەشێکی گچکەی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا پێکهات. لە ئەنجامی شەڕی کەنداوی دووەمدا (١٦/١/٩١) "نێوچەیەکی ئازاد" لە باشووری کوردستاندا دامەزرێنرا. لەم ڕووداوەی دوایی یاندا دۆزی ناسیونالی کوردپێینایە قۆناغێکی نوێەوە کە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازی لەگەل دوو ڕووداوە جیهانیەکەی پێشووتردا هەیە.

ئەگەر لە ڕووداوە جیهانیەکانی پێشووتردا لە ڕێی چەند سەردارێکی کوردەوە یاخود ڕێکخستنێکی سیاسیەوە هەول بۆ هێنانەدی دەسەلاتێکی خۆبەخۆیانە دەدرا، ئەوا لەم ڕووداوانەی دواییدا دامەزراندنی ئەو ڕەوشە نوێیەی خوارووی

هەواڵنامەی کتێب

کوردستان چ پەیوەندیەکی راستەوخۆیانەی بە بزووتنەوەی چەکدارانەو سیاسیانەی هیچ یەکێک لە ڕێکخستنە کوردیەکانەوە نەبووە، بەڵکە :

(١) بەژێرکەوتنی ڕژێمی بەغدا لە شەڕی گەردەلولی بیاباندا.

(٢) بە ڕاپەرینی جەماوەری کورد بە باش و جاشەوە.

(٣) بە کۆچڕەوی پتر لە دوو ملێون کورد لە دەست سوپاو چەکی قورسی عێراق.

(٤) بە کامێراو ماسمیدیای جیهانیەوە بە گەیاندنی دۆزی کورد بە کەناڵە تەلەفزێۆنیەکانی دونیا.

(٥) بە بڕیاری ژمارە "٦٨٨"ی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

ئەوانە هۆی بنچینەیی و سەرەکی مەسەلەک بوون کە نێوچەیەکی هێمنی دوور لە دەسەڵاتداریّتی بەغدا بۆ کورد دابمەزرێنرێ بە نێوی "نێوچەی ئارام"ەوە.

ئەو ڕەوشە دروستبوەی سەرەتای سالآنی نەوەدەکان لەو بەشەی کوردستاندا جارێکی دیکە سەرلەنوێ کەوتەوە بن کۆنترلی ئەو دوو ڕێچکەیەی کە پتر لە چارەکە چەرخێک دۆزی ناسیۆنالی کوردیان لە ڕێی دوو بۆچوونی جیاوازەوە بەرەو هەرەس و هەڵدێرو مالوێرانی بردووە. دوو بۆچوونی جیاواز لە چۆنێتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردا : (١) ڕێڕەوانی بیری مارکسیزم، کە دەستەیەکی چەپڕەوی ڕۆشنبیر بوون و لە ساڵانی "٦٤" بە دواوە بە "مەکتەبی سیاسی " لە نێو جەماوەری گەلدا ناسران. (٢) دەستەی لیبرالیزم، کە لە هەموو تاقم و توێژاڵێکی کۆمەڵگەی کوردەواری پێکهاتبوون و سەرکردەیەتی ئەو بزووتنەوەیە لە لایەن بارزانی یەوە بە ڕێوە دەچوو.

بۆچوونی ئەو دوو ڕێبازە زێتر لە کاتی هاتنە سەرکاری بەعسی یەکان (٦٣/٢/٨) بۆ سەر دەسەڵات ئاشکرا تربوو. دەستەی یەکەم بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی دەیانووت " ئەگەر ئەمجارە شەر لە نێوان کوردو حکومەتی عێراقدا (بەعسیەکان بە سەرکردەیەتی عەبولسەلام عارف) دەست پێبکاتەوە ئەوا هەموو عارەب یەکدەگرن و دێنە سەرمان، ئێران و تورکیاو ئینگلیزو ئەمەریکاش دێنە سەرمان و کورد لە فرمێسک و خوێندا نقوم دەکەن"

دەستەی دووەمیش بە تایبەتی بارزانی دەیووت " عارەب قەد نابنە یەک، بەشەرتێک ئێمە خۆمان یەکبین هەموو دونیا بێتە سەرمان پێمان ناوێرێ. ئێمە لەسەر حەقین و خودای تەبارەک و تەعالا لەگەڵ حەقە"

ئەم ڕەوشە تازە دروستبوەی ساڵانی نەوەدەکان لەم بەشەی کوردستاندا لە دوو خاڵاندا کۆدەکەینەوە :

یەکەم: ئایا ئەو دوو بۆچوونە جیاوازە : مەکتەبی سیاسی ساڵانی شەستەکان و یەکێتی نیشتمانی ئەوڕۆکە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی بەرپرسی هەرەسی شورشی ئەیلول، کە بە بەرنامە بە نێوەرۆک و بە هەڵوێست و بە کرداریان دوو حیزبی عێراقین، دەتوانن پاش "٣٥" ساڵ شەڕی نێوان یەکدی و سیاسەتی خۆبەدەستەوە دان و پەنابردنە بەر داگیرکەران و دوژمنایەتیکردنی کوردپەروەران و دەرپەڕاندنی مێشک و هۆشی کورد بۆ هەندەران و نەبوونی بەرنامەیەکی نەتەوەیی، دەتوانن مەسەلەی کورد بەرەو دوا ڕۆژێکی ڕووناکی سەرکەوتووانە بەرن؟

دووەم: ئایا سیاسەتی نێوچەکەو نێودەوڵەتی کە بووەتە هۆی ڕێگرتنی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ئازادیخوازانەی کوردستانی وهەڵگیرساندنی شەڕی نێوخوی کورد ئەنجام بە کوێدەگا؟ ئایا کۆنترۆڵکردنی خوارووی کوردستان لە لایەن ئەو دوو دەستەیەوە" یەکێتی و پارتی " بەرەو کوێدەچێ؟

## خاڵی یەکەم : سیاسەتی حەوت ساڵەی باشووری کوردستان

لە "١٩٧٤/٣/١١" دا یاسای ژمارە "٣٣"ی ئۆتۆنۆمی بە نێوی "بەرەی پێشکەوتنخوازی عێراقەوە" ڕاگەیەندرا. لەو بەرەیەدا کۆمۆنیستەکانی عێراق و دوو حیزبی کوردی کارتۆنی بەکرێگیراوی ڕژێمی عێراقیش بەشدارو هاوپەیمان بوون. بەڵام لە بنەڕەتدا ئەوە بەرنامەیەکی یەک لایەنەی خودی جێگری سەرەک کۆماری ئەو دەمەی عێراق سەدام حوسێن بوو. سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول، بارزانی ئەو یاسا ئۆتۆنۆمیەی بەغدای ڕەتکردەوە. چونکە بە پێی ئەو یاسایە دوو لە سەر سێی ڕووپێوی کوردستان نەدەکەوتە نێو ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمیدارەوە، کە ئەمەش هۆی سەرەکی دەسپێکردنەوەی شەری نێوان ڕژێمی بەغداو سەرکردایەتی شۆڕش بوو لە بەهاری "١٩٧٤"دا.

لە ساڵی " ١٩٩١ " دا بەپێی بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارە "٦٨٨" بڕیار لەسەر پاراستنی مافی کوردو هاووڵاتیانی عێراقی درا. لە بن هێڵی "٣٦"دا هەروەک ووتمان "نێوچەیەکی ئازاد" بۆ دەسەڵاتدارێتی و خوبەڕێوەبردنی کوردی پێکهات.

ئەگەر بەراوردێکی هێڵی "٣٦" و یاسای ژمارە "٣٣" ی ئۆتۆنۆمی ساڵی ١٩٧٤ بکەین، ئەوا دەردەکەوێ کە لە رووی ڕووپێوی جوگرافیەوە هەردوو یەکن و چ جیاوازیەکیان لەگەڵ یەکدیدا نیە. هەردووکیان یەک لەسەر سێی (٣٣ هەزار کیلومەتری چوارگوشە) سەرجەمی ڕووپێوی باشووری کوردستان پێکدێن، کە ئەمەش زۆر دوورە لە ڕووپێوە ڕاستینە مێژوویەکەی خۆی کە (٩٧ هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەیە). بەڵام جیاوازی نێوان ساڵانی حەفتاکان و نەوەدەکان لەوەدایە : بە پێی یاسای ژمارە "٣٣" دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخو دەکەوتە بن کۆنترۆلکردنی ڕژێمی بەغداوە. بەڵام بەپێی بڕیاری "٦٨٨" هەمان نێوچەی نەخشە بۆکێشراوی هێڵی "٣٦" دەکەوێتە بن کۆنترۆلکردنی کورد خۆیەوە، کە لە ڕووی جوگرافی و سیاسی و ئیداری و ئابووریەوە لە حکومەتی عێراق جیاکراوەتەوە.

بە ڕێنوێنیکردن و ڕاوێژکردنی ئەمەریکاو ووڵاتە ئەوروپایەکان، هێزە کوردیەکان (بەرەی نیشتمانی کوردستانی، لە ساڵی ١٩٨٨ دا لە ئێران لە نێوان هەشت حیزبدا پیکهات) لە هەڵبژاردنێکی ئازادا لە ١٩٩٢/٥/١٩ بە دەنگدانی زۆربەی جەماوەری کورد لە ناوچەی ئارام دا دەزگەیەکی یاسادانانیان بە نێوی (پەرلەمان)ەوە دامەزراند. لە ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤ دا دەزگەیەکی تەنفیزی بە نێوی (حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق)ەوە لە نێوان هەردوو حیزبە گەورەکەی ئەم بەشەی کوردستاندا: " یەکێتی " و " پارتی " دامەزرێنرا.

هەرچەندە ئەو دوو دەزگەیە تەواویی نوێنەرایەتی جەماوەری کوردی پێکنەهێنابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتەوەی کورد بە گشتی هەموو هێزێکی خستەکار بۆ پشتیوانیکردن و سەرخستنی ئەو تاقیکردنەوە نوێیە. ووڵاتانی ئەورووپاو ئەمەریکاش پێشوازیان لەو دەزگانە کرد، ئامادەییان لە پاڵپشتیکردنی خۆیان بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیە پیشاندا.

دەسەڵاتدارێتی پارتی و یەکێتی لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا لە دوو خاڵاندا پێشکێش دەکەین:

(١) سیاسەتی نێوخۆی کوردستان

(٢) سیاسەتی دەرەوە

(١) سیاسەتی نێوخوی کوردستان: ئەم سیاسەتە لەم خالانەی خوارەوەدا کۆدەکەینەوە:
یەکەم : دەسەلاتی "نێوچەی ئازاد" و عێراقیکی پلورالیزم: بۆچوونی دەسەلاتدارانی "نێوچەی ئازاد" کە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا نیوە بە نیوە کراوە، هەمان بیرو بەرنامەی پتر لە چارەکە چەرخێک لەمەوبەرە سەبارەت بە دیموکراتیکردنی رژێمی نێوەندیی عێراقی و دروستبوونی سیستەمێکی پلورالیستانە کە لە رێی هەڵبژاردنکی "ئازادانەوە" پەرلەمانیکی فرەچەشنەیی لە گشت لایەک پێکبێ کە بکارێ یەکێتی نیشتمانی عێراق بپارێزێ.
ئەورۆش دەسەلاتی کوردستانی لە دوو لاوە تەقەلای بە ئەنجامدانی ئەو مەسەلەیە دەدا کە تائێستا هیچیانی بۆ سەر نەگرتوە:
(أ) لەگەڵ رژێمی بەغدادا: لە بەهاری ١٩٩١ دوە بە نێوی "بەرەی نیشتمانی کوردستانی عێراق"ەوە بۆ زیندووبوونەوەی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ کەوتنە ووتووێژ کردن. بەلام سەدام حوسێن نە بە مەسەلەی دیموکراتیکردنی رژێم و نە بە بوژاندنەوەی بەیاننامەی ئازار رازی دەبوو، هەردوو ئەو داوایانەی رەتکردنەوە. لە گەڵ ئەوەشدا پەیوەندی هێزە کوردیەکان و ئەو رژێمە تا ئەورۆش هەر بەردەوامە.
(ب) لە گەڵ هێزەکانی دژ بەرژێمی بەغدا: پەیوەندی دەسەلاتی کوردی لەگەڵ هێزە بەرهەلستکارەکانی عێراقدا پەیوەندیەکی عێراقیانەیە. وەک بەرنامە هەردوو لایان داوای رژێمێکی دیموکراتیانەی پلورالیستانە دەکەن. ئەگەر چی ئەو مەسەلە نێوەندیە چ پێوەندیەکی ئەوتۆی بە کوردەوە نیە، کەچی دەسەلاتی کوردی زێتر بە جۆشترو پەرۆشترن وەک لە عێراقیکان خۆیان، ئەمە لە کاتێکدا ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانە باوەریان بە راستی مەسەلەکە نیە کە بەشێکی هەرەگرنگی بە دیموکراتیکردنی رژێمی عێراق دۆزینەوەی چارەسەرێکی بنەرەتی مەسەلەی نەتەوایەتی کوردەو لانی کەم مافێکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا.
هێزەکانی دژ بە رژێم لەگەڵ ئەو عێراقە فیدرالیەدا نین کە دەسەلاتی کوردی باسی لێدەکات و سەروەرێتی عێراق دەپارێزی. هەندێکیان وەک "العراق الحر" بە سەرکردەیی سەعد سالح جەبر لەگەڵ مافی ئیداریدان بۆ کورد کە نێوی ناوە " الفیدرالیە الاداریە" (٢)
کۆنگرەی نیشتمانی عێراق (INC ) کە تا ئەرۆ نوێنەری کوردیشی تێدایە، بە سەرکردەیەتی د. ئەحمەد چەلەبی قایلە بەوەی کە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ بە کورد رەوا ببینێ (٣). بەلام بزووتنەوە ئیسلامیە عێراقیەکان هەرهەموویان پێیان وانیە کە کێشەیەکی نەتەوایەتی هەیە بە نێوی کێشەی کوردەوە، بەلکە کێشەیەکی عێراقی هەیە. (٤)
ئەم هێزە عێراقیانە کە هەر هەموویان پەرەوازەو کەرت و پەرت و بێ هێزو بێ جەماوەرو دوورە وولاتن سەبارەت بە کوردو مەسەلەکەی گەلێک لە رژێمی سەدام حوسێن بێبوژدانترن. لانی کەم سەدام حوسێن مافی کورد لە رێی دەستوورێکی یاساییەوە کە " یاسای ژمارە ٣٣ ی ئۆتۆنۆمی یە" رەوا دەبینێ، کە ئەمەش بوەتە دۆکومێنتێک و لە یاسای نێونەتەوەیی دا حسێبی بو دەکرێ.
بەم پێیە دەبینین کە پێوەندی هاوکارانەی دەسەلاتی کوردی چ لەگەڵ رژێمی بەغداو چ لەگەڵ هێزەکانی دژ بەو رژێمەدا

لە دیموکراتیکردن و هێنانە سەرکاری دەسەلاتێکی پلۆرالیستانە لە عێراقدا سەرکەوتوانە نیە، بەلکە زێتر مەسەلەی کورد بەرەو لاواز بوون و ژێر دەستەیی دەبات.

دووەم : پەرلەمان و مەسەلەی فیدرالیزم:

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە سالی ١٩٧٥ دا، ڕژێمی بەعسی عێراقی بە پالپشتی گەورە ولاتانی جیهان (سۆڤێت لە ڕێی پەیماننامەی درێژخایەنی سوپایی، تێکنیکی، بازرگانی، ڕۆشنبیری و ئابووریەوە. ئەمەریکاو ولاتە پیشەسازیەکانی دیکەش لە ڕێی بەستنی کۆنتراکتی بازرگانی و ئابووریەوە) بە تەواوی ڕێی بۆ خۆش بوو کە درێژە بە سیاسەتی ژینۆسیدو قەتل و عامی کورد بدات. زولم و زۆرداری و تیرۆریش بەرامبەر هەموو هێزو تاکێکی بەرهەلستکاری ڕژێمە تۆتالیتێرەکەی بنوێنێ. مافی مرۆی کوردو عارەبە چەوساوەکانی عێراقیش لە کولەکەی تەڕی هیچ یەکێک لە ولاتەکانی جیهاندا باس نەدەکرا.

لەو دەمەوە هەلگرانی بیری نەتەوەیی بە خورتی هەولی ئەوەیان دەدا کە بزووتنەوە کوردستانیەکان لە چوارچێوەی شەختە بەستوانەی نێوچەگەرێتی بێنە دەرەوەو دروشمێکی نەتەوەییانە بکەنە ستراتیژی خویان. چونکە پێیان وابوو کە چیدیکە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی عێراقێتی و نێوچەیی نیەو دەبێ بکرێتە مەسەلەیەکی نێودەولەتی.

تەقەلاکان ئەنجامێکی سەرکەوتوانەی هەبوو. پاش دامەزراندنی دەسەلاتی کوردی لە سێپتەمبەری ١٩٩٢ دا پەرلەمان قەناعەتی بەوە هێنا کە ئیدی "ئۆتۆنۆمی" مافێک نیە کورد خۆی بۆ بەخت بکات. لەبەر ئەوە کوردستانی وەک " هەرێمێکی فیدرالی " لە عێراقدا ڕاگەیاند، کە هەلبەت ئەمەش هەنگاوێک لە پێشترە وەک لە ئۆتۆنۆمی.

شایانی باسە ئەو جووتە مافە " ئۆتۆنۆمی " و " فیدرالی " گەلیک جار لە لایەن حکومەتە نێوەندیەکانەوە دەدرێنە کەمە نەتەوەییەکان تا جودا نەبنەوە و لە چوارچێوەی ولاتەکەدا توند گرێیان بدەن. هەندەک جاریش بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان چەند میللەتێکی یەک ولاتی وەک : بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی وای پێویست کردوە کە ئۆتۆنۆمی یاخود فیدرالی پێکبێت.

ئەوجا لێرەدا لەو بەرژەوەندیانە وورد بینەوە کە دەبنە هۆی گرێدانی دەسەلاتی کوردی و بەغدا پێکەوە !!

(أ) ئەورو بەلانی کەمەوە هیچ یەکێک لەو بەرژەوەندیانە پێکەوەیان گرێ نادات چونکە "نێوچەی ئازاد" بۆ ئەو مەبەستە بوو کە کورد لە عێراق دابڕێ : لە ڕووی سیاسیەوە، کورد چ پابەندو ملکەچی ڕژێمی سیاسی و یاسایی و قەزایی عێراق نیە. پەرلەمانی کوردستان دەتوانێ بۆ خۆی دەستوورێک دابنێ کە چ خۆبەستنەوەو گرێدانی لەگەل دەستووری عێراقیدا نەبێت.

(ب)لەباری ئابووری یەوە: ڕاستە جارو بارە عێراق گەمارۆی ئەوت و هەندەک وردە کەلوپەلی لەسەر کوردستان داناوە، هیچ کاتێک ئەو مەترسیە گەورەیەی بۆ کورد دروست نەکردوە. پێوەندی ئابووری و بازرگانی " نێوچەی ئازاد " لەگەل ئێران و تورکیادا زێدەترە وەک لەگەل عێراقدا. دیناری کوردی گەلێک لە دیناری عێراقی بەهێزترەو دوو مامەلەی جیاوازیان پێدەکرێ. تەنانەت دیناری کوردی بەرێژەی ولاتەکانی دەوروبەری بەهێزترین پارەیە.

(ج) هاتووچۆی نێوان کوردستان و عێراق بە درێژایی ( ٤٠٠ - ٥٠٠ ) کم لە لایەن هێزی سوپایی و ئاسایشی هەردوو لاوە کۆنترول دەکرێ. پێوەندی پەرلەمان و حکومەتی فیدرالی و نوێنەرایەتی حیزبەکان لە گەل ولاتانی

دەرەوە دا لە سەر ئاستی پێوەندی کوردستان و دەرەوەدایە، نەک عێراق و دەرەوە.

هەرچەندە ڕاگەیاندنی حکومەتێکی هەرێمی فیدرالی لە لایەن دەسەلاتی کوردیەوە نزیک بوونەوەیەکە لە دیاریکردنی مافی چارەنوسی کورد، مەخابن ئەو فیدرالیە وەک مەتەلێک وایە و کورد لێی بە گومانە. چونکە:

(١) حکومەتی هەرێمی فیدرالی تا ئێستاش دەستوورێکی بۆخۆی دانەناوە، بەڵکە زۆربەی کارەکانی لەسەر بنەما دەستووریەکانی حکومەتی عێراقی بەڕێوە دەبات. گۆڕینی چەند یاسایەکی عێراقی بۆ کوردی ناکاتە ئەوەی کورد خاوەنی دەستووری خۆی بێت.

(٢) سنووری مێژوویی و جوگرافی کوردستان تا ئێستاش دەستنیشان نەکراوەو رووپێوی خوارووی کوردستان نازانرێت چەندەو کوێ دەگرێتەوە.

(٣) ئایا ڕاگیاندنی فیدرالی بۆ کوردستان رەوایەتیەکی یاسایی دەداتێ لە کاتێکدا کە عێراق وەک ئەورۆکەی بمێنێتەوە و رژێمی ئێستەو پاشەرۆژیش هەر عێراقێکی فیدرالی نەویست بن؟ یاخود دەبێ مەسەلە هەر ئەوەبێ کە دەسەلاتی کوردی بە نێوی فیدرالی و فیدرالیزمەوە ئامادەبێ کە بە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ یش قایل بێت؟ خو گەر وانەبێ چما کوردستانێکی فیدرالی بە عێراقێکەوە دەبەستنەوە کە جێی گومان و بێهومێدی بێ ؟ بۆچی هەر لە ئێستەوە کورد خۆی بە حکومەتێکی کۆنفیدرالی کوردستانی ئامادە نەکات کە لە دوا رۆژ دا بە پێی ویستێکی ئارەزوومەندانەی هەردوو گەلەکە یەکێتیەک لە نێوانیاندا پێک بێت؟ بۆچی لەم بارەیەوە بیرورای جەماوەری کورد تێنەخوندرێتەوە و رێفیراندۆمێک بکرێ و بزانرێ کورد چی دەوێ؟

بۆچی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٠ دا ئامادە بوو رێفیراندۆم لەسەر کەرکوک بکرێ (رێفیراندۆم لە سەر هەر بستە زەویەکی کوردستانی بە مانای ناپاکی دێ کەس بۆی نیە ئەو بڕیارە بدات تەنیا کورد خۆی نەبێ) تا رەوایەتی بدرێتە بەغداو گومان لە سەر کوردستانیەتی کەرکوک و باژێرەکانی بکرێ، کەچی لە نێوچەیەکی ئازادی بن دەسەلاتی کوردیدا کارێکی پیرۆزی وەک گەل پرسی بە کورد رەوا نەبینرێ کە چارەنوسی خۆی دەستنیشان بکات؟

من پێم وایە نەک تەنیا خەلکە سادەکە، بەلکە دەستەی رۆشنبیرو توێژاڵە زانستکارەکانیش لە نێوەروکی ئەو فیدرالیە بێئاگان کە پەرلەمانی کوردستانی ڕایگەیاندوە.

بەلام هێندەی بۆ هەموو لایەک ئاشکرابێت ئەوەیە کە رژێمێکی فیدرالی بێ دەستوورو بێ یاساو بێ ئالاو بێ سنووری جوگرافی و بێ دەزگەیەکی راگەیاندن و تەلەفزیۆنی و ئەکادیمی بو باس و لێکۆلینەوە، کورد دەخاتە گومان و دوارۆژێکی تەماویەوە.

سێیەم: دەسەلاتی هەرێم و ستراتیژی کوردستانی:

سەرنجدان و ووردبوونەوە لە بەرنامەو هەلوێستی حیزبە کوردیەکان، بە تایبەتی پارتی و یەکێتی کە دوو دەسەلاتداری گەورەن لە خوارووی کوردستاندا دەمانگەیەنێتە ئەو بیرورایەی کە بیێژین:

هیچ یەکێک لەو دووەو ئەوانیدیش ستراتیژێکی نەتەوەیی یاخود نیشتمانیان لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا نیە، بۆچی؟

١) حیزبە کوردیەکان خۆیان بە عێراقی دەزانن (٥). بزووتنەوەی کوردایەتی لە خوارووی کوردستاندا بە بەشێک لە بزووتنەوەی عێراقی دەزانن، نەک بە بەشێک لە بزووتنەوەی کوردستانی. ئەم بۆچوون و هەلوێستە هاوئاهەنگ و

جووت باقەیە لەگەڵ ستراتیژی هێزە بەرهەڵستکارە عێراقیەکاندا. (٦) ئەم حاڵ و بارو بۆچوونە لە حیزبە کوردیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا دەبینین.

ب) ئەنجامی دانیشتنەکانی یەکێتی و پارتی لە لەندەن و لە دەبلن و لە پاریس و لە ئەنقەرە و لە کوردستان و نامەکانی نێوانیشیان هەر هەموو جەخت لە سەر تەواوێتی یەکێتی خاکی عێراق دەکەنەوە. کار گەیوەتە ئەو ئاستەی کە سەرکردەی یەکێتی و پارتی خاڵێکی گرنگ بۆ ئاشتبوونەوەی نێوانیان دەبەستنەوە بە تێکۆشان لە پێناوی پاراستنی سەروەرێتی خاکی عێراقدا!! ئەمە دەبێت وەک ئەوە وابێت کە نایف حەواتمە یان جۆرج حەبەش (هەردوویان فەلەستینین) بو ئاشتبوونەوەو تەبایی نێوان خویان و یاسر عەرەفات مەرجێک لە خاڵەکانی رێکەوتنەکەیان (پارستنی سەروەرێتی و یەکێتی خاکی ئیسرائیل بێت)!!

خاڵێکی دیکەی ئاشتبوونەوەی نێوانیان دەبەستنەوە بە لێدانی بزووتنەوەی چەکدارانەی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و پاراستنی ئاسایشی سنوورە دەسکردەکان بۆ دوژمنان و داگیرکەران.

ج) دەست تێوەردانی وولاتانی داگیرکەر بۆ کاروباری نێوخۆی کورد کارێکی وای کردوە کە دەسەڵاتی کوردی بیر لە دانانی بەرنامەیەکی ستراتیژیانەی نەتەوەییانە نەکاتەوە. بە پێچەوانەوە نەبوونی ستراتیژیەت و یەکێتی هێزە سیاسیە چەکدارەکانی کورد بۆتە پتر دەستێوەردانی وولاتە داگیر کەرەکان. ئەو دروشمە کوردستانیانەی کە حیزبەکان جاروبارە بەرزی دەکەنەوە زۆر لێڵ و بە گومانن. مافی کورد لە دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمیداریەوە باسدەکەن تا دەگات بە سەربەخۆیی تەواو. بەڵام ئەو دروشمانە تا ئەو کاتە بر دەکەن کە پێوەندیەکانیان لەگەڵ داگیرکەراندا خەستتر دەبێت. واتە ستراتیژێکی سیاسیانەی کوردستانیان نیە.

ح) لە بەرنامەی حزبە کوردیەکاندا لە پاڵ پشتیوانی کردنی ئینتەرناسیونالیانەیاندا بۆ خەباتی میللەتەکانی جیهان، باس لە رەوایەتی خەباتی کوردستانیش دەکرێ لە پێناوی مافی چارەنووسی خۆیدا، بەڵام ئەو پشتیوانی لێکردنە ستراتیژی نیەو بە پێی بارو سەردەمی پەیوندیە هاوکاریەکانیان لە گەڵ داگیرکەراندا دەگۆڕدرێ. بیرو هەڵوێستیان لە مەسەلەی خەباتی هاوبەشانەو چارەنووسانەی برایانەی عێراقچێتی وتورکچێتی و ئێرانچێتی وای کردوە کە هەر خۆیان باوەڕ بەو سنوورە دەسکردانەی رێکەوتنامەی لۆزاندا (١٩٢٣) بێنن وکە دژ بە ویست و ئارەزووی نەتەوەی کورد نەخشەکێش کراون، واتە باوەڕیان بە یەکپارچەیی خاکی کوردستان و مەسەلەی کورد نیە. هەر بۆ وێنە : لە ماوەی ئەم چارەکە چەرخەی رابووردوودا ناکۆکی و شەڕو بەیەکدادان لە نێوان بزووتنەوەی چەکدارانەی سێ پارچەی کوردستاندا بەردەوامە، کە لە هەموویاندا داگیرکەران دەستێکی باڵایان تێیدا هەیە.

کوردستان موڵکی هەموو کوردە. هەر کوردێک بۆی هەیە لە هەر گوندو شارو دێیەک بژی و خەباتی دژ بە داگیر کەران درێژە پێبدات.

چوارەم : دەسەڵاتی هەرێم و کوردی باشوور:

نەک بە تەنیا کوردی باشوور بەڵکە نەتەوەی کورد بە گشتی هەر لە سەرەتاوە بایەخێکی زۆری بە دەزگەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا، بە هۆی ئەوەی لە رووی کارگێڕیەوە ئەمانە جێی داموودەزگە تۆقێنەرەکانی بەعسی عێراقی

بگرنەوە و ببنە توونەی دیموکراتی دەسەلاتدارێتی لە نێوچەکەدا، بەلام حەیف و مخابن حیزبە دەستڕۆیشتووەکان حسێبێکی یەکجار بێ نرخانەو بێ بایەخانەیان بو کردوون. وەک دوو دەزگەی کارتێنی بە پێی فەرمانی حیزبایەتی خۆیان هەلسووکەوتیان لەگەلدا کردوون.
بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، کورد ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا لە ڕێی هەلبژاردنێکی "ئازادانەوە" پەرلەمانێک هەلبژێرێ و حیزبەکان بکاتە دەمڕاستی خۆی. خۆ ئەگەنا بەرلەوە ژێر دەستەی کورد بە ناچاری و بەردەوامی دەنکی خۆی داوەتە داگیرکەران. بەلام سەیرەو عەنتیکەیە، مەتەلێکەو سەر لێی دەرناچێ، لە کاتێکدا هەر کارێکی باش، هەر داوایەکی دلسۆزانە، هەر هەلوێست و بۆچوونێکی نەتەوە ییانە کورد کردبێتی ئەو حیزبانە لە دژی بوون. هەلبەت نەخۆشیە جەرگبرەکە لە بەدەنی بزووتنەوە کوردیەکە خۆیدایە، خۆ ئەگەنا سەدەو نیوێکە لە ڕێی بزووتنەوەی چەکدارانەوە کورد تەقەلای سەربەخۆیی و ئازادی دەدات و هەندەک جاریش دەرفەتەکەی بۆ لەبار بووە، بە تایبەتی ئەمجارەیان، بەلام هیچ مافێکی نەتەوەییانەیان بەدەست نەهێناوە.
تاقیکردنەوەی دەسەلاتی ئەم چەند سالەی هەلگرانی بیری کەسک و زەرد لە بازێرەکاندا کوردی تۆقاند، مەترسیەکی گەورەی لە دوارۆژیدا پەیداکردوە، تروسکایی و تەڕایی پێنەهێشتووە، دەسەلاتی هاوبەشانەی نێوان خۆشیانی زیندە بەچال کرد.
لە پێناوی سەروەرێتی و پێشڕەوێتی یەک ڕەنگیداو یەک کەسیدا ولاتێکیان بە وێران برد، میللەتێکیان هێندەیدیکە ژێردەستە کرد، ئابڕویان برد. دوو دەزگەی شارستانی وەک پەرلەمان و حکومەت دەبوو لە بن کۆنترۆل و بەڕێوەبەرایەتی شارەزایان و زانایان و پسپۆڕان و خاوەن کەسایەتیە نێودارەکان و کوردپەروەراندا بن. چونکە تەنیا ئەمانە دەتوانن ئەو دەزگانە بکەنە دەسەلاتێکی سیاسیانەی سەربەخۆو لە مەیدانی نێودەولەتیدا جێی بۆ بکەنەوە، ئەو تاق و لۆقە خەلکەش کە لە سەرکردایەتی دەسەلاتداریەکەدان و تاکو ئەوڕۆکەش بە پاکی ماونەتەوە، هیچ جۆرە بڕیارێکی سیاسیانەیان لە دەستدا نیە. بەلام بۆچی دەسبەرداری کاری حیزبایەتی نابن؟ بۆچی پاکێتی خۆیان تێکەل بەو تاوانە گەورانەی دژ بە کورد دەکرێن دەکەن؟ ئەمانە پرسیاری دژوارن، چونکە لە مێژووی حیزب حیزبێنەی کوردستانیدا تا ئێستە بۆ تاقە جارێکیش ڕووی نەملوە کە پاش تاوان و ناپاکی کردن سەرکردەیەک یاخود یەک لە سەرکردایەتێکانیان خۆی لە کاری حیزبایەتی کێشابێتەوەو هۆی وازهێنانەکەشی بۆ میللەتەکەی ڕوونکردبێتەوە!!
بە کورتیەکەی حوکمی حەوت سالەی دەسەلاتی کوردی لە بن هێلی "٣٦" دوە لە چەند خالێکدا دەپەستینەوە:

(١) نەبوونی بەرنامەیەکی نەتەوەیی بووەتە هۆی سەرەکی و گرنگی ژێرکەوتنی دەسەلاتەکە. بۆ وێنە:
ا) نەبوونی دەزگەیەک بە نێوی " ئەنجومەنی نەتەوەیی کوردستان " کە چارەنووسی کورد بپارێزێ و بڕیاری دوارۆژانەی شەڕو ئاشتی لە دەستدا بێت.
ب) نەبوونی دەستوورو یاسایەک کە پێش لەو بەربلاوی و هەراو هەرکەس بۆخۆییە بگرێ. ئەوڕۆ کوردستان وەک کۆمەلگەیەکی تیرەگەری لێهاتوە. ئەو تیرەیەی بەهێز تر بێ " یاسای جەنگەل " بەکار دێنێ. لە پێوەندی و هاوکاریشدا لەگەل داگیرکەرە سەرسەختەکاندا کەسێک نیە ڕێیپێبگرێ.

ج) یەکپارچەیی مەسەلەی کوردو کوردستان خۆی لە دەست داوە و باوەڕیان بە یەکێتیەکی نەتەوەیی نیە، بەڵکە لە بریتی ئەوە دوژمنایەتیکردن و شەڕی چەکدارانەی دژ بە پارچەکانی دیکەی کوردستان بووەتە بەرنامەی سیاسیان. کار گەیوەتە ئەو ئاستەی ڕک و کینەو دڵ کرمێ بوون لە نێوان هەر چوار پارچەی کوردستاندا دژ بە یەکدی دروست بووە.
یەکەم بڕیاری پەرلەمانی خوارووی کوردستان بۆ لێدانی پارتی کارکەرانی کوردستان PKK بوو، بە هاوبەشی و بەشداریکردنی ژەندەرمەی تورک.
(٢) شەڕی نێوخۆ بووە هوی چاندنی تۆوی دوژمنایەتی و کەرتکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری بە چەند بەشێکەوە.
(٣) کاولکردنی ڕێگەوبان و خانوبەرەو نەخۆشخانە. برسیکردنی میللەتەکەو ئازاردان و بەندکردن و تێرۆرکردنی ئەو کەسانەی لە خۆیان نین. بەدەرنانی هەزاران کورد (لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی کوردیدا چارەکە ملیۆنێک کورد پەریدەی وولات و ئاوارەی هەندەران بوون). میللەتێک لە دەست حکومەتەکەی خۆی هەڵبێت، دەبێ چ تێرۆر خانەیەک بێ !!
(٤) لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی و ژێرپێخستنی شەخسیەتی کورد. کەمکردنەوەو نەهێشتنی دۆستانی کورد.
(٥) تەسلیم کردنی مەسەلەی کورد بە ئێران و تورکیاو عێراق. بە تایبەتی بە تورکیای دوژمنی هەرەگەورەو سەرسەختی کورد. کردنی خوارووی کوردستان بە وێنەی باکور بە سەربازگەیەکی گەورەی ژەندەرمەی تورک. زێدەبوونی دەوری تورکمانەکانی کوردستان لە ڕووی سیاسی و رۆشنبیری و چەکداریەوە (بەپێی سەرچاوەکانی ئەم دواییانە، چەکدارەکانیان خۆیان لە ٤٠٠٠ دەدەن، کە بوونەتە بەشێکی تەواو لە ژەندرمەی تورکیا). بە تورکمانکردنی کوردستان بەردەوامە لە ڕێی کردنەوەی قوتابخانەو فێرگەی تایبەتی و مانگی سووری تورکیاوە. دووا ئەژماریان گەیوەتە (٣) سێ ملیۆن کەس.
(٦) کەرتکردنی " نێوچەی ئازاد " بە دوو بەشەوە. هەر باژێڕێکی کوردستان حکومەتی سەربەخۆی هەیە. سنوور نەخشەکێش کراوەو دانیشتوانی ئەوێ بە ڤیزە سەردانی کەسوکاری یەکدیدەکەن. لە نێوان هەردوو لایاندا ٤٠٠ چەکداری تورکمان و تورکی و کەمە سریانیەک بە چەک و تەقەمەنی و پارەی مانگانەو خواردەمەنی تورکیا سنوورەکە دەپارێزرێ.
(٧) گەڕانەوەی مەسەلەی کورد لە مەیدانی نێودەوڵەتیەوە کردنەوەی بە مەسەلەیەکی عێراقی.

(٢) سیاسەتی دەرەوە : ئەم سیاسەتە دەکەینە دوو بەشەوە :
یەکەم: سیاسەتی هەرێمی بە خوارووی کوردستانەوە.
دووەم: سیاسەتی نێونەتەوەیی بە هێڵی : ٣٦ " ەوە.

یەکەم: سیاسەتی هەرێمی بە خوارووی کوردستانەوە :
مێژووی کورد زۆرجار دووپات دەبێتەوە، ڕووداوەکانیش هەمان شتن، بەڵام لە سەردەمی جیاوازدا. لای کەسێک مێژوو جەخت نابێتەوە کە لێی شارەزا بێت. کورد بە گشتی و بەڕێوەبەرانی بزووتنەوەکە بە تایبەتی لە مێژوو بێئاگان، بۆیە بێتەجروبەن، لە بەر ئەوە زوو هەرەس دێن، هەرەسەکانیش کوێرەوەری گەورەیان لێدەکەونەوە کە دەبنە ماڵوێرانی

بۆ سەرجەمی نەتەوەکە.

سیاسەتی چوار سەد ساڵەی لەمەوبەری سەفەوی و عوسمانیەکان ئەمڕۆ لە لایەن کۆماری لائیێتی تورکیاو ئێرانی ئیسلامی یەوە دژ بە کورد بەکار دەبرێ، بەڵام کورد هیچ دەرسێکی لێیان وەرنەگرتووە.

شەڕی کەنداوی دووەم گەلێک گۆڕانکاری لە نێوچەکەدا لە گەڵ خۆیدا هێناوەتە پێشێ، یەک لەوانە گۆڕینی ڕەوشی بزووتنەوەی کوردایەتیە لە خوارووی کوردستاندا کە سێ بۆچوون و ئیدۆلۆژی لە چوار لاوە دەورەیان داوەو تەنگیان پێهەڵچنیوە :

(١) ڕژێمی بەعس ڕژێمێکی ئۆتۆرێتێری تۆتالیتێرە. لە سوریا لە لایەن حافظ ئەسەد و لە عێراق لە لایەن سەدام حوسێنەوە بەڕێوە دەچن. لە بەندی (٢) و (٣)ی پرۆگرامی بەعسدا هاتووە :((عێراق بەشێکە جیاناکرێتەوە لە وولاتی عەرەب. ئەو گەل و نەتەوانەی کە لە خاکی عارەبدا دەژین وەک هاونیشتمانیەکی عارەب تەماشا دەکرێن. هەر کاتێکیش دڵسۆزیان بەرامبەر عارەب گۆڕدرا یان نەما، ئەوا دەبێ بارکەن بڕۆن)).

(٢) ڕژێمی ئێران ڕژێمێکی تیوکراتی جەعفەریی ئیسلامیە، بەڵام لە نێوەرۆکدا ڕژێمێکی قەومی شۆڤێنی فارسیە. بە رووالەت هەموو هاووڵاتیەکی ئێرانی بە هەموو ئاینزایەکانیەوە یەکسانن، بەڵام ڕاستیەکەی ئاینزای سوننە کە زۆربەی کورد لە ئێراندا پێکدێنێ ژێردەستەو چەوساوەو بێ مافن. ڕژێمی ئێرانی لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئیسلامیدا تێدەکۆشێت کە جارێ سنوورەکەی دەستنیشان نەکردووە بەرەو کوێ دەچێت. هەڵبەت سەرکردایەتیەکەشی بە دەست ئاینزای شیعەوە دەبێت.

(٣) ڕژێمی تورکیا ڕژێمێکی لایسێتیە و لە سەر بنەما تیۆریەکانی بیری تۆرانیزم دامەزراوە. تۆرانیزم دەڵێ : " ڕەگەزی تورک خاوێنترین ڕەگزی ئەم جیهانەیە. زۆربەی میللەتەکانیش دەچنەوە سەریەک بنەچەو ڕەچەڵەک کە ئەویش ڕەچەڵەکی تورکە ... هەموو ئەوانەی لە خاکی تورکیا دەژین تورکن. گەر لە حاڵەتێکدا کەسانی ناتورک هەبن با بار کەن بڕۆن".

ڕژێمی بەعسێتی و تورکیای لایسێتی بێگرێ و گۆڵ دەبێژن : ئەوانەی عارەب یاخود تورک نەبن با بارکەن بڕۆن، واتە ئەوانە میوانن. بەڵام ئێرانیەکان لە سەردەمی حەمە ڕەزا شادا کوردیان بە میوان نەدەزانی و پێیان نەدەگوتن بارکەن بڕۆن، بەڵکە کوردیان بە بەشێک لە ڕەگەزی خۆیان دادەنا. ئەورۆکەش لە سەردەمی ڕژێمی تیوکراتی جەعفەریدا، کوردو هەموو گەلە نافارسەکانیدیکە هاوئایین و برای دینین، ئێرانیش وولاتی هەموو ئیسلامە.

ئەوجا با بزانین پاش دامەزراندنی " نێوچەی ئازاد " و دەسەڵاتداریتی کوردی، سیاسەتی ئەو سێ کوچکە ئیدۆلۆژیە بەرامبەر بەو ڕەوشە نوێیەی خوارووی کوردستان چۆنە ؟

هەرچەندە ڕژێمی عێراق لاوازو پەککەوتە خرا و بەرامبەر بە بەشێکی خوارووی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی داگیرکەرانەی نەما، بەڵام ئەمە نەبووە هۆیەک کە ئیدی دامودەزگەی کوردی هێمنانەو سەربەخۆیانە بەڕێوە بچێ، بەڵکە چ عێراق خۆیی و چ تورکیاو ئێران و سوریا بە خورتی کەوتنە خۆکۆکردنەوەو پیلان گێڕان بە ئاشکرا بۆ تێکدانی دەسکەوتەکانی کورد.

تورکیاو ئێران و سوریا لە نێوان خۆیاندا بەرەیەکی سێ کوچکەییان پێکێنا کە لە لایەن "٤٥" دەوڵەتی ئیسلامی و

ژمارەیەک لە دەوڵەتانی دیکەی جیهانەوە پشتیوانیان لێدەکرێ کە :

(١) یەکپارچەیی خاکی عێراق بپارێزن و سەروەرێتی خۆی لە دەست نەدات.

(٢) دامودەزگەی سەربەخۆیانەی دەسەلاتی کوردی هەڵوەشێنن و دەزگە بەڕێوە بەرایەتیەکان و سوپای عێراقی بگەڕێنەوە کوردستان.

هەر یەک لەو سێ دەوڵەتە بە بەڵگەیەک خۆی بەڕاست دەبینێ بۆ دەست تێوەردانیان لە کاروباری "نێوچەی ئارام "دا: ئێران بە بیانووی ئەوەی کە هێزی چەکدارانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی . ئێران ئەم بەشەی کوردستانی کردۆتە مەڵبەندی جموجوڵی سیاسیانەو چەکدارانەی بەرفراوانی خۆی و دژ بە ڕژێمی ئیسلامی. تورکیا مەترسیەکی گەورەی لە هێزە چەکداریەکانی پارتی کارکەرانی کوردستان هەیە کە نێوچەیەکی ئازادیان لە بەشەی کوردستاندا لە بن کەنترۆڵدایەو لێرەوە هێرش دەکرێتە سەریان و هێمنی و نائارامی لە سنوورەکەیاندا دروست دەبێ. سوریا مەترسی گەورەی لەوەدایە کە دووارۆژ هێڵی "٣٦" هەموو خوارووی کوردستان بگرێتەوەو (وڵاتێکی عارەبی) پارچە بکرێ! ئەمە جگە لەوەی کە هەر یەک لەم وڵاتانە بەشێک لە کوردستان و گەلەکەیان ژێردەستە کردووەو لە داهاتوودا شێوەنەکە دەستەو یەخەیان دەبێتەوە. تورکیاو ئێران بە کردەوە بۆچوونەکەی خۆیان بە ئەنجامدا. هەردوو لایان سوپاکانیان ڕژاندە ئەم بەشەی کوردستانەوە بۆ لێدانی وەک خۆیان دەبێژن (کوردە تێرۆریستەکان). ژەندرمەی تورک تاکو ئەمڕۆ بە هەموو چەکی قورس و جبەخانەیەکیەوە بارو بارگەی خستووە.

ئێران و تورکیاو عێراق و سوریا کە هەر هەموویان لەگەڵ یەکدیدا ناکۆک و نەیارن بەڵام بۆ لێدانی کوردو ژێردەستەکردنی کوردستان هاوبیرو دۆستی یەکدی و لەیەک بەردەدان. ئەم سیاسەتەیان بەرامبەر بە دەسەلاتی کوردی لەم خاڵانەدا کۆدەکەینەوە :

(١) تورکیاو ئێران و سوریا هەوڵی مانەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن دەدەن، چونکە لە دوولاوە لە بەرژەوەندی ئەوانە :

أ) وەک دراوسێیەک عێراقێکی لاواز تا ماوەیەکی درێژخایەنی دیکەش کۆنترۆڵی نێونەتەوەیی لەسەر دەبێ (لە ڕێی خۆپڕچک کردنەوە) چ مەترسیەک بۆ ئەوان پەیدا ناکات، چیدیکەش بە هەڕەشەو گوڕەشەی سەدام حوسێن خۆیان ناشڵەژێنن.

ب) بۆ نێوخۆی عێراق سەدامێکی تۆقێنەر پێویستە، بەتایبەتی بەرامبەر بە کورد دوژمنێکی سەرسەختی بە تەجروبەیەو دەشزانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرکردەی حیزبە کوردیەکاندا بکات.

(٢) هەوڵدانیان بۆ ڕێگرتن لە هەموو ڕەوایەتیەکی کوردستانی، لانی کەم بو سووک و ڕسواکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم. سیاسەتی ئەو وڵاتانەو بەرەی دژ بە کورد لەو بارەیەوە سەرکەوتوو بوو:

أ) یەکەم بڕیاری پەرلەمانی کوردستانی بۆ لێدانی هێزێکی گەورەی کوردستانی بوو. ڕژێمی تۆرانی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا :

١. لە ڕووی سوپاییەوە.

٢. لە ڕووی سیاسیەوە.

٣. لە ڕووی ئەخلاقیەوە.

دووا بە دووای ئەوە پان تورکیستەکان ژمارەی "١٧٠" مەخفەریان لە سەر سنووری هەردوو پارچەی کوردستان بۆ چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی کردەوە. جل و بەرگ و مەعاشیان لە لایەن تورکەکانەوە پێدەدرێ. ئا لەو کاتەوە دەسەلاتی کوردی ڕەوایەتی خۆی لە دەستدا.

ب) پیلان گێران بۆ نانەوەی ئاژاوەو نائارامی کە لە ئەنجامدا بووە هۆی دروستبوونی شەڕی نێوخۆی دەسەلاتی کوردی. ئەم حاڵ و بارە تا ئەوڕۆش درێژەی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەم دۆخە نالەبارە بووە هۆی لاوازکردنی ئەو تێکەلاوی و جۆش و خرۆش و هەستە نەتەوایەتیەی لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا دروستببوو.

دام و دەزگەی سیخوڕیتی ئەو وولاتانە لە کوردستاندا بە ئاشکراو بە نهێنی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن. تەنانەت دەزگەی سیخوڕیتی پارتی و یەکێتیش هەر دژ بە کورد کار دەکەن نەک بۆ کورد.

ج) داگیرکەران سەرکەوتنێکی گەورەیان لە پارچەکردنی دەسەلاتی کوردیدا بەدەستهێنا. پاش ئەوەی هێزە کوردیەکان نەیانویست مەسەلەی دەسەلات و داهاتی حکومەتەکە لە نێوخۆدا چارەسەر بکەن، وەک زۆربەی جارانی دیکە پەنایان بردەوە بەر دوژمنە سەرسەختەکان. دوژمنێکی داگیرکەر کە لە نێوان کوردا نێوبژیکەرو یارمەتیدەر بێ، دەبێ حاڵ و باری ئەو کوردە بە چ بگات !! پاراستنی سنووری نێوان یەکێتی و پارتی لە لایەن چوار سەد چەکداری ڕەگز تورکی نەیارەوە داخۆ دەبێ ئاشتبوونەوەی نێوان هێزە کوردیەکان بەرەو کوێ ببات!!

یەکێتی و پارتی لە نێوان (نالەو هاواری کوردیدا بۆ شەڕ وەستان، بو تەبایی و برایەتی و بۆ یەکێتی) لەگەڵ (پیلانی دوژمنان بۆ تێکدانی نێوچەی ئارام، بۆ نانەوەی شەڕی نێوخۆو پارچەکردنی کوردستان) پێیان باش بوو ئەمەی دووەمیان هەلبژێرن، گوێ بۆ ئەمەیان رادێرن.

ح) کۆسپ و تەگەرەو ڕێگرتن بۆ هەلبژاردنێکی سەرلەنوێی دیکە لە کوردستاندا. دەزگەکانی پەرلەمان و حکومەت کە هیچ ڕەوایەتیەکی کوردستانی و نێونەتەوەییان نەماوە، زۆر لە بەرژەوەندی داگیرکەرانە. بۆ پارتی و یەکێتیش زەحمەت بووە کە جارێکیدی بکارن سۆزو پشتیوانی گەلانی جیهان بە لای مەسەلەکەیاندا بێننەوە. لە هەمان کاتیشدا واپێدەچیت کە هەردوو لایان ئەم دۆخەی ئێستەیان بەدڵ بێ:

(١) لە هەلبژارنێکی نوێی داهاتوودا پشتیوانیکردنی جەماوەری کوردیان لە دەست دەرچووە.

(٢) مەترسی ئەوەیان هەبێت کە چ لایەکیان زۆربەی دەنگ دێنێ تا ببێتە پاشای عەرشی کەلاوە.

(٣)هەوڵدانی داگیرکەران لە گەڕاندنەوەی مەسەلەی کورد لە دۆخێکی نێونەتەوەییەوە بۆ مەسەلەیەکی عێراقی.

لە سەردەمی شای ئێراندا، شۆڕشێکی سەد هەزار چەکدارانەی کوردی لە ڕێی (ڕێکەوتنامەی جەزایرەوە - ١٩٧٥.٣.٦) کۆتایی پێهێنراو مەسەلەکە درایەوە دەست بەغدا. هەمان سیاسەت دژ بە کورد لە لایەن ئێرانەوە درێژە پێدەدرێ.

لە ساڵی ١٩٩١ دا سەوەک کۆماری ئێرانی ئەو دەمە (عەلی هاشمی ڕەفسنجانی) و (تورگوت ئۆزال)ی ئەو سەردەمەی تورکیا لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و نەهێشتنی دەسەلاتی کوردی و گەڕانەوەی مەسەلەی کورد بۆ بەغدا ڕێکەوتبوون.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٦ دا لە واشینگتۆن کۆبوونەوەیەک لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان - عێراق و دیپلۆماتی

توركی ئەجەوید تێزیان و دیپلۆماتی ئەمەریكی پێلێترۆ پیكهات. لەوێدا نوێنەری تورك ووتبووی : ((توركیا لەگەڵ یەكپارچەیی عێراقدایە، لەگەڵ دەسەلاتێكی توركمانی ـ كوردی ئۆتۆنۆمیدایە لە سەرووی عێراقدا)).(٨) ئەوجا هەر بۆ ئەوەی مەسەلەی كوردی لە مەیدانی نێونەتەوەییدا نەمێنێ، هەر چوار وولاتی داگیركەر كەوتوونەتە بەر تەقەلایەكیدی كە لە نێوان خۆیاندا ئەم مەسەلەیە چارە بكەن، ئەویش بە نێوی (بەرنامەیەكی هەرێمی بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی كورد نەک بەرنامەیەكی نێودەوڵەتی).

## دووەم : سیاسەتی نێونەتەوەیی بە هێڵی "٣٦"ەوە

دوای تێپەڕبوونی دەوروبەری نیو سەدەیەک بەسەر كۆماری دیموكراتی كوردستاندا لە (مهاباد)، سەرلەنوێ كوردو كوردستان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا كەوتنەوە مەیدانی لێكۆڵینەوە و باسەوە. ئەمجارە لە بارودۆخێكی یەكجار نوێدا، لە گۆڕانكاری تەواوی سیاسەتی دوو ڕژێمی زلهێزانەی جیهانیدا، لە ڕۆڵی كاریگەری تا ڕادەیەک یەک دەنگانەی (كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكاندا، لە لاوازكردن و لە كەلوپۆخستنی ڕژێمی ئۆتۆریتێری فاشستانەی بەعسی بەغدادا كە خوارووی كوردستانی كردبووە مەیدانی تاقیكردنەوەی چەكی كیمیایی و ئەنفال و كۆچڕەوی بە كۆمەڵی خەڵكەكەی. لەو گۆڕانكاری و نەخشە نوێیەدا : بۆ دروستبوونی سیستەمێكی نوێ لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا كە هیچ وولاتێكی ئەوێ دەسەلاتێكی چەكدارانەی هێرش بەرانەی بەهێزی نەبێ بۆ سەر خاكی وولاتێكی دی، لە هەمان كاتدا گەلە ئێتنی و تایفیەكانیش دەسەلاتێكی خۆبەخۆیانەی ئازادانەیان بۆ دەستەبەر بكرێ. مەسەلەی كوردیش لەو پلانە نوێیەدا كەوتووەتە نێو ئەو لیستەیەوە كە زۆر زەحمەت ئەبێ بۆ ئەو وولاتانەی كوردیان بە سەردا بەخشراوەتەوە لە داهاتوودا سیاسەتی لەوەوبەری ژینۆسیدو قەتڵ و عام دژ بە كورد درێژە پێبدەن.
ئەو سیاسەتە بەرامبەر بە هێڵی "٣٦" بەم سێ خاڵەی خوارەوە گرێدەدەین.

### أ) لە ڕووی سیاسیەوە :

(١) بڕیاری ژمارە "٦٨٨". ئەم بڕیارە لە لایەن (كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە) دراوە. پێم وابێ یەكەمجار بێ لە مێژوودا مافی كورد لە چوارچێوەی وولاتێكدا كە ئەندامی ئەو كۆمەڵەیە بێت بپارێزرێت. بۆ ئەو مەبەستەش هێڵی "٣٦" یان لە عێراق دابڕیوە و خراوەتە بن دەسەلاتی كورد.
(٢) لە ناوەڕاستی تەموزی (یولی) ١٩٩١ دا، سوپای UN كە ژمارەیان (٥) هەزار سەربازێک دەبوو لە ئەمەریكایی، فەرەنسایی، بەریتانی و وولاتە ئەوروپیەكانیدیكە بارەگایان لە باژێری سلۆپی دانا. فڕۆكەی هاوپەیمانان لە ئینجیرلیک و باتمان دانران. كاری ئەم هێزانە پاراستنی كورد بوو لە دەسدرێژیكردن و هێرشی ڕژێمی بەغدا، لە هەمان كاتدا بۆ پشتیوانیكردن لە دەسەلاتێكی سەربەخۆیانەی كوردی و بە دیموكراتیكردنی عێراق.
(٣) لە سەبتەمبەری ١٩٩٢ دا پەرلەمانی كوردستان مەسەلەی فیدراڵی ڕاگەیاند. وولاتانی داگیركەرو سەرجەمی عارەبان دژی وەستان. لە چاوپێكەوتنەكانیان و دەزگەی تەلەفزیونی و ماسمیدیایاندا هاواریان لێهەستا كە پارچەیەک لە عارەبستان لە دەست چوو. نەتەوەی كوردو دۆستەكانی پێشوازی و پشتیوانیان لێكرد. وولاتانی ئەوروپاو

ئەمەریکاش بەگشتی بێدەنگ بوون لەو مەسەلەیە. چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی دژی نەوەستان، بەڵکە مەسەلەکەیان بە یەکێتی عێراقەوە دەبەستەوە.

(٤) ئەمەریکا خۆی بە بەرپرسیاری راستەوخۆ دەزانی بەرامبەر بە هێڵی "٣٦". لەگەڵ شەڕی نێوخۆی کوردستاندا نیە. تەقەلای نێزدیکبوونەوەی هێزە کوردیەکان و بەرقەراربوونی ئاشتی دەکات لە کوردستاندا. چەندین جار چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەرانی دەسەلاتی کوردی بە بەشداربوونی ئینگلیزو تورکەکان بە ئەنجام داوە. بەلام گەورەترین کۆسپ لەم رێبەدا تورکیایە کە ئەمەریکا نوێنەرایەتی دەست تێوەردانی لە مەسەلەی خوارووی کوردستاندا پێڕەوا بینیوە. (ئەورۆ گەورەترین لایەنی کوردیش خۆی تورکیای کردۆتە تەرەفدارێک و ئامادە نیە بێبەشداریکردن و بۆچوونی تورکەکان لەگەڵ لایەنە کوردیەکانی دیکەدا کۆبوونەوەکانی بە ئەنجام بگەیەنێ. ئەگەر وا ریک بکەوێ و لە کۆبوونەوەیکدا لایەنی تورکی بەشدار نەبێ، ئەوا ژمارەیەک لە خاڵەکانی دانیشتنەکە بە بەرژەوەندی تورکیا کۆتایی پێدێت). لە هەمانکاتدا ئەمەریکا هەموو دەسدرێژیکردنێک بۆ سەر خوارووی کوردستان لە هەر لایەکەوە بێ دژ بە بەرژەوەندیەکانی خۆی دەزانێ. هەروەها سیاسەتی ئەورۆ و دوارۆژی وولاتە ئەوروپیەکان و ئەمەریکاش بەرامبەر بە رژێمی تورکیا رەخنەگرانەو توندو تیژ دەبێ سەبارەت بە مافی مرۆڤ و مەسەلەی کورد، کە ئەمەش هەلوبارێکی گونجاوەو کورد دەتوانێ کەڵکێکی زۆری لێوەربگرێ.

(٥) پێوەندی نێوان دەسەلاتی کوردی و دەرەوە. ئەم پێوەندی کردنە بە دەزگە رەسمیەکانی دەرەوە تا بەهاری (١٩٩٦)یش خورت و گەرم بوو. چونکە وولاتانی دەرەوە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی بە دوو دەزگەی شەرعی و نوێنەری خوارووی کوردستان حسێب دەکرد کە لە لایەن میللەتەکەوە لە رێی هەڵبژاردنێکی ئازادانەوە هاتوونەتە سەر کار، بۆیە پشتیوانی تەواویان لێدەکردو یارمەتیان پێشکێش دەکردن. لەبەر ئەوە نەیارانی کورد مەترسی تەواویان لێنیشتبوو، نەشیان دەتوانی رێ بە پێوەندی نێوان دەسەلاتی کوردی و دەرەوە بگرن.

(٦) هێڵی "٣٦" لە رووی سیاسی و ئیداری و ئابووری و جوگرافی و کولتووریەوە لە عێراق جیاکرایەوە. ئەگەر هێزی کوردی کۆک بایا و درێژەیان بە دەسەلاتی هاوبەشانە بدابایا، رەنگ هەبوو کە ئەمەریکاو ئەوروپا ئابڵوقەی ئابووریان لە سەر کورد لا ببردایە یاخود کەمبکردبایاتەوە و (نێوچەی ئارام)یشیان فراوانتر بکردبایا.

ب) لە رووی مرۆڤایەتی و ئابووریەوە :

١) نوێنەرانی (کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان) و ژمارەیەکی زۆر لە دەزگە دەوڵەتیە مرۆڤدۆستەکان بنکەو بارگەیان لە کوردستان کردۆتەوە. ئەمە پشتیوانیەکی مانایی گەورەیە کە کورد دەتوانێ هەست بە ژیانێکی هێمنانەو پارێزراوی بکات. ئەگەر شەڕی نێوخۆی کورد رووی نەدابا، هەندەک دەوڵەتی ئەوروپایی بیری لەوە کردبۆوە کە بیرۆی رەسمی دەوڵەتیان لە کوردستان بکەنەوە کە بە کاروباری باڵوێزخانە رابێت.

٢) لە ماوەی حەوت ساڵان دەسەلاتی کوردیدا، وولاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکاو یابانیش کۆمەک و یارمەتیدانی مادیان پێشکێش بەو دەسەلاتدارێتیە کردووە، بەلام یارمەتیەکان یەکجار کەمی گەیونەتە دەستی جەماوەری کورد.

٣) ئاوەدانکردنەوەی پتر لە دوو هەزار گوند، دابەشکردنی تۆوی دەغڵودان و مەڕوماڵات بە سەر گوندیەکاندا،

گەیاندنی خواردەمەنی و جل و بەرگ و داوو دەرمان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو شتانە بەشێکی یەکجار کەمی گەیونەتە دەستی کورد.

٤) ڕێگەی (خاپوور) بە پێی ڕێکەوتنێکی نێوان تورکیاو UN بە ڕەسمی لە نێوان کوردستان و دەرەوەدا کراوەتەوە. جگە لەوەی کە (خاپوور) ڕێی هاتووچۆی کوردی نێوە و دەرەوەیە. لە هەمانکاتدا بایەخێکی ئابووری زۆری بۆ کوردستان هەیە. دەسکەوتی گومرگی (خاپوور) دەتوانێت : کوردستان ئاوەدان بکاتەوە، میللەت لە برسێتی و دەسپانکردنەوە ڕزگار بکات و پۆشتەو پەرداخی بکاتەوە، دەسەلاتی کوردی پێبەهێز بکات و بانقێکی میللی دابمەزرێنێ.

باشووری کوردستان بۆتە بازێرێکی ئازاد و لەم ڕێیەوە کەل و پەلی بازرگانی دەڕژێتە عێراق و ئێران و دەگەڕێتەوە بو نێو تورکیاش. بەلام مخابن لەم خێرو بەرەکەتە تەنیا تورکیاو تورکمانەکانی کوردستان و لایەنێکی کوردی کەلکی وەرگرتووەو ڕۆژ بە ڕۆژ میللەتیش برسیترو مالوێرانتر دەبێت.

ج) لە ڕووی جیۆستراتیژەوە :

لە بەرژەوەندی وولاتە پیشەسازیە گەورەکان و بە تایبەتی ئەمەریکایە کە ئاشتی لە نێو هێزە کوردیەکاندا بەرقەرار بێ. تەقەلای ئەو لایەنانەش لەو بارەیەوە پەیوەندی بە دوو هۆوە هەیە :

(١) کوردستان ئەلقەیەکە، لە لایەک ئەوروپاو لە لایەکی دیش ئاسیا بە عارەبستانەوە گرێدەدات، هەروەها کوردستان ڕێگەی چوونە دەرەوەیە بۆ وولاتەکانی قەوقازی دراوسێی ڕوسیا و ئاسیای نێوە ڕاست. واتە مەلبەندێکە کە لێرەوە دەتوانرێ دەست درێژ بکرێ و فشار بخرێتە سەر وولاتەکانی دەوروبەری لە کاتی پێویستدا. ماوەی چەند مانگێک دەبێ وەزارەتی هەندەرانی رووسیا بە گەرمی خۆی لە مەسەلەی خوارووی کوردستان نێزدیک کردۆتەوە و پێشوازی لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق دەکات. هەولی ئاشتبوونەوەی کوردو ڕژێمی بەغدا دەدات کە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ ببوژێنێتەوە، (ڕوسیا ئەو دەمە نێوبژیکەر بوو لە نێوان بەغداو نێوپردان دا).

مەبەستی ڕوسەکان دوو شتە : (١) یارمەتیدانی ڕژێمی بەغدایە لە نەهێشتنی گەورەترین مەترسی نێوخوی عێراق و هەولدان بو گەڕاندنەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن بۆ سیاسەتی نێودەولەتی لە داهاتوویەکی نێزدیکدا. (٢) ڕێگرتنە بە تەقەلاکانی ئەمەریکاو ئەوروپا لەو مەسەلەیەدا و دەرهێنانی نێوچەکە لە بن کۆنترۆلیاندا.

(٢) کوردستان وولاتێکی دەولەمەندە، دەتوانێ دەوری خۆی لە سیاسەتی ئابووری نێونەتەوەییدا بگێڕێ. ڕەنگ بێ یەکەم وولاتی نێوچەی ڕۆژئاوای ئاسیاو ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بێت لە ڕووی سامانی ئاوی شیرین و کانە نەوتیەکانیەوە. نەتەوەیەکی (٤٠) ملیۆنی تێدا دەژی کە وەک کەرەسەیەکی خاو وایەو دەکرێ کەلک لە هێزی بەکارنەهێنراوی ببرێ لە داهاتوودا. وولاتێکی وێرانەیە و پێویستی بە سەدان و بە هەزاران شیرکەتی گەورەو بچووک هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی. بۆیە چارەنووسی کوردو وولاتەکەی لە نەخشەی ئەو وولاتانەدا جێیەکی بەرچاوی هەیەو هەروا بە ئاسانی دەسبەرداری نابن.

خاڵی دووەم :

ئەگەر سیاسەتی دەسەڵاتداریتی حیزبە کوردیەکانی باشوور کە بێگومان پارتی و یەکێتی دەوری سەرەکی تێدا دەبینن لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەی ڕابووردوودا بەراورد بکەین لە گەڵ سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و پێوەندیان بەم بەشەی کوردستانەوە لە لایەک لە گەڵ هەڵوێست و سیاسەتی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە هێڵی "٣٦" لە لایەکیدیکە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە بە پلەی یەکەم دەسەڵاتی کوردی بەرپرسیارە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی کە نێویان ناوە (سیاسەتی هەرێمی) دژ بە (نێوچەی ئارام). زێتر مەبەستی حیزبە کوردیەکان لە (سیاسەتی هەرێمی) هەڵوێستی تورکیاو ئێران و سوریایە بەرامبەر بە بەڕێوەبەرایەتی کوردستان کە ئەمەش شتێکی تازە کورە نیە لە سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەدا، چونکە حیزبەکان خۆیان ئەو ڕاستیە باش دەزانن، هەر هەموشیان لە ڕێی پەیوەندی هاوکارانەیانەوە لەگەڵیاندا خاوەنی تاقیکردنەوەو ئەزموونێکی زۆرن و هەندێکیشیان دەوری مامۆستایەتی تێدا دەبینن. من پێم وایە کە گەورە دەوڵەتەکان نین ئەو بارودۆخەی ئەوڕۆکەی خوارووی کوردستانیان گەیاندبێتە ئەم ئاستەی ئەوڕۆ، لەبەر دوو هۆ :

(١) ڕاستە وولاتەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا بۆ ئەم سەردەمەی ئێستە پلانێکیان بەدەستەوە نیە لە دامەزراندنی کیانێکی سیاسیانەی کوردستانیدا، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە دەستیان لە ئاژاوە نانەوەو بەرپاکردنی شەڕی نێوخۆی کوردیدا هەبووبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە تەقەلایەکی زۆریان داوە بۆ گەڕاندنەوەی بارودۆخی دەسەڵاتی کوردی بۆ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان.

ڕاستە باری ئابووری و ئابڵوقەی جیهانی و عێراقی دەوری خۆی لە کێشەو گیروگرفتەکاندا دەبینێ، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی سەرەکی ئەم کوێرەوەری وماڵوێرانیەی ئەوڕۆکەی کوردستان، چونکە ئابڵوقەی خواردن و دەرمان لە ڕاستیدا نە لە سەر عێراق هەیەو نە لە سەر کوردستان، بەڵکە ئەو کەسانەی کە ئابڵوقەیان لە سەر میللەت داناوە، لە عێراق ڕژێمی بەعسەو لە کوردستانیش دەسەڵاتی پارچەکراوی کوردیە. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش سیاسەتی نێونەتەوەیی دژ بە هیچ بڕیارێکی دەسەڵاتی کوردی نەبووە گەر بۆ بەرژەوەندی میللەت درابێت، بەڵکە پشتگیری و پشتیوانیان لێکردووە.

(٢) "نێوچەی ئارام" بە بڕیارێکی نێونەتەوەیی دروست بووە، بۆ ئەوە بووە کە کورد لە دەستدرێژی سەدام حوسێن و دەوروبەرەکەی کوردستان بپارێزێ. کوردستانیان لە عێراق جیاکردۆتەوە. هەر یارمەتیدانێکیش لە لایەن (UN)ەوە بۆ عێراق بدرێ، ئەوا بەشی کوردستانی لێجیاکراوەتەوە، چونکە جارێ بە عێراق حسێب ناکرێ. لە لایەکی دی سیاسەتی نێونەتەوەیی بە کردەوە پشتیوانی خۆی لە "نێوچەی ئارام" و دەسەڵاتی کوردی دەکات، بە فڕۆکەش دەیپارێزێ. هەر ئەم سیاسەتە نێونەتەوەیی هەڕەشە لە (سیاسەتی هەرێمی) دەکات کە دەست وەرنەدەنە کاروباری خوارووی کوردستانەوە. ئەوجا کێ بەرپرسیارە لە سیاسەتی هەرێم لە کوردستاندا؟ بێگومان پارتی و یەکێتی. بۆچی؟

ئەو دوو حیزبە گەلێک لە مێژە هاتووچۆکردن و پێوەندی هاوکارانەیان لە گەڵ تورکیاو ئێران و سوریاو ئێستە لەگەڵ

عێراقیشدا بەردەوامە، بەڵام پێوەندیەکان هەمیشە بە زیانی جەرگبڕانەی کوردو سەرکەوتنی ئەوان تەواو بووەوە. کورد هیچ کاتێک لە مێژووی کۆن و نوێیدا سەرکەوتنێکی لەو پێوەندی و هاوکاریکردنانەدا بە دەست نەهێناوە، بڕواش ناکەم بۆ داهاتووش هەرگیزاو هەرگیز بە دەستی بهێنێ، دوژمنان هەموو پیلانێک دادەنێن تا لە کورد نیزدیک ببنەوە و پێوەندی لە گەڵدا دروست بکەن تا ناکۆک و ناتەبایی بکەن، تا بە چەک و یارمەتیان کورد بە یەکدی بە قڕان بدەن. دوێنێ ئێران ڕێکەوتنامەی جەزایری دروستکرد، ئەوڕۆش تورکیا پیلانێکی لەوە خراپتری بە دەستەوەیە، بەڵام ئێمە هیچ فێرنابین.

ئێمە ئامادەین کە سوپای داگیرکەرو دەزگە سیخوڕیەکانیان بێنە وولاتەکەمانەوەو هەر لە شارو گوندەکانەوە تا دەگاتە پێتەختەکەشمان، کەچی ڕێ بە ڕۆژنامەیەکی ئازادو بۆچوونێکی کوردپەروەرانەو هەڵوێستێکی نەتەوەییانە دەگرین. لە پێناوی " زەعامەتدا " سەر بە کۆشی دوژمندا دەکرێ، بۆ ڕژاندنی خوێنی کورد چەک لە نەیاران وەردەگیرێ. لە دوو ساڵی یەکەمی حوکمداریێتی پارتی و یەکێتی دا (سیاسەتی هەرێمی) نێوی نەبوو.

دەیسا ئەو پرسیارە لەو دوو حیزبە دەکەین: بۆچی دەکرێ چوار دەوڵەتی کۆنە نەیاری یەکدی ساڵی دوو جاران لە سەر ئاستی وەزیرانی دەرەوەیاندا کۆببنەوەو خۆیەکخەن و لە پێش چاوی هەمووتاندا و بە ئاشکرا پیلان دژی ئێوە دابنێن؟ بۆچی ناکرێ کە هەردووتان وەک دوو برای هاوزمانی و هاوڕەگەزی لە گەڵ یەکدا ئاشت ببنەوەو ڕێک بکەون، بەرژەوەندی ژێردەستەی کورد لەبەرچاوخەن، مەسەلەی کورد لەوە زێتر ڕسوا نەکەن؟ ئەی بۆ دەکرێ هەر هەمووتان تاکە تاکە یان پێکەوە پێوەندیتان لە گەڵ داگیرکەران بەهێز بکەن، ببنە دۆست و هاوپەیمانیان؟

پاشان پارتی و یەکێتی کە بۆ هەموو جیهانیان سەلماند کە ناتوانن نیوچەیەکی ئازادکراو بەڕێوەبەرن، دەچن ئەم مەسەلەیە بەوەوە گرێ دەدەن کە گوایا هەموو دنیا دژ بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیە!! بەڕێوەبردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم لە کوێ و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە کوێ!!

ڕاستیەکەی ئەمە سیاسەتی بانێکەو دوو هەوایە، بەڵکە بیانوویەکی ساکارانەی سافیلکانەیە. خۆ ئەگەنا لە فەرهەنگی حیزبە کوردیکاندا نەک هەر باسی دەوڵەتی کوردی نی یەو ناکرێ بەڵکە بە هەڵوێست و بە بۆچوون و بە کردەوەش بە بۆنەو بێ بۆنەش لە ڕێگەی دەزگە تەلەفزیونیە جۆربەجۆرەکانەوە بە هەموو جیهانی ڕادەگەیەن کە ئەوان دەوڵەتێکی وایان ناوێ و هەندێکیشیان ئاشکرا دەبێژێ کە (باوەڕی) پێی نیە. پارتی و یەکێتی جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە دوو حیزبی عێراقین و دەیانەوێ مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا چارەسەر بکرێ و یەکێتی خاکەکە بپارێزن.

کەواتە ئێوە هێندە بە تەنگ پاراستنی سنوورە دەستکردەکان و یەکێتی نیشتمانی ئەو چوار وولاتەوە بن، پێوەندی هاوکارانەی ستراتیژیانەشیان لەگەڵیاندا هەبێ و بە چەک و تەقەمەنی و هاوکاری کردن لەگەڵ سوپای ئەواندا شەڕی کورد بکەن و کوردستان بە وێرانکردن بدەن، ئیدی بۆچ دەبێ داگیرکەران لە ئێوە تۆقبن؟ ئەوجا بە چ پاساو پێوانەیەک پاساوی ئەوە دەدەنەوە کە گوایا (سیاسەتی هەرێمی) بارودۆخەکەی کوردستانی گەیاندۆتە ئەوڕۆ!!

جا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئایا یەکێتی و پارتی بەم بیروبۆچوونەیانەوە دەتوانن چارەنووسی میللەتێکی بن دەست بەرەو سەربەخۆیی بەرن یان نا؟

سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی کە دەوروبەری چل ساڵێکە سەرۆکاری بزووتنەوەی کوردایەتی لە پارچەیەکی کوردستاندا بە خۆ رەوا دەبینن چ لە سەردەمی شەڕی چەکدارانەی دژ بە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی و چ پاش جەنگی کەنداوی دووەم لە شارو باژێڕەکاندا بە بەڵگە دایان بەدەستەوە کە سەبارەت بە چارەنووسی دوارۆژی کورد خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی نەتەوەیی نەبوون و نین. بە کوردو نا کوردیان سەلماند کە زێتر وەک دوو دەستەی تیرەگەری رەفتار دەکەن و دوورن لە ئاستی گۆڕانکاری ڕووداوەکانی نێوچەیی و جیهانی. چل ساڵە شەڕی نێوخۆیی و ماڵوێرانی و کورد بە قڕدان. چل ساڵ هەڵەو تاوان و هەرەس دووبارە دەبنەوە. چل ساڵ خۆگرێدان و هاوکاریکردن لەگەڵ نەیارانی کورددا. هەمان سەرکردەو هەمان عەقڵیەت. دانی رەوایەتی کارکردن و نیشتمان پەروەرێتی تەنیا بە خۆیان و دژایەتی کردنی هەموو بیرێک کە سەربەخۆیان نەبن. پارچەکردنی کورد بە سەر چەند دەستەو تاقمێکدا و چاندنی تۆوی دوژمنکارانەو یەکدی کوشتن و درێژەدان بە شەڕی چەکدارانە لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا. هەڵنەسەنگاندنی بارودۆخی جیهانی و تێنەگەیشتن لە سیاسەتی دیپلۆماسیانەی نێودەوڵەتی . گەراندنەوەی مەسەلەی کورد لە ئاستێکی جیهانیەوە و کردنەوەی بە مەسەلەیەکی هەرێمی.

بەڵام ئایا چارەسەر چیەو دەکرێ کە هێزێکی دیکەی کوردستانی جێی ئەو دوو حیزبە بگرنەوە و لە ڕێی بەرنامەیەکی نەتەوەییانەوە درێژە بە خەباتی کوردایەتی بدەن؟

من پێم وایە نە بەر لە ئێستەو نە ئەورۆکەو ڕەنگ هەیە نە بۆ داهاتووش هێزێک وەک جێگرەوەی ئەوان پێک بێت، لەبەر دوو هۆ:

(۱) هەرچەندە پارتی و یەکێتی لە نێوخۆدا نەیار و کۆک نین، بەڵام لە دروستبوونی هێزێکی نەتەوەیی بە توانای کاریگەردا کە جێگرەوەی ئەوان بن، ئەوا بە هەردوویان لە نێوی دەبەن. هەروەک چۆن وڵاتە داگیرکەرەکان دژ بە یەک و نەیاری یەکدین، بەڵام بۆ سەرپانکردنەوەی کورد دەبنە هاوبیری یەکدی، هەر بەم چەشنەش یەکێتی و پارتی کە بزانن بەرژەوەندیان لە مەترسیدایە و هێزێکی دیکەی کوردی جێ بەوان لەق دەکات، ئەوا ناکۆکیەکانیان کەنار دەخەن و بە هەردوویان لێی دەدەن.

ڕاستە کە ئەورۆ لە خوارووی کوردستاندا نێزدیکەی دە حیزبێکی کوردی تێدایە، بەڵام ئەمانە هیچ مەترسیەکیان بۆ یەکێتی و پارتی دروست نەکردووە، جگە لەوە ئەو حیزبانە بوونەتە دوو بەش و هەر لایەی خۆی بە یەکێک لەو دوو حیزبە گەورەیەوە گرێداوە.

لە لایەکی دی پارتی و یەکێتی خاوەنی بنەمایەکی ئابووری بەهێزن، کە لەو ڕێ یەوە هەر یەکەیان جەماوەرێکی زۆرو زەوەندی چەکداریان لە خۆیان کۆکردۆتەوە کە دەتوانن بەرەنگاری هەموو هێزێکی کوردی ببنەوە و لە نێویشی بەرن گەر لە خۆیان نەبن.

لەمەش بترازێ یەکێتی و پارتی لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی هێزێکی نەتەوەیی کوردیدا پشتیان قایم و بەهێزە، لە چوار لاوە یارمەتی دەدرێن، بە هەموو لایەکیان هێزە نەتەوەییەکە بە قڕان دەبەن و فت و قتی دەکەن.

(۲) هێزی ڕۆشنبیرو قەڵەم بە دەست بوونەتە دوو بەش. بەشێکیان سەر بە حیزبە کوردیەکانن و لە کوردستان و لە دەرەوە هەن. بەشەکەی دیکەش کە زۆربەیەتی پێک دێنێ، تەرەفداری هیچ حیزبێک نین و زۆربەیان کەوتوونەتە

دەرەوەی وولات. بەڵم ئەم هێزە ڕۆشنبیرەی دەرەوەش جگە لەوەی کە لە نێوخۆدا کۆک نین، لە هەمان کاتدا باری سەختی ژیانی دوور وولاتی و مەسەلەی ئابووریش وای کردووە لە یەک داپچڕاوو دوورە پەرێز بن. لە کاتێکیشدا گەر ئەم هێزانە کۆبکرێنەوە (کە زۆر زەحمەتەو توانایەکی ماددی چاکی دەوێ)، ڕەنگە هەر نەبنە جێگرەوەیەک بۆ ئەو دوو حیزبە، بەلام دەتوانن لە ڕێی کاری چاپەمەنییەوە کەمە فشارێک بخەنە سەریان کە پێم وایە ئەمەش تا ماوەیەک و تا ڕادەیەک بتوانێ بڕ بکات، چونکە لە هەندێک سەردەمدا چل ملێون کورد دژی شەڕی نێوخۆ هاواری لێ هەستا، بەلام نە کاری کردە سەریان و نە ئەنجامێکیشی دا بە دەستەوە.

بە کورتی یەکەی هێزێکی جێگرەوە لە تواناادا نیە. ئەوجا کورد ناچارە مامەڵە لەگەڵ ئەو حیزبانەدا بکات، بۆ داهاتوو چ هەنگاوێک باشە بکرێ؟

وەک لەمەو بەر دەستمان بۆ ڕاکێشا کە دەستکەوتێکی یەکجار گەورە بۆ کورد هاتۆتە پێشێ : بەهۆی ڕمانی سیستێمی کۆمۆنیستانەی شوورەوی (لە ١٩٩١) دا و تێکچوونی هاوسەنگێتی گەورە هێزەکان، و هێنانەکایەی سەردەمێکی نوێ کە «کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان» زێتر و ئازادانە تر لە مافی مرۆڤ لێدەکۆڵێتەوە رێ بە ڕژێمە تۆتالیتێرەکان دەگیرێ کە چی دیکە لە نێو وولاتەکانیاندا زوڵم و ژێر دەستەکردن و سیاسەتی ژینوسید دژ بە کەمە نەتەوەیی یەکان بەکار نەبرێ. بەلام ئەو هەلومەرجەی کە لە خوارووی کوردستاندا هاتووەتە پێش پێوەندی تەواوی بەسەرجەمی بارودۆخی عێراقەوە هەیە، و تا ئەوکاتە بڕەکات کە سیاسەتی نێونەتەوەیی بەرامبەر بە عێراق نەگۆڕ بێ. بۆیە زۆر پێویستە کە دەسەلاتی کوردی هیواو ئومێدی بە تەنیا لەسەرمانەوەی ئەم دۆخە هەڵنەچنێ و وەک بەرنامەیەک بۆ ئێستەو پاشەڕۆژی خۆی دانەنێت.

بەداخێکی زۆرەوە دەتوانین بێژین کە دەسەلاتی کوردی تاکو ئێستەش بێ بەرنامەن. پلانی ئەوەیان بەدەستەوە نی یە کە دوا ڕۆژ لێ یان بقەومێ چ بکەن باشە.

ئەم ڕەوشەی باشووری کوردستان هەمان سەردەمی سالانی حەفتاکانمان بە بیر دێنێتەوە کە لە ئەنجامی «ڕێکەوتنامەی جەزاییردا» شۆڕشێکی گەورە هەرەسی هێنا لە بەرنەوەی کورد چ بەرنامەیەکی نەبوو.

دەسەلاتی کوردی کە لەیەک داپچڕاووپارچە پارچەیە باوەڕی بە کۆک بوون و یەکێتی نێوانی نی یە، لە هەمان کاتیشدا خۆی لە نێوان سیاسەتی نێوچەکەو نێو دەوڵەتیدا وون کردووە. هەنگاوەکانیان تەم و لێلاوین و نازانن بڕیاری یەکجارەکی بەرەو گیرسانەوەی یەکجارەکی بەکام لادا بدەن. پێوەندی یەکانیان لە گەڵ هەموو لایەکدایەو دەشیانەوێ دڵی هەمووان ڕازی بکەن، جگە لە کورد خۆی نەبێ.

کورد دەوڵەتێکی ناسیۆنالی سەربەخۆی نی یە تا بەسیاسەتی گرژبوونەوە و خاوبوونەوە خۆی بتۆرێنێ. کورد پێویستی بە هەستی مرۆڤپەروەری جیهانی و پشتیوانی سیاسی گەورە دەوڵەتان هەیە کە پشتیوانی لە مەسەلەکەی بکات.

هەڵبەت پاش یەکبوونی هێزی کوردی، ئەوانە دەبنە فاکتەرێکی ڕاستینەی بەهێز لە گۆڕینی نەخشەو سنووری دەوڵەتاندا نەک بۆچوون و هەڵوێستی نێوچەکەو داگیرکەران. چارەسەری مەسەلەی کورد لای ئەوان نی یە، بەڵکە لای کورد خۆیی و بە یارمەتی دەرەوە بەجێ دێ.

ئێستە دەسەلاتی کوردی هاتووەتە سەر ئەو بیروڕایەی کە ئیدی مەسەلەی کورد کارێکی نێوخۆی عێراقی یەو تەنیا لە

بەغدا چارە دەکرێ. ئەو بەغدایەش دوو جۆرە بۆچوونی تێدایە :-

١) رژێمی بەعس : کورد تاقیکردنەوەی زۆری لەگەڵ ئەم رژێمەدا هەیە. بە تایبەتی (٣٠) ی ساڵی تەواوە لەگەڵ سەدام حوسێندا. جاران بزووتنەوەی کوردی شەڕی لەگەڵدا راگرتووە و وتوویژی ئاشتیخوازانەی لەگەڵدا بەردەوام بووە (لە ١٩٦٨، ١٩٧٠، ١٩٨٤، ١٩٩١) دا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی مەسەلەی کورد و کردنی عێراق بە «رژێمێکی دیموکراتیانەی پلورالیستانە) بەڵام چ سوودێکی نەبووە. ئەم رژێمە کورد بە وێنەی «هندیە سوورەکانی» ئەمریکا تەماشا دەکات. چونکە لەسەردەمی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی و ڕاگوێزانی زۆرەملیی کورد و ئەنفال کردندا ئاشکرا رایدەگەیاند کە چارەنووسی کورد بەدەست ئێمەوە دەبێ هەمان چارەنووسی «هندیە سوورەکان» بێ بەدەست ئەمریکاوە. تورکەکانیش لە نێوان دووشەڕی جیهانی دا لە ئەرمەن و لە کورد دوو ملیۆن لە قەسابخانەکانیاندا سەریان پەڕێندرا. سەدام حوسێنیش خراتری لەوە بە کورد کردووە. تەنانەت منداڵانی سەر ئەم خڕەی زەوی یەش بە هێنانی ناوی سەدام دەتۆقن. ئەم کابرایە لە مرۆڤایەتی شۆردراوەتەوە و بووەتە دڕندەیەکی چاو سووری بکوژ کە زمانی سەردەم و دیموکراتی تێناگات و قەشمەری پێ دێت. ووتوویژ کردن لە گەڵ سەدام دا گەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمیش قەبووڵ بکات، ئەوا کورد دەچێتەوە بن کۆنترۆڵی سەدام حوسێن. ئەوجا چ دەستەبەرێک هەیە کە هەوڵی کوشتنی سەرانی بزووتنەکە نادات وەک دژ بە بارزانی و ئیدریسی کوڕی رووی دا. چی ژیانی کورد دەستەبەر دەکات لە بن کۆنترۆڵ کردنی دەزگا بکوژەکانی ئاسایشی عێراقیدا. بۆچی کورد دەبێ ببێتە فاکتەرێک بۆ بە هێز کردن و مانەوەی رژێمی بەعس. بۆچی دەسەڵاتی کوردی لێژنەیەکی پێک نەهێناو ئەوی سەدام و رژێمەکەی بەکوردیان کردووە بکرابا راپۆرتێک و پێشکەشی مافی مرۆڤی جیهانی بکردبایە. بۆچی وەفیق سامەرایی و دەیانی وەک ئەو هەڵاتنە کوردستان، لەوێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکردن لەو تاوانانەی کە دژ بە کورد کردبوویان. بۆچی تەنیا دوژمنەکان یاسا بۆ کورد پاکی بێ تاوان دابنێن و لە سێدارەی بدەن تەنیا هەر لەبەر ئەوەی کە کوردە، ئەی بۆچی ئەوانە کە بەسەدان هەزار کوردیان لە نێو بردووە نەدرێنە دەست یاسای گەل لە کوردستاندا و سزای عادیلانەی خۆیان بدەن. ئەوانە دێنە کوردستان خزمەت دەکرێن و پاشان بە رێزو حورمەتەوە بەرەو ئەوروپا بەرێ دەکرێن، بەڵام هەر کە گەیشتنە ئەو شوێنانە سەر لەنوێ دەبنەوە دووژمن و سبەی رۆژیش بۆیان هەڵکەوت بگەڕێنەوە بەغدا ئەوا لە جاران زێدەترمان پێ دەکەن. کورد گوایا «شەهامەت و میوانداری» لەگەڵ ئەواندا بەکار دێنێ، بەڵام بۆچی ئەوشەهامەتە لە نێوان کورد خۆیدا بەکار نەهێنرێ. بەکورتی یەکەی مەسەلەی کورد لای رژێمی بەعس چارەناکرێ. تا سەدام حوسێنیش لە ژیاندا مابێ ئاشتی بەرقەرار نابێ.

٢) جێگرەکانی سەدام حوسێن : ئەمانە بریتین لەو هێزانەی کە بەنێوی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی یەوە پەرەوازە و پەڕەیدەی هەندەران بوون :

١- ژمارەیەک لە ئەفسەرە گەورەکان کە لە دەست مەترسی سەدام و مانەوەی ژیانی خۆیان هەڵاتوون (زۆربەیان لە ئوردون و سوریان).

٢- هێزی بزووتنەوە ئیسلامییەکان کە زێتر شیعەکانن خۆیان رێکخستووە. کەمێکیان لە ئێران و زۆربەیان لە کوێت و وولاتانی ئەوروپا هەن.

٣- هێزە قەومی و کۆنە بەعسی هەڵاتوو، و دەستەو تاقمی سوسیالیستەکان و چەپڕەوەکانن کە هەردەستەو

تاقمێکیان نێویان له خۆیان ناوه حیزب و پاره له لیبیا و کوێت و هه‌ندێک وولاتی دیکه وه‌رده‌گرن و به نێوی هێزی به‌رهه‌ڵستکاره‌وه پارچه پارچه و په‌رەوازه بوون و له‌م سه‌ری دونیا بۆ ئه‌وسه‌ری دونیا بلاوبوونه‌ته‌وه و ده‌یانه‌وێ رژێمی به‌عس بروخێنن .!!

ئه‌و هێزانه که له نێوخۆیاندا هیچیان کۆک نین، زۆربه‌ی کاتیش دژ به‌یه‌کن، تا دوێنێیش بوو زۆربه‌یان له‌گه‌ڵ رژێمی به‌عسدا بوون. قه‌تل و عام و چه‌کی کیمیایی و ئه‌نفالیان دژ به کورد کردووه، ده‌یانه‌وێ سبه‌ی رۆژ بچنه سه‌ر ته‌خت. به‌لام ئه‌مانه که جارێ له‌سه‌ر ته‌خت نین و هه‌ر هیچیش نین به‌رامبه‌ر به مه‌سه‌له‌ی کورد گه‌لێک دڵ پڕ رق و شۆڤێنی و ره‌گه‌زپه‌رستن. باوه‌ڕیان به عێراقێکی فیدرالی نی یه. مه‌سه‌له‌ی کوردیش ده‌هێڵنه‌وه بۆ دوای نه‌مانی رژێمی سه‌دام حوسێن، که ئه‌و ده‌مه‌ش وه‌ک خۆیان ده‌ڵێن «رێکه‌وتنامه‌ی ئازاری ١٩٧٠» ده‌که‌نه چاره‌سه‌رکردنی مه‌سه‌له‌که.

له‌به‌ر ئه‌وه من پێم وایه هه‌موو مافێک که ئه‌و دوو ده‌سته‌یه به‌نیازن که له به‌غدا بیده‌نه کورد، گه‌لێک له‌وه که‌متره که ئه‌وڕۆ کورد خۆی خاوه‌ن ده‌سه‌لاته. بۆیه زۆر پێویسته کورد له بڕیتی ئه‌وه‌ی خۆ له به‌غدا و له ئه‌نقه‌ره و له تاران و له دیمه‌شق نزدیک بکاته‌وه، با ته‌قه‌لاکانی:

یه‌که‌م : له نێوان خۆیدا بێ و یه‌کگرن و یه‌ک بۆچوون بن

دووه‌م: به‌ره‌و وولاته ئه‌وروپایی یه‌کان و ئه‌مریکا بێت و مه‌سه‌له‌که توند گرێ بدرێته‌وه به سیاسه‌تی جیهانی یه‌وه و خۆمان له مه‌سه‌له‌ی نێوچه‌گه‌رێتی رزگار بکه‌ین

له‌به‌ر ئه‌وه من پێم وایه، له‌م باروده‌خه هه‌ڵچووه پڕ له گیروگرفته‌ی رۆژئاوای ئاسیا و نێوچه‌کانی رۆژهه‌لاتی نێوڕاستدا که ئه‌وه‌ی هه‌یه سیاسه‌تی ئابووری و ستراتیژی گه‌وره ده‌وڵه‌تاکانی جیهانی بایه‌خێکی گرنگ ده‌ده‌نه ئه‌م نێوچه‌یه‌و گه‌له‌کانی که چاره‌نووسیان که‌وتووه‌ته به‌رنامه‌ی پاشه رۆژی ئه‌و ده‌وڵه‌تانه، که دوورنی یه له داهاتوودا گۆڕانکاریه‌ک له نه‌خشه‌ی جوگرافی نێوچه‌که‌دا به‌ده‌ستبێ، و کوردستانیش بگرێته‌وه. بۆ ئه‌وه‌ی بزووتنه‌وه‌ی کوردایه‌تی بیرێک له چاره‌نووسی خۆی بکاته‌وه و لانی که‌م تا گه‌مارۆی ئابووری له‌سه‌ر عێراقه و هێڵی «٣٦» ی به‌ده‌سته‌وه‌یه چه‌ند هه‌نگاوێک بنرێن باشه :-

١) دانانی به‌رنامه‌یه‌کی نه‌ته‌وه‌یی بۆ ئاشتبوونه‌وه‌ی گشتی. په‌یمانێکی نه‌ته‌وه‌یی مۆربکرێ که هه‌رگیزاو هه‌رگیز شه‌ڕی نێوخۆی کورد روونه‌داته‌وه. ئاشتبوونه‌وه‌یه‌ک به ته‌نێ له نێوان هێزه‌کانی باشووری کوردستاندا نه‌کرێ، به‌ڵکه سه‌رجه‌می بزووتنه‌وه‌ی کوردستانی هه‌موو کوردستانی گه‌وره بگرێته‌وه. ئه‌نجامی زیانبه‌خشانه‌ی بۆ کورد لێ ده‌کوێته‌وه و سه‌رکه‌وتنی داگیرکه‌رانی له دوواده‌بێت. کۆبوونه‌وه‌کانیشی له کوردستان بکرێن، چونکه ئه‌وه مه‌سه‌له‌و کاری کورده چ په‌یوه‌ندی یه‌کی به ناکورده‌وه نی یه.

٢) کردنه ده‌ره‌وه‌ی هێزی داگیرکه‌ر له کوردستاندا : هێزی سوپایی و به تایبه‌تی ژه‌نده‌رمه‌ی تورک و ده‌زگاکانی سیخوڕێتی و ته‌نانه‌ت ئه‌وانه‌ش که نه نێوی «رێکخراوی خێرخوازانه‌ی وولاته داگیرکه‌ره‌کانه‌وه» کار ده‌که‌ن. چونکه یارمه‌تی و پشتیوانی کردنێک که له‌لایه‌ن ئه‌وانه‌وه بدرێته کورد پاک نی یه، به‌ڵکه له به‌رژه‌وه‌ندی خۆیانه‌و به هه‌ڵته‌کاندنی کۆمه‌ڵگه‌ی کورده‌واری و نانه‌وه‌ی ئاژاوه‌و شه‌ڕی کورد به کورد کۆتایی دێ.

٣)وازهێنان له هاوکارێتی و هاوپه‌یمانێتی له‌گه‌ڵ داگیرکه‌راندا. چونکه پتر له سه‌ده‌و نیوێکه بزوتنه‌وه‌کانی کورد له

ڕێی ئەو هاوپەیمانێتی یەوە بەفریودران. چ کورد چ نەیارانی کورد خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی درێژخایەنن لەو بارەوە. کورد هەمیشە دۆڕاوو دەست بڕاوو بە فریودان چووە، ئەوانیش براوەو سەرکەوتووبوون. چارەسەری مەسەلەی کورد لای ئەوان نی یە، بەڵکە لای کورد خۆیەتی.

٤) پاش ئاشتبوونەوەی گشتی، هەوڵی دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی بدرێ کە لە نوێنەرانی جەماوەری کورد پێک دێن نەک لە حیزبەکان. ڕەوایەتی بدرێتە ئەم حکومەتە کاتی یە کە سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەی ئازادنە لە ئەستۆ بگرێ کە لە ئەنجامدا پەرلەمان و حکومەتێکی بەتوانا بێنە سەرکار کە چارەیەک بۆ باری ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکەکە ببینێتەوە. لە هەمان کاتدا نێوی حکومەتەکە بکرێتە «حکومەتی فیدرڵی کوردستان» و ئاڵای کوردستان لە هەموو جێ ی و شوێنێکدا بەرز بکرێتەوە. هەروەها سەرکۆمارێکیش لە دەنگدانێکی ئازادانەدا هەڵببژێردرێ.

ئەمانە چارەیەکی کاتین بۆ خوارووی کوردستان بۆ ئەوەی تا ئەو دەرفەتە بە دەستەوەیە کورد سوودی لێ ببینێ. خۆ ئەگەنا مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی نایەت. چونکە مەسەلەی باشووری کوردستان برێتی یە لە بەشێک لە مەسەلە گەورەکە کە هەموو کورد و کوردستان دەگرێتەوە. چونکە مەسەلەی هەموو پارچەکان توند پێکەوە گرێدراون و لە یەکدی جیاناکرێنەوە چارەسەریشی بۆ ئەم مەسەلەیە لە ئەنجامدا هەردەبێ پێکەوە بکرێ. کە ئەمەش تەنێ بە یەکێتی یەکی نەتەوەیی دەکرێ. کە زۆر دەمێکە کتی ئەوە هاتووە هەموو کۆڕو کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان خۆیان یەکخەن، و لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی نیشتمانی یاخود نەتەوەیی دا کۆببنەوە. چونکە :-

١) تەنێ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی یە کە بتوانێ بزووتنەوەی کوردایەتی لە خەندەقی نێوچەگەرێتی ڕزگار بکات و بیکاتەوە بە بزووتنەوەیەکی کوردستانی. واتە مەسەلەی کورد پێکەوە گرێ بداتەوە و بیکاتەوە بە مەسەلەیەکی یەکپارچەیی و ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ ئەورۆ و پاشە ڕۆژی دابنێ.

٢) کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێتە پێنامەیەکی کوردستانی و ڕەوایەتی دەداتە مەسەلەکە و لە مەیدانی هەرێمی و نێو دەوڵەتیدا ڕێزی لێ دەنرێ. تەنانەت نەیاران و داگیرکەرانیش هەڵوێستی سەردەستانەی شۆفێنیستانەیان بەرامبەرمان دەگۆڕن و بە زمانێکی دی لەگەڵمان دەدوێن.

٣) کۆنگرەی نەتەوەیی، بزووتنەوەی کوردایەتی لە ژێر دەستەیی و خۆ بەستنەوە بە داگیرکەرانەوە ڕزگار دەکات و بڕیاری چارەنووسی میللەتەکەی لە دەستدا دەبێ. لە هەمان کاتدا هەستی نەتەوایەتی و شەخسەتی کوردی پتەوتر و بەهێزتر دەکات.

سنووری مێژوویی جوگرافی کوردستان دەستنیشان دەکات و نەخشەیەکی یەکگرتوو بۆ کوردستانی گەورە لە ئەستۆ دەنێ.

بەڵام گرتنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کارێکی کاتی و ئارەزوومەندانەی حیزبێک نەبێ و لە چوارچێوەی بیرو بۆچوونەکانی حیزبەکاندا پاوەند نەکرێ، بەڵکە بەدەستهێنانی ئەوکارە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە گشت کوردەوە هەیە، بۆیە زۆر پێویستە نوێنەرانی تەواوی کۆمەڵگەی کوردەواری تێدا بەشداری بکات و ڕۆڵی خۆیان تێدا ببینن.

هەنگاوەکان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی یاخود نەتەوەیی ئەرکێکی مێژوویی و کارێکی کوردانەی سەربەخۆیەو

چ ڤیتۆیەکی وولاتانی داگیرکەری لەسەر نی یە.

بەڵام گەر لە کاتێکدا هیچ هەنگاوێک یان تەقەلایەک لەوبارەوە نەنراوە بزووتنەوەی کوردایەتیش بەو جۆرە کەرت و پەرتی یەی ئەورۆکەی مایەوە و ڕەوایەتی یەک بۆ نەتەوەی کورد پێک نەهات و ناکۆکی و شەڕی نێوخۆی کورد درێژەی پێدرا، ئەوا بەناچاری دەبێ بیر لە چارەسەرێکی دیکە بکرێتەوە کە ئەویش «گەل پرسی یە - ڕێفرێندام» کە ئایا ئەو نێوچە ئازاد کراوانەی کوردستان بخرێنە ژێر مەنداتی گەورە دەوڵەتێکی جیهانی یاخود «کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە» یان نا ؟

ئەم بۆچوونەش دوو لایەنی هەیە : -

١) لایەنی ئەرێنی (سلبی) : دەسەڵاتی کوردی ئەو بەڵگەیەی دا بەدەستەوە کە بەڕێوەبەرایەتی نێوچەیەکی ئازادکراوانەی پێ هەڵنەسوورێ. هۆی ئەمەش وەک خۆیان دەبێژن «سیاسەتی نێودەوڵەتی دژ بە دەوڵەتێکی کوردی یە. سیاسەتی هەرێمیش هەر دژ بەو کاردیە و لە هەمان کاتیشدا دەست درێژی دەکاتە سەر نێوچەی ئازاد و سوپای نوێ دێنێتە ژوورەوە !! ئەوجا مەسەلەی گەمارۆی ئابووریشی کراوەتە هۆیەکی دیکە.

ڕاستی یەکەی هەروەک لەوەوبەریش دەستمان بۆی ڕاکیشا کە ئەو هۆیانە هیچیان هۆی سەرەکی نین لە هێنانەکایەی ئەو بارودۆخەی دەسەڵاتی نێوچەی ئازاد» داو پارچەکردنی. بەڵکە لانی کەم کورد خۆی دەتوانێ : شەڕی نێوخۆ نەکات، کۆک و تابێ، دەسەڵاتێکی هاوبەشانە دەبەزرێنن و بەڕێوەی بەرن، خواردن و دەرمان و جل و بەرگ و پێوەستی بدەنە میللەتەکە. پارەی گومرگەکان بۆ بانکەکانی دەسەلات بن ...... هتد، ئەوانە کاری کوردییە و لە نێوخۆدا دەکرێن و هیچ هێزێکی دەرەکی ڕێی پێ نەگرتوون. کەواتە دەسەڵاتی کوردی خۆی تاوانبارە و بەرپرسیارە و لەگەڵ داخێکی زۆریشدا کورد چ ئومێد و ڕوناکاییەک لە دوارۆژی کۆک بوون و تەبایی و برایەتی «یەکتێی» و «پارتی» دا نابینێ.

٢) لە ڕووی ئەرێتی (ئیجابی) یەوە :

ا) ئەگەر کوردستان بکەوێتە بن دەست دەزگایەکی نێونەتەودیی یەوە لە ماوەی دەساڵێکەوە بۆ چارەکە سەدەیەک (بێگومان ئەم کارەش هەروا بەئاسانی ناکرێ و دەبێ هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری بۆ بدرێ) ئەوا باری ئابووری و جڤاکی و ڕۆشنبیری و ئاوەدانی کوردستان دێتەوە سەرخۆیی و دەبوژێتەوە. مەسەلەی سیاسی وردە وردە ئارامی بەخۆوە دەبینێ، بنەماکانی دیموکراتی چەکەرە دەکات و گەشەو پەرە دەستێنێ و کورد فێری بەڕێوەبردنی دەزگای دەوڵەتی دەبێ و پسپۆران و شارەزایان کاربەدەست و بەرپرسیار دەبن.

ب) ڕێز لە سەروەرێتی خاکی کوردستان دەنرێ ولەدەست درێژی دەپارێزرێ و هەر ڕۆژە سوپای داگیرکەرێک هێرشی ناکاتە سەر. ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی یەکجار گرنگ لەبەدەستهێنانی کیانێکی سیاسی یانەی دوارۆژدا.

ئەوجا ڕەنگ هەیە گەلێک کەس بەتایبەتی لەوانەی سەر بەدەسەڵاتی کوردین یەکجار بەمە نارەحەت بن و بەکارێکی نەزانانەی ساوێلکانە یاخود بە خەون و خەیاڵێکی ڕۆمانسی یانەی تێ بگەن. بەڵام ئەو ڕاستی یە لە بیر نەکرێ کە لەماوەی کەمتر لە دەساڵێکدا گۆڕانکاری یەکی زۆر لە جیهان و نەخشەی هەندێک وولاتاندا رووی دا کە بە بیرو هۆشی هیچ مرۆیەکدا نەدەهات. وولاتی وا هەبوون کە ژێردەستەبوون و لە ڕێی گەل پرسی یەوە بوونە خاوەنی دەوڵەتی

ناسیۆنالی خۆیان.
دەبا جارێک بۆ مێژوو کورد خۆی تاقی بکاتەوە و لە میللەتەکەی پرسیار بکات، کە ئایە چی دەوێ و چ مافێک بە خۆی ڕەوا دەبینێ ؟
من هەمیشە لەسەر ئەو بیروڕایەم کە کورد تەنێ خۆی دەتوانێ و بەدەستی خۆی ڕزگار بێ گەر بیەوێ، یاخود کۆیلەو ژێر دەستەبێ گەر بەتەمای پشتیوانی بیانی بێ.

ستۆکهۆلم ٢١/ ٤/ ١٩٩٨

ژێدەرەکان :
١) لە ڕاستیدا هەڵبژاردنێکی هێمنانەی بێ خوێن ڕژانەبوو، تا ڕادەیەکیش فەندو فێڵاویانە بوو. یەکێتی و پارتی داکۆکیان لە یەکدی دەکرد کە لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنەکە ئەمانەتی تەواوی ڕێنوێنی نەکردووە. ئەم ناڕازی بوونە لە نامەیەکی سەرۆکی پارتی مەسعود بارزانی دا دەردەکەوێ کە تێیدا وتبووی «فەندو فێڵ لەسەرجەمی هەڵبژاردنەکەدا کراوە و ئەنجامی ڕاستینە بەدەستەوە نەدراوە. لە هەمان کاتدا داوای هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی نوێ ی دەکرد بە زووترین کات».
٢) سەعد ساڵح جەبر کە داوای عێراقێکی ئازاد دەکات، کەچی ئازادی بە کورد ڕەوا نابینێ. حکومەتی ساڵح جەبر لە ساڵی ١٩٤٧ دا چوار ئەفسەری قارەمانی کوردی کردبوو بە ئەندامی ڕێکخستنەکەی و خۆی وا پیشان دەدا کە لەسەرکەرەوەی مافی ڕاستینەی کوردە، بەڵام دەرکەوت کە ئەویش چ جیاوازی یەکی ئەوتۆی هاوپیالەکانیدا نی یە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد.
٣) د. ئەحمەد چەلەبی کە لە دوای شەڕی کەنداوی دوومەوە لە کوردستان پەیابەر بووە و باروبارگەی لێ هەڵداوە ئەویش وەک سەعد ساڵح جەبر لەسەرەتادا باسی فیدراڵی کوردستان و مافی ڕەوای کوردی دەکرد. بەڵام چونکە ئەو بۆچوونەی لە قەناعەت و بڕوا پێکردنەوە نەبوو، ناچار ڕووی ڕاستی خۆی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد پیشان دایەوە. ئەوی کە نێوبراو دەیەوێ سبەی ڕۆژ گەر خودێ نەکردە هاتەسەر حوکم بە کوردی ببەخشێ «بەیاننامەی ئازارە» کە سەدام حوسێن بە کوردی ڕەوابینیوە و ئەم بە دیکتاتۆری دادەنێ. چەلەبی چ جیاوازیەک نابینێ لە نێوان بەغداو کەرکووک و سلێمانی و بەسرەدا، هەموویان بە باژێڕی عێراقی دەقەبڵێنێ.
٤) بۆ زێتر زانستی سەبارەت بە بزووتنەوە ئیسلامی یەکان و مەسەلەی کورد. بڕوانە : د. جەمال نەبەز «المستضعفون الکرد و اخوانهم المسلحون». من منشورات کوردنامە. لندن ١٩٩٧
٥) لە ڕۆژی «١٢/ ٢/ ١٩٩٨» دا، کەناڵی تەلەفزیۆنی جەزیرە، پێوەندی یەکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ نوێنەری پارتی لە لەندەن «عەبدول قادر بریفکانی» دا کرد. لێ یان پرسی کە ئایا ئێوە نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیتان هەیە یان نا ؟ لە وەڵامدا وتی : «ئێمە پارتێکی عێراقین لە ماوەی ٤٠ ساڵدا بەکردەوە ئەو ڕاستی یەمان سەلماندووە و

هیچ کاتێکیش بیرمان لەو جۆرە مافە نەکردووەتەوە.

٦) حیزبە کوردی یە عێراقیەکان و هێزە ئۆپۆزیسیۆنە عارەبی یە عێراقی یەکان لە گەلێک ڕووەوە کۆک و یەک ڕەنگن :-

١) هەردوولایان خوارووی کوردستان و گەلەکەی بە بەشێک لە عێراق دەزانن، کە ئەمەش بێگرێ و گۆڵ دەبێتەوە بە پارچەیەک لە خاکی عارەب.

٢) هەردوولایان لە پێناوی یەکپارچەیی عێراق و سەروەرێتی خاک و هێرشی دووژمنکارانەی دەرووەدا تێدەکۆشن.

٣) بڕوایان بە ڕەوایەتی خەباتی یەکگرتنەوەی ئۆمەتی عارەب و مافی چارەنووسی فەلەستین یەکان لە دامەزراندنی دەولەتێکی ناسیۆنالدا هەیە.

٤) عێراقێکی «دیموکراتی پلورالیستانەیان» دەوێ کە کوردیش ڕەنگ هەیە بەیاننامەیەکی وەک ئازاری سالی ١٩٧٠ ی پێ ببەخشرێ.

٧) مامۆستای ئەمر ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا سەبارەت بە حکومەتی شێخ مەحمودی ئەمر وای نووسیبوو : «ڕێ و شوێنێک کە لە هەلسوڕاندنی کاروباری عەشایەری دا لەسەری ڕۆیشتبوو بۆ تەگبیرو ڕای نیشی حکومەت بەکەلک نەئەهات. ئەوانەی کە ئەیانتوانی لە حوکمدار نزیک بنەوە لەم بابەتە بوون : دەسست و پێوەندی نەفام و نەخوێندەوار، دەورپشتی چاوبرسی و دووای تالان کەوتوو، نۆکەری خەنجەر لە پشت و عەشایری تفەنگ لەشان» بڕوانە : یاداشت. ڕەفیق حیلمی. «کوردستانی عێراق شۆرشەکانی شێخ مەحموود». بەشی یەکەم ١٩٨٨، ل ٦٧

٨) بڕوانە : ڕۆژنامەی میللیەت، ٢٠/ ١٠/ ١٩٩٦.

هەولێرنامەی کتێب

پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار (*)

# پەخشانی هونەری کوردی
## ١٩٤٥ - ١٩٦١

### پێشەکی
ئەدەبی کوردی وەکو ئەدەبی نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شیعر دەستی پێ کردووە. شیعر لە پێشەوە بووە و هەمیشە لە پەخشان باوتر بووە. لە چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەمیشەوە پەخشان بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە لە ئەدەبدا. لەگەڵ بڵاو بوونەوەی بیر وباوەڕی نەتەوایەتی ڕینیسانسی کولتووری دەستیپێکردووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ڕۆژنامەی کوردی پەیدا ببێ (ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ لە قاهیرە).
سەردەمی پەیدابوونی پەخشانی هونەری کوردی وەکو شێوازێکی تازە لە نووسیندا بریتی بوو لە قۆناغی گۆڕانی ئەدەبی کوردی بە شێوەییێکی گشتی. دەسکەوت تەنیا پەخشان نەبوو وەکو دیاردەییێکی کە لە گەڵ گۆڕانی کۆمەڵ دەگونجا، بەڵکو گۆڕانی شیعری کوردی خۆی لە خۆیدا دیاردەییێکی تازە بوو، لە بەر ئەوە کارێکی بەجێیە باس لەو گۆڕانە بکرێ کە بەسەر شیعری کلاسیکی تەقلیدیدا هاتووە.
دەتوانین سەرەتای شیعری کوردی تازە بگەڕێنینەوە بۆ ڕۆژگارانی پاش جەنگی یەکەمی گێتی. ڕوخسارو ناوەرۆکی

(*) پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار
بەشی زمانی کوردی
کۆلێجی ئەدەبیات- زانستگای سەلاحەدین - هەولێر

تازەو هەندێ جار تەنیا ناوەرۆکی تازە نموونەی بەرهەرمی هونەری نوێی زمانی کوردی بوو. ئەم دیاردەیە کارێکی سروشتی بوو لە ئەنجامی گۆڕانی شیعری کلاسیکی تەقلیدیی دەوڵەمەند هاتە کایەوە. بێگومان ئەدەبی میلليی نەنووسراویش (فۆلکلۆر) دەورێکی باڵای هەبوو لە عەمەلیەتی لە دایک بوونی شیعری تازە. بۆ روون کردنەوەی کۆنی و تازەیی لە شیعری کوردیدا کارێکی بە جێیە ئەگەر بەراووردێک لە نێوان هەردوو جۆرە شیعرەکەدا بکەین، لە ئەنجامدا دەگەینە ئەم رایانەی خوارەوە:

١- شیعری کوردی تازە بەوە لە شیعری کۆن جیا بووەوە کە وازی لە غیبیات و میسالیەت هێنا و شێوازی رەنگدانەوەی رووداوی ریالیزمی گرتە خۆی.

٢- خەباتی رزگاری نەتەوایەتی کورد کارێکی گەورەی کردە سەر رێرەوەی کومەلایەتی-پۆلیتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، بەمە شیعری سیاسی دروست بوو.

٣- شیعری تازە لە بنچینەوە چووارچێوەی ناوەرۆکی خۆی گۆڕی، غەزەلی نیشتمانی تازە پەیدا بوو.

٤- شیعری دلداری لە بنەڕەتەوە گۆڕانی بەسەردا هات، خۆشەویست تەنیا بتە رۆژهەلاتیيە کلاسیکییەکەی کۆن نەبوو، بەڵکو ئادەمزادی مێینەی سەرزەوی بوو بە قارەمانی دلداری.

٥- ناوەرۆکی تازە هاتە ناو شیعری کوردییەوە، ئەوەی پێوەندی بە ژیانی نوێی ئادەمزادەوە هەیە لە کۆمەڵێکی پیشەسازیی پێشکەوتوودا، هونەرەکانی: غەزەل، چووارین، چیرۆکی شیعری روخسارو ناوەرۆکی تازەیان دۆزییەوە.

٦- هونەری تازە لە شیعری کوردیدا پەیدا بوو، وەکو پەندو قسەی نەستەقی پۆلیتیکی، ئەفسانە، شیعری درامی..هتد..

٧- شیعری کلاسیکی تەقلیدی قالبی هونەری و نرخی ئیستێتیکی تایبەتیی خۆی هەبوو، ئەمانە بوون بە غایەت نەک وەسیلە. لە شیعری تازەدا دەبن بە وەسیلەو ناوەرۆکی شیعر لە وەستان و نەبزووتنەو وەردەگێرنە بزووتنەوە، هەر وەها شیعری تازە چووار چێوەی تەسک و تەنگەبەری هەموو دەستوورە هونەرییەکانی کلاسیکی دەشکێنی، بەمە کێشی سووک و قیافەی رەنگاورەنگ کەوتە ناوەوە.

٨- شیعری کوردی تازە کە لە شێوەی شیعری کلاسیکی دوور کەوتەوە، ئەمە مەشقێکی گەورە بوو بۆ گۆڕینەوەی کێشی عەرووزی عەرەبی بە کێشی سیلابی خۆماڵی (بە زۆری دە کەرتی) کە لە پاشانا تەنیا لە لایەن شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی زمانی کوردی بەکار دەهێنرا. هەروەها شێوەی قافیەی کلاسیکی شیعریش گۆڕا، یەکێتیی قافیەی کۆن بوو بە قافیەی سەربەست یا قافیەی رەنگاورەنگ.

بەرزبوونەوەی پلەی هوشیاری و خوێندەواری لە ناو رۆشنبیرانی کورددا بوو بەهۆی پەیدا بوونی مێتۆدی ریالیزمی تازە. هەنگاوی هەرە گرنگ لە ئەدەبی کوردیدا تەنیا تازەکردنەوەی شیعر نەبوو، بەڵکو هەر لەو قۆناغەی پاش جەنگی یەکەمی گێتیدا پەخشانی هونەری پەرەی سەندو پێشکەوت بە تایبەتی بابەتە هەرەگرنگەکانی ووتاری هونەری و چیرۆک.

## پەخشانی هونەری

ئەو قۆناغەی لەم باسەدا لێی دەدوێین ماوەیێکی یەکجار گرنگ و بەردارە لە مێژووی پەخشانی کوردیدا، چونکە هەراش بوون و لە سەرپێوەستانی پەخشان دەگەرێتەوە ئەم سەردەمە. لەوکاتەدا بوو بەراستی پەخشان بەرامبەر بە شیعر وەستا وجێی تایبەتی خۆی کردەوە لە ئەدەبی کوردیدا. بەم جۆرە بابەتی تازە پەیدا بوو، وەکو ووتاری هونەری و چیرۆک کەوتە مەشق و پراکتیک و بووە هۆی لەدایک بوونی گەلێ بەرهەمی ئەدەبی. بەم پێیە شێوازی دەربڕینی ریالیزمی بەرامبەر بە رووداو جێی خۆی لە ووشە وتەعبیری هونەریدا دۆزییەوە. مەشقی زمانی پەخشانی هونەری کوردی، لەگەلێ جەوهەری لاسایی کلاسیکی بە تایبەتی بە لاغە ووشەییەکان خۆی رزگار کرد و نرخی ئیستێتیکی گونجاوی لەگەلّ گۆرانی کۆمەلّی تازە هێنایە کایەوە.

وەزعی بلاوکردنەوەی پەخشانی هونەری لەوسەردەمەدا زیاتر لەسەر لاپەرەکانی گۆڤار و رۆژنامەکانی کوردیدا بوو. بەرهەمی ووتار و چیرۆک لە پێشانا لە ناو ئەو چاپەمەنییانەدا بلاو دەکرانەوە بەهیوای ئەوەی لە دووایی‌دا بکرێن بە کتێب. بەگشتی ژمارەی دەرچوونی کتێبی کوردی کەم بوو.

لە ناوەراستی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا ووتاری چیرۆک ئامێز ناوبانگی تەواوی پەیدا کرد و بە شێوەیێکی فراوان لە ناو خوێندەواری کورد بلاو بووەوە. ئەوی راستی بێ ئەوەیە ئەم بابەتە هونەرە پخشانییە بۆ کۆمەلێکی گەورە وفراوانی ناو خەلکی دەنووسرایەوە، لەبەر ئەوە بوو بە زمانێکی ساکار تۆمار دەکرا، هەولّ دەدرا لە رووی دارشتنی رستە و بەکار هێنانی ووشەوە زمان سفت و سادە بێ، زۆربەی خوێنەرانی تێی بگەن. بەلگەی جوانمان لەم بابەتەوە هەیە و دەتووانین پەنجە بۆ هەندێ بەرهەمی ئەو رۆژگارە درێژ بکەین. لەمانە ووتارێکی هونەری ئیبراهیمی نادری "دەردی بێ وولاتی"(١). لەم ووتارەدا نووسەر خۆی بە گرتنی وێنەی هەژاری و دوواکەوتوویی نەتەوەی کورد و ناگزووری کۆمەلایەتی لە ناو خەلکی کورددا خەریک کردووە. هۆی نالەباری سۆسیۆپۆلیتیکی ئەو کۆمەلە دەگەرێنێتەوە بۆ نەبوونی مافی نەتەوایەتی و قەوارەی سیاسی.

ناوەرۆکی ووتاری هونەری لە وەزعی کۆمەلایەتی کورد دوور نەدەکەوتەوە بە تایبەتی جێگەی ژن و کیروگرفتی خێزان و بنەمالە و بلاوکردنەوەی خوێندەوارییەوە. ووتاری رەشید نەجیب (لە ١٩٦٨دا کۆچی دوایی کردووە) "گوێ ئاگردان"(٢) جێی ئاگردان دیاری دەکا لە پێشخستنی کۆمەلّ، چونکە خێزانی کورد لە دەوری ئاگردان کۆ دەبنەوە، لەوێ هەموو قسەیێک دەکرێ، ئەمە دەبێتە قوتابخانەیێک منداڵ پەروەردە دەکا، لاوەکان فێری جوامێری و سوارچاکی و ژیری و زانست و زانیاری دەکا، مێژووی کۆن و بەسەرهاتی کورد دەپارێزێ و ئەوەی تازە بە شیعر و هونەری نەتەوایەتی گۆش دەکا. بەم جۆرە ئاگردان لە ژیانی کوردەواریدا دەوری بالای بووە.

لە چیرۆکی "سکالای مردوو"دا(٣) ئیحسان مستەفا ژیرانە خەونێکی خۆی دەگێرێتەوە، لە خەونەکەدا ژنێک دەبینێ بەسەر منداڵ بووندا مردووە، هۆی مردنەکەش ئەوەیە کە ژنەکە زگی پر بووە تووشی نەخۆشییێکی وا بووە بە پێی ووتەی پزیشک دەبوو منداڵەکە پێش بوونی لە باری بچێ ئەگینا ژنەکە بەسەر منالەکەوە دەمرێ. بێگومان بریار بەدەست مێردی ژنەکە بووە، ئیتر پیاوەکە منداڵەکە هەلدەبژێرێ و سوور دەبێ لە سەر ئەوەی مردنی ژنەکەی ئاساییە، گرنگ ئەوەیە منداڵەکەی بمێنێ! ئەمە دیارە خەونەو نووسەر بینیویەتی، بەلام لە ژیاندا شتی وا روو دەدا. ئیتر کە لە

ئەنجامی قیژ و هۆڕ و قیرە و هاواری ماڵە هاوسێکەیان هەڵدەستێ، دەپرسێ ئاخۆ چی رووی داوە، پێی دەڵێن هاوسێکەتان ژنی خۆی تەڵاق داوە چونکە چێشتەکەی سوێر کردووە.

لەم ماوەیەدا سەرکەوتووانە چیرۆکی کورت لە ئەدەبی کوردیدا بەردەوام بوو، جێی خۆی لە ناو خەڵکیدا کردەوە و دەنگ و ناوبانگی پەیدا کرد. ئەو گوێیەی تەنیا بە شیعر راهاتبوو خەریک بوو چێژی لە بەرهەمی پەخشانیش وەردەگرت. کۆمەڵێک لاوی خوێندەوار پەیدا بوون، ئەمانە بوون بە نووسەری دیاری چیرۆک لە گێتی ئەدەبی کوردیدا. هەموو توانای خۆیان بە زۆری بۆ تاقیکردنەوەی چیرۆک تەرخان کرد، لەمانە: موحەرەم محەمەد ئەمین، جەمال بابان، مستەفا ساڵح کەریم، محەمەد مەولوود (مەم)، مارف بەرزنجی(٤). لەگەڵ ئەم تازانەدا نەوەی کۆنیش هی وەکو پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠) و سەلام (١٨٩٢-١٩٥٩) و ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح بەردەوام بوون.

چیرۆکی ناوەڕاستی چلەکەن و سەرەتای شەستەکان بە ئاشکرا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ووتارە چیرۆک و چیرۆکەکانی قۆناغی پێشووتر، ئەم تازانە بزووتنەوەی دینامیکی گۆڕانی ناوەڕۆک و قووڵی مەبەستیان تێدایە. لە رووی مۆتیڤەوە بەگشتی چیرۆکی کوردی هەر لە سەرەتای پەیدا بوونیەوە دەچووە ناو گیروگرفتی رۆژانەی پولیتیکی کۆمەڵایەتییەوە. لەبەر ئەوە گەلێ جار شێوەی رۆژنامەگەری وەردەگرت، هەر لەبەر ئەوەش بوو تاقیکردنەوەی ووتاری هونەری ماوەیێکی زۆری خایاند تا بوو بە چیرۆک، واتە سەردەمی ووتارەچیرۆک درێژ بوو.

بەشێ لە چیرۆکەکانی جەمال بابان لەم بابەتەن، بە تایبەتی ئەوانی لە دوو توێی کۆمەڵە چیرۆکی "خانزاد"(٥) بڵاو کراونەتەوە، ئەم چیرۆکانە بە هەناسە و هەواییکی رۆژنامەگەری ووتارئامێز نووسراونەتەوە، وێنەی هەندێ لایەنی ژیانی کوردەواری دەگرن. لە چیرۆکی "پەڵەهەورێکی چڵکن"دا(٦) نووسەر باس لە لافاوەکەی شاری سلێمانی دەکا کە لە پاییزی ١٩٥٧دا روویدا و زیانێکی زۆری گیانی و مەتریالی لە دانیشتووانی شار دا. نووسەر تاوانی رووداوی لافاوەکە دەخاتە ئەستۆی حوکوومەت. دەسەڵاتی میری دەیتووانی بەرگری ئەم کارەساتە بکا کە لە ئەنجامی لافاوەکە روودەدا ئەگەر پێشتر بەنداوێکی دروست بکردایە.

نووسەر مستەفا ساڵح کەریم لە ژێر کاری چیرۆکی عەرەبی میسری و بە لاسایی کردنەوەی ئەوان تووانی هەندێ چیرۆک بێنێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. لە چیرۆکی "زڕەی زنجیر"دا(٧) لە شێوەی ریپۆرتاژێکی هونەری باس لە ژیانی قورس ودژواری شۆڕشگێرێک دەکا لە بەندیخانەکانی عێراقی سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیک (پێش ١٩٥٨). لە رێگەی چیرۆکەکانی تریەوە نووسەر باس لە ژیانی پڕئازار ومەینەتی هەژاران و بێ نەوایان دەکا لە کۆمەڵێکی عێراقی دەوڵەمەندی خاوەن پترۆڵ.

مستەفا ساڵح کەریم لە کۆمەڵە چیرۆکی "شەهیدانی قەڵای دمدم"(٨) (بریتییە لە هەشت چیرۆک) بە شێوەیێکی ریالیزمی و هونەروەرییانە نزمی ژیانی کۆمەڵ پیشان دەدا و هەوڵ دەدا تەنگوچەڵەمەکان بخاتە روو. هەرچی ئەو چیرۆکەشە لە ناو چیرۆکەکان کە کۆمەڵەکەی بە ناوکراوە "شەهیدانی قەڵای دمدم" سەرچاوە بنچینەیەکەی رووداوێکی مێژووییە بە جەنگی قەڵای دمدم ناوبانگی دەرکردووە. ئەم جەنگە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا عەباسی یەکەم لە ساڵی ١٦٠٨ روویدا، لەوکاتەی کە هێرشی بردە سەر سەرۆکی عەشیرەتی برادۆست لە ناوچەی وورمێ و شنۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان. میری کورد لە قەڵای دمدم دادەنیشت، ئەنجامی جەنگ ئەوە بوو میر خۆی بە دەستەوە نەدا تا

هەموو دانیشتووانی ناو قەلای دمدم لە ناو چوون.(٩)
ئەم رووداوە مێژووییە گرنگە رەنگی لە ئەدەبی میللی نەنووسراو (فۆلکلۆر)دایەوە، لە ماوەی چووار سەدە گەلێ تێکستی جیاواز بە زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کەوتنە ناوەوە.(١٠)
مستەفا سالح کەریم لە چیرۆکە هونەرییەکەیدا پارێزگاری کات و شوێنی کردووە (زمان ومکان). هەروەها زۆربەری قارەمانە مێژووییەکانیش وەکو خۆیان ماونەتەوە. بۆ بەهێز کردنی ناوەرۆکی چیرۆکەکە قارەمانی تازەی دروست کردووە، بە تایبەتی ئەو کچە گەنجەی کە کردوویەتی بە دلبەر و خۆشەویستی عەبدالی کوری خانی لە پ زێرین. عەبدال فەرمانڕەوای سوپاییە لە جەنگەکەدا، خانی لەپ زێرینیش ستراتیجی سوپاییە پیلانی جەنگەکە دادەنێ. لە ئەنجامیشدا هەموویان دەکوژرێن.(١١)
محەمەد مەولود (مەم) (١٩٢٧-١٩٨٧) لەو نووسەرانەیە تەنیا خەریکی چیرۆک و رۆمان بووە، تاقیکردنەوەی ژیانی ئەدەبی لەم دوو بابەتەدا خەرج کردووە. چیرۆکنووس زیاتر خەریکی لایەنی پۆلیتیکی رۆژانەی کۆمەڵە، ئەم مۆتیڤە بە تیژی دەخاتە روو بۆیە بۆ مەسەلەی هەرە گەورە دەچێ لە رووی ماف و چارەنووسی نەتەوەی کوردەوە، بە لای نووسەرەوە کۆمەڵی کورد دەبێ گۆرانی بنچینەیی بە سەردا تێپەرێ و سەر لەنوێ دامەزرێنرێتەوە. بۆ ئەم ئامانجە لە چیرۆکی "بێ وولات نیم"(١٢) نووسەر وەزعی تراجیدی کوردی هەژار دەخاتە روو. وێنەی ئەو کوردە لەو کەسەدا دەدۆزێتەوە کە بە شوێن لەتێ ناندا دەگەرێ. بەناچاری لە رۆژهەلاتی کوردستانەوە ئاوەرەی خوارووی کوردستان دەبێ. لێرە پێشوازی لێ ناکەن و بە بێگانەی دەزانن چونکە کابرا ئێرانییە. نووسەر ئەوە بۆ قارەمانەکەی روون دەکاتەوە باوەری بەوە هەبێ کە رۆژێک دێ ئەویش وولاتی خۆی دەبێ و بە ئاسانی دەتوانێ کار پەیدا بکا.
چیرۆکە پر سۆز وکاریگەرەکەی محەمەد مەولوود "پەنجا فلس"(١٣) بوو بە دروشمی نووسەر، لە باتی ناوی خۆی بۆی بەکار دەهێنرا و ناوبانگێکی فراوانی لەناو خوێندەواری کورددا پەیدا کرد. نووسەر لەو چیرۆکەدا وەستایانە وێنەی چارەنووسی دوو مێردمندالی کورد دەکێشێ. ئەمانە لە پێناوی وەدەست خستنی خوێندەواری روو دەکەنە شار بۆ ئەوەی لە قوتابخانە بخوێنن. لە شاریشدا هەموو شتێک بە پارەیە، بێ پارە هیچ ناکرێ، کەسوکاریشیان لە ووزەیاندا نەبوو یارمەتییان بدەن، لەبەر ئەوە هەندێ جار شەو بە برسی سەریان دەنایەوە. جاری تریش یەک دووڕۆژ برسی دەمانەوە. بەلام لەوکاتەی یەکێکیان لە رێگەی قوتابخانە پەنجا فلس دەدۆزێتەوە، ئەمە دەبێتە مایەی خۆشی و گوشادی. هەردووکیان پێکەوە دەچن نانی پێ دەخۆن. نووسەر ژیرانە و بە قوولی لە بابەت ئامانجی فراوانی هەردوو مێردمنداڵەکە دەدوێ، ئەوەی بەم پارەیە دەێتە دی لەو ساتەی ئەم سامانەیان لەناو دەستی خۆیاندا دی. هەروەها نووسەر رووی هەلوێستی سایکۆلۆجی پیشانددا لە رەوشتی هەردوو مێردمنداڵە برادەرەکان، بەوەی سۆزی هاورێیەتی لە لایان لە هەموو شتێکی تر گرنگتر بوو.
چیرۆکی درێژ یا رۆمان بابەتێکی تازە بوو لە هونەرەکانی پەخشانی کوردی، لەو سالانەی باسی لێوە دەکەین لە ئەدەبی کوردیدا لە دایک بووە (١٤). ئەویش هەر وەکو چیرۆک ئەو خاسیەتە بیری و هونەرییانەی هەبووە کە لە کورتە چیرۆکدا بووە. ئەوەی لێرەدا جێی خۆیەتی پەنجەی بۆ درێژ بکرێ ئەو رۆمانەیە کە رەحیمی قازی بە ناوی "پێشمەرگە"وە(١٥) لە پەنجاکاندا نووسیویەتییەوە ولەسەرەتای شەستەکاندا بلاو کراوەتەوە.

ئەم رۆمانە بە شێوازێکی ریالیزمانە وێنەی رێگەی قورسی مێژووی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) دەکێشێ. ئەم کۆمارە ساوایەی کە هیوا و ئامانجی نەتەوەی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان بوو هەلوێستی نامرۆڤایەتییانەی پۆلیتیکی ستالینی سۆڤیەت رووخاندی، لە ئەنجامی جەنگی دووەمی گیتی و پاشگەز بوونەوەی سۆڤیەت لە بەلێنەکانی خۆی کە بۆ هەلخەلەتاندن دابووی بە نەتەوەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، کورد زیانێکی گەورەی لێکەوت، گەیشتە ئەوەی نەتەوەکە تیرۆر بکرێ و سەرەک کۆمار و گەورە پیاوانی دەولەت لە سێدارە بدرێن.
نووسەری رۆمان باس لە بزووتنەوەی جووتیارانی کۆمەلی کوردستانی ئێران دەکا، هەروەها دەوری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دیاری دەکا و لە ئەنجامی خەبات و جموجۆلی پۆلیتیکی و ستراتیجی عەسکەری ئەو حیزبە کۆماری کوردستان دێتە کایەوە. ئینجا لە تاوانی دەرەبەگ و کوردە خۆفرۆشەکان دەدوێ. ئەم هەموو زەمینەیە کۆ دەبنەوە و دەبن بەهۆی کۆتایی کۆمارەکە. دیارە هۆی سەرەکیش بۆ رووخاندنی کۆمارەکە لە دەرەوە هاتبوو، بەتایبەتی پۆلیتیکی سۆڤیەتی ستالین لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی چاکەی میللەتی کوردی کرد بە قوربانی.
نووسەر هەرچەندە ئەدەبی داهێنانی نەکردووە بە پیشە و نووسینی لەم بابەتەوە کەمە، بەلام لە بارەی پێویستییەکانی رۆمانەوە لە رووی ئیستێتیکییەوە سەرکەوتووە و زمانی نووسینی رەوان و گەلێ بەلگە و شێوازی ئەدەبی میللی لە نووسینەکەیدا بەکار هێناوە.
لەو سالانەدا تا پلەیێکی بەرز بابەتی تر لە پەخشانی کوردیدا پەیدا بوو، بابەتی پەخشانی بچووک و وکورت کە دەشێ ناوبنرێ چیرۆکی مەجازی allegory لە ئەدەبی کوردیدا، ئەم هونەرە پەخشانییە پێوەندی بە فۆلکلۆرەوە هەیە، ئەم جۆرە بەرهەمە تازەیە زوو لە ناو خەلکیدا بلاو بووەوە، بە شەوقەوە خوێنەری کوردی وەری دەگرت. لێرەدا دەتووانین ئەوە بلێین هەلوێستی خوێنەر و خوێندەواری کورد بۆ پێشوازیی ئەم جۆرە نووسینە تازەیە بە پێچەوانەی پێشوازیی کردنی شیعری تازە بوو. لە شیعری تازەدا هەلوێستی خوێنەر سارد بوو، ماوەیێکی پێویست بوو تا گوێی بە کێش و قافیە و ریتمی تازە رابێ، کەچی بۆ چیرۆکی ئەلیگۆری پێشوازییەکە گەرم بوو.
نووسەر محەمەد مستەفا کوردی جێگەیێکی دیاری هەیە لە دروست کردن و خەملاندنی ئەم جۆرە بەرهەمە لە ئەدەبی کوردیدا. بۆ بەلگە لە سەر بنج و بناوانی قسەی نەستەقی ناو خەلکی کورد "نە بە کاووڕی تێر شیر بووم نە بە مەری تێر گیا"(١٦) نووسەر پامفلێتێکی پۆلیتیکی دروست کردووە لە بارەی رووداوەکانی جەنگی یەکەمی گیتییەوە.
نووسەر بە شێوەییێکی هونەری جوان دەنووسێ چۆن حکوومەت بە ناوی "جەنگی پیرۆز"ەوە خەلکی دەنارده مەیدانی کوشتن، جەندرمەی عوسمانی مالیان تالان دەکرد، دێهاتیان دەسووتاند. لەو سەردەمەدا نووسەر هێشتا منداڵێکی بچووک بوو، بەلام لە گەل ئەوەی رۆژگارێکی درێژ تێپەری کرد، کەچی تا ئێستاش رۆلەکانی نەتەوە نالەنالیانە لە ئەنجامی زولم و زۆری دەسەلاتی بێگانە. وەکو دەبینین داهێنانێکی ئەدەبی تازەی لەم پەندە کۆنە دروست کردووە.
لێکدانەوەییێکی تازەی داوەتە مانا کۆنەکانی قسەی نەستەقەکە. ئەوەی شایانی باسە نووسەر محەمەد مستەفا کوردی کۆمەلێک قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی بەکار هێناوە بۆ نووسینەوەی زنجیرە چیرۆکێک لە بابەتی ئەلیگۆرییەوە. هەروەها پێویستە ئەوەش بوترێ کە زمانی نووسەر کوردییێکی پەتی تایبەتییە و لە نووسینەکانیدا بەشدارییێکی زۆری کردووە لە پەرەسەندنی پەخشانی کوردی و پاک کردنەوەی لە ووشەی بێگانە و خۆمالی کردنی

گەلێ لە زاراوە و ووشەی فەرهەنگی زمانی کوردیدا.
هەر لەو ساڵانەدا پەخشانی رۆمانتیکی کەسایەتی لە ئەدەبی کوردیدا بەهێز بوو. بێگومان ئەم جۆرە هونەرە لە پاش جەنگی یەکەمەوە سەری هەڵدا، بەڵام لە دەوروبەری جەنگی دووەم و پاش جەنگ مەشقێکی زۆری لە سەر کرا، بەتایبەتی گۆڤاری گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩) دەورێکی باڵای هەبوو بۆ چەسپاندنی ئەم جۆرە هونەرە و گۆڕان و پێشکەوتنێکی دیاری بەسەردا هات. ئەم نووسینانە زۆربەیان بۆ بابەتی دڵداری و جوانی هەست و نەستی ناوەوەی نووسەر و پێدا هەڵدانی سروشت بەکار دەهێنران. نووسەری کورد ئیبراهیمی نادری لەم جۆرە بەرهەمەی هەیە، بۆ بەڵگە لە پەخشانێکیدا بەناوی "ئەی خەو"دوە(١٧) بە هەناسەیێکی رۆمانتیکییانە و شێوازێکی جوانەوە وێنەی خەون دەکێشێ، لە کتێبی خەیاڵدا واقیعێک دەبینێ، خۆی لە خۆیدا واقیع نیەو وێنەیەکی هەڵخەڵەتێنەر و فێڵاوەییە، لە گەڵ ئەوەشدا ئەو ساتە نادیار و خەیاڵاوییە هەر خۆشە.
لە پەخشانێکی تریدا ئیبراهیمی نادری بە ناوی "پێشکەش بە تۆ ئەی گوڵ"(١٨) نووسەر لە گەڵ گوڵدا قسە دەکا. ئەم دیالۆچە وا دێتە بەرچاو وەکو نووسەر لە گەڵ گیاندارێکدا قسە بکا، بەڵام هەر نووسەر خۆی قسە دەکا. ئەمە موناجاتێکە لە گەڵ گوڵ، گوڵیش لێرەدا دروشمی سەربەستییە، ئەو سەربەستییەی نووسەر عەوداڵیەتی بۆ نیشتمان و دانیشتووانی نیشتمان کە نەتەوەکەیەتی. بەم جۆرە تابلۆییکی رۆمانتیکی سیمبۆلیزمی دروست دەکا. زمانێکی کوردی ئاسان و پاراو بەکار دێنێ بەڵام ماناکان لە ناو تەم و مژی سیمبۆلیزمی دەجووڵێنەوە.
نووسەری کورد دڵشادی رەسوولی لە پارچە پەخشانی "شایەد"(١٩) ئەوە پیشان دەدا کە نوقمی زەریای دڵداری بووە، دڵدارییەکەی یەک لاییە، واتە لە دوای ئەوە ناگەڕێ بەرامبەرەکەی خۆشی بوێ، ئەمە دیارە هەڵوێستێکی رۆژهەڵاتییانەیە بەرامبەر بە دڵداری.
ئەم جۆرە مەشقانە لەو سەردەمەدا بوونە هۆی بەهێز بوونی پەخشانی کوردی و پەیدا بوونی گەلێ بابەتی داهێزاو لە نووسیندا، کە ئەدەبی گشت نەتەوەکانی سەر رووی زەوی گرتبوویەوە.
لەو ماوەیەدا جێی خۆیەتی هەندێ درێژتر لە ژیان و بەرهەمی چەند نووسەری پەخشانی کوردی بدوێین، ئەوانەی لەو قۆناغەدا ژیاوون.

## ئیبراهیم ئەحمەد
## ١٩١٢

ئیبراهیم ئەحمەد جێگەیێکی تایبەتی هەیە لە ناو شاعیر و نووسەرانی ئەو قۆناغەی باسی لێوە دەکەین، کەسێکی دیاری ناو کۆمەڵی کوردەوارییە، دەوری بووە لە گۆڕان و پەرەسەندنی رۆژنامەگەری کوردی. ئیبراهیم ئەحمەد هەندێ هێزو توانای خۆی وەکو نووسەرێک و شاعرێک تەرخان کردووە لە پێناوی خەباتی رزگاری نەتەوایەتی کورد.
نووسەر لە ساڵی ١٩١٢ لە سلێمانی لەدایک بووە. خوێندنی قوتابخانەی لە سلێمانی بووە و لە بەغدا لە ساڵی ١٩٣٧ کۆلێجی حوقووقی تەواو کردووە. ماوەیێکی کەم لە دادگادا حاکم بووە، زۆربەی ژیانی بە پارێزەری بردۆتە سەر. مەشقی پارێزەری بووەتە هۆی ئەوەی لە نزیکەوە وەزعی نالەباری و ژیانی هەژاری میللەت بزانێ. بیروباوەری

دیمۆکراتی لیبرالی لە دەوروبەری قوتابیەتیەوە لای ئیبراهیم ئەحمەد پەیدا بوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ڕێگەی پۆلیتیک بگرێ بۆ هێنانە دی ئامانجی ڕزگاری نەتەوایەتی. ئەم ڕێگەیە سەرئێشەی بۆ پەیدا دەکرد. دەوڵەت هەندێ جار دەکەوتە ڕاونان ولێپێچانەوە، بەم جۆرە لە سەر بڵاو کردنەوەی کتێبێکی بە زمانی عەرەبی بە ناوی "کورد و عەرەب"ەوە (٢٠) درایە دادگا.

لە سەرەتای ژیانیەوە ئیش و کاری پۆلیتیکی - کۆمەڵایەتی بووە بە بەشێک لە کردەوەی ڕۆژانە. لەساڵی ١٩٣٩ بە هەوڵی ئیبراهیم ئەحمەد و بە یارمەتی هەندێ لاوی کورد لە بەغدا گۆڤاری مانگانەی "گەلاوێژ"ی دامەزراند. ئەمە یەکێک بوو لە گۆڤارە چاکەکانی کوردی کە بایەخیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی دەدا، لە پاشانا نووسەری کوردی ناودار عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤) سەرپەرشتی گۆڤارەکەی دەکرد بە تایبەتی لە ڕووی کارگێڕی و دەرهێنانییەوە، لە ماوەی دە ساڵدا ئەم گۆڤارە گەنجینەییک سەرچاوەی دروست کرد بۆ مێژووی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردی.

نووسەر لە ڕێگەی گەلاوێژەوە و بۆ پەرەپێسەندنی ئەو گۆڤارە شارەزایی لە ئەدەبی ئەوروپا پەیدا کرد و بوو بە مەیدانێک بەرهەمی خۆی تێدا بڵاو بکاتەوە. بەم پێیە شارەزاترین و بەتواناترین شاعیر و نووسەر و مێژوونووس و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە لە دەوری گەلاوێژ کۆبوونەوە. گۆڤارەکە هاندەرێکی چاک بوو بۆ مشتومال کردنی مێشکی ئەو لاوانەی توانای نووسینیان هەبوو لەو قۆناغەدا. بەلام لە ساڵی ١٩٤٩ کە بارودۆخی هەموو عێراق بەرەو لێژی دەچوو و دەوڵەت لە بیروڕای ڕزگاریی نەتەوایەتی کورد دەترسا، ئەمە بووە هۆی ئەوەی گەلاوێژ لە دەرچوون بوەستێ، لە دوواساڵانی تەمەنی گەلاوێژدا ئەگەر چی ئیبراهیم ئەحمەد بەتەواوی نەیدەتوانی سەرپەرشتی گۆڤارەکە بکا، بەڵام ئەویش یەکێک بوو لەو خوێندەوار وقوتابییە عێراقییانەی ئەو ڕۆژگارە کە تووشی بەندیخانە بوون.

ئیبراهیم ئەحمەد لە پاش جەنگی دووەمی گێتی یەکێک بوو لە ڕێخۆشکەرانی دروست کردنی "پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق" لە پاشانا گەیشتە سکرتێری لەم پارتییەدا. کارکردنی نهێنی لەو سەردەمەدا سەخت بوو، لەبەر ئەوە ئیبراهیم ئەحمەد هوشیار و ئاگادار بوو، خۆی تووشی مووچەخۆری دەوڵەت نەکردبوو، لە دەرەوەی دەسەلات بۆ خۆی پارێزەری دەکرد، بەم هۆیەوە هەندێ لە دەسەلاتەوە دوور بوو.

نووسەر لە پێش شۆڕشە عەسکەرییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لە عێراقدا لە کەرکووک کاری پارێزەری دەکرد. لەو سەردەمەدا لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کورد لەمانە عەبدولقادر بەرزنجی و مارف بەرزنجی و ئیبراهیم ئەحمەد و عەبدولسەمەد خانەقا و عومەر عارف و عەلی کەمالی باپیرئاغا ونووسەری ئەم باسە و هی تر گۆڤارێکی مانگانەیان دەردەکرد بە زمانی عەرەبی و کوردی بە ناوی "شەفەق"ەوە لە کەرکوک. ئیبراهیم ئەحمەد بەشداری لە دەرکردنی گۆڤارەکە دەکرد تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٨. لەگەڵ داگیرسانی شۆڕشە عەسکەرییەکەی ١٤ی تەمووز ئیبراهیم ئەحمەد کەرکووکی بە جێ هێشت و نیشتەجێی بەغدا بوو و کەوتە کاری سیاسی لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە بە ئاشکرا لەو دەمەدا کاری دەکرد.

ئیبراهیم ئەحمەد بەردەوام بوو لە بڵاو کردنەوەی بیروباوەڕی ڕێخۆشکەر لە پێناوی هێنانە دی مافی نەتەوایەتی کورد. لە مەیدانی پۆلیتیکیشدا گەیشتە سکرتێری پارتییەکە، هەر ئەمەش ڕێی بۆ خۆشکرد ببێ بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی

"خەبات"ی ئۆرگانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عێراق.
لە ساڵی ١٩٦١ کە دووبەرەکی کەوتە نێوان حوکومەتی عیراق و سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد پارتی دیمۆکراتی کوردستان بەلای حوکومەتەوە بوو بە شتێکی نادەستووری، لەبەر ئەوە ئیبراهیم ئەحمەدیش وەکو زۆربەی سیاسییەکانی تری ئەم پارتییە رووی کردە شاخ.
لە ناوەراستی شەستەکاندا (١٩٦٤) دووبەرەکی ئیدیۆلۆجی کەوتە ناو پارتی دیمۆکراتی کوردستانی عیراقەوە. کۆمەڵێک زۆربەیان لە خوێندەوارەکان بوون بە پۆلیتیکی سەرکردایەتی رازی نەبوون کە مستەفا بارزانی بەرێوەی دەبرد. ئەمانە لە پارتی جیا بوونەوە. ئەمە هەلێکی باش بوو بۆ دەسەلاتی بەغدا کە یاری بە مەسەلەی بزووتنەوەی کورد بکا. رۆژێک لە گەڵ لایەنگرانی مەستەفا بارزانی و رۆژێکی تر لە گەڵ لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد، بەڵگەیان دەدایە دەستەوە کە ئەم میللەتە ناتوانێ خۆی بەرێوە ببا. بەم جۆرە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ حوکوومەتی بەغدا لە گەڵ سەرکردەی شۆرشی کورد رێکەوت، یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستانی عیراق مۆر کرا. بەمە بزووتنەوەی لایەنگرانی ئیبراهیم ئەحمەد کز بوو، لەسەر شانۆی پۆلیتیکی ناوچەکە بۆ ماوەیێک لاکەوتن. لەم ماوەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد خۆی لاتەریک گرتبوو، پلە و دەسەلاتی پارتایەتی خۆی دابووە جەلال تالەبانی و خۆی وا دەردەخست وەکو بڵێی ئەندامی پارتیش نییە. لە پاش نوشوستی و بەزینی شۆرشی کورد لە بەهاری ١٩٧٥دا ئیبراهیم ئەحمەد کەوتە دەرەوەی وڵات و لە دوواییدا لە لەندەن نیشتەوە و ئێستا پەنابەری سیاسییە لەوێ.
ئەوەی راستی بێ لە رۆژگارانی ژیانی ئیبراهیم ئەحمەد و سەرەنجامی ئەو ژیانە کورد زیانێکی گەورەی لێکەوت، کاری سیاسی شایانی ئیبراهیم ئەحمەد نەبوو لە بەر ئەوە نەتەوەکەی هیچ قازانجێکی لێ نەکرد لەم رووەوە. ئەگەر خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکردایە سوودی زۆر دەبوو، لەبەر ئەوە لە سیاسەتدا قازانجی نەبوو، ئەدەبی کوردیش کەڵکێکی زۆری لێ وەر نەگرت.
ئیبراهیم ئەحمەد بەرهەمی ئەدەبی کەمە، بەڵام هەمەرەنگە، شیعر و ووتاری هونەری و چیرۆک و رۆمانی نووسیوەتەوە. زۆربەی چیرۆکەکانی لە گۆڤاری "گەلاوێژ" بلاو کراونەتەوە. لە دوواییدا ئەم چیرۆکانەی لە کتێبێکدا بلاو کردەوە بە ناوی چیرۆکێکیان کە "کوێرەوەری"یە(٢١). لە چیرۆکەکانیدا خەباتی چارەنووسی نەتەوایەتی دەخاتە روو، لە ناو میللەتێکی هەژاردا. قارەمانەکانی بەرهەمی ئیبراهیم ئەحمەد لە لایێک جووتیاری هەژاری دوواکەوتووی کوردە، لە لایێکی ترەوە، دەرەبەگ و ئاغا و دەوڵەمەندی کورد و مووچەخۆری میری و پۆلیسە، ناوەرۆکی چیرۆکەکانی لە ناخی رووداو و ژیانی خەڵکی ساکار وەردەگرێ. بەشی هەرەزۆری رووداوەکان بە چاوی خۆی بینیوەتی و تیایاندا ژیاوە.
لە چیرۆکی "خازێ"(٢٢) کە ئەمە ناوی کچێکی کوردە، نووسەر مۆری شوورەیی و ناپیاوەتی و درندەیی بە هەندێ دەوڵەمەند و مووچەخۆری گەورەی دەوڵەتەوە دەنێ، ئەوانەی تەنیا جووتیار و رەنجبەر تالان ناکەن بەڵکو دەبنە هۆی کوشتن و لە ناو بردنیشیان. لەم چیرۆکەدا وەسفی ئەنجام و چارەنووسی پر لە کارەساتی کچە کورد خازێ دەکا. کەسێکی دەرەبەگی دەوڵەمەند بە زۆر خازێ داگیر دەکا، بە پێی خوو و رەووشتی پەتریار خالی کە لە ناو کورددا زۆر باو بوو کچ دەبێ بە کچی بمێنێتەوە، ئەگەر وا نەبێ کەس وکاری دەیکوژن. تاوانبار کە دەوڵەمەند و دەست رۆیشتووە

هیچی لێناکرێ چونکە دەستوور و قانوون هەمووی بۆ چاکەی ئەوە.
لە زنجیرەییێک لە شیعری پەخشانیدا بە ناوی "بەرەو رووناکی" ئیبراهیم ئەحمەد رێگەی پڕ لە مەینەتی و قورسی ژیانی نەتەوەی کورد پیشان دەدا، بەڵام نووسەر باوەڕی بەدووا ڕۆژی رووناک هەیە بۆ کورد، بەوەی خەباتی بەهێزی نەتەوە بەری هەر دەبێ.
بە زمانی نەتەوەی کوردەوە نووسەر دەڵێ:

لە ناو جەرگەی تاریکییەوە
دەست بە کەلەپچەو تەوق لە مل و زنجیر لە پێ
لە کانگای نەزانی و هەژاری و دیلیەوە
کەوتوومەتە رێ هاتووم ئەڕۆم بەرەو رووناکی (٢٣)

بە لای نووسەرەوە جەژنی نەتەوایەتی کورد "نەورۆز" دیاردەییێکی یەکجار بەنرخە. بەڵام نەورۆزی ڕاستەقینە هێشتا نەهاتووە، نووسەر دەڵێ ئەو نەورۆزە لەو کاتەدا دێ کە نەتەوەی کورد دەگاتە سەربەستی و ئازادی:

پێم ئەڵێن نەورۆزە ئەمڕۆ
ڕۆژی جەژن و خۆشییە
من ئەڵێم نەورۆز و شادی
جەژنی دیل ئازادییە (٢٤)

لە ساڵی ١٩٤٩ لە بەندیخانەی بەغدا ئیبراهیم ئەحمەد شیعرێک بڵاو دەکاتەوە، لە شیعرەکەدا دەڵێ:

چ گەوجی هەژ بەسەر کەی خۆر بە هێلەک پێشی گیراوە
وە یاخۆ چەرخی مێژوو کەی بە بەردی ئێوە وەستاوە
هەموو پێشکەوتنێکی تۆ بەرەو چاڵی نەمان ئەتبا
هەموو سەرکەوتنێکیشت بە وێنەی بڵقی سەر ئاوە (٢٥)

ئیبراهیم ئەحمەد تاقە ڕۆمانێکیشی هەیە بە ناوی "ژانی گەل"ەوە(٢٦). ئەگەر نووسەر لە ساڵی ١٩٥٦دا دەستی نەکردایە بە نووسینی ئەم ڕۆمانە دەمان ووت لە پاش نەمانی گۆڤاری "گەلاوێژ" لە ساڵی ١٩٤٩ ئیبراهیم ئەحمەد وازی لە ئەدەب هێنا، یاخود بەرهەمی لەو ڕۆژگارەدا زۆر کەم بوو.
هەرچۆنێ بێ بەرهەمی ئەدەبی ئیبراهیم ئەحمەد زۆر کەم بوو، بەڵام پوختە و لە پلەییێکی بەرزی هونەریدایە، لەبەر ئەوە جێی دیاری خۆی هەیە لە لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا. زمانی بەرهەمەکانی نووسەر لە رووی بەکار هێنانی ووشەوە دەوڵەمەندن، لە رووی دارشتنی هونەرریشەوە دیمەنی تایبەتی خۆیان هەیە بەوەی نووسەر سوود لە تەعبیر و ڕستەی ناو خەڵک وەردەگرێ، چونکە بەرهەمەکانی پێوەندییان بە ژیانی کوردەوە هەیە لە ناو خەڵکیدا گەلێ بڵاوون.

هەواڵنامەی کتێب

## شاكر فەتاح
## ١٩٨٨-١٩١٤

شاكر فەتاح یەكێكە لە نووسەرە بەرایییەكان كە پەخشانی بۆ نووسینی كوردی هەڵبژاردووە، بەمەبووە بە یەكێك لە دامەزرێنەرانی چیرۆك لە ئەدەبی كوردیدا. نووسەرێكی دیارو كەسێكی بەدیمەنی كۆمەڵی كوردە. شاكر فەتاح لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، سەردەمی منداڵی لە گوندەكانی شارباژێر و شاری سلێمانی بەسەر بردووە و خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو كردووە. قوتابخانەی ئامادەیی لە بەغدا بەئەنجام گەیاندووە، لە پاش ئەمە ماوەیێك لە لبنان و فەلەستین ماوەتەوە، ئینجا گەڕاوەتەوە بەغدا و لەوێ كۆلێجی حقوقی تەواو كردووە. لە پاش سێ مانگ بووە بە مووچە خۆری میری و لە گەلێ لە ناوچەكانی خوارووی كوردستان خزمەتی كردووە، تا گەیشتۆتە پلەی سەرۆكی شارەوانی و قایمقامی. لە ژیانی وەزیفەیدا ڕەووشت ڕاست و دروست بووە. بەشدارییێكی زۆری لە كاروباری كۆمەڵایەتی و بڵاوكردنەوەی خوێندەواریدا كردووە. (٢٧)

لەو شارۆچكانەی شاكر فەتاح كاری بەڕێوەبردنی كردووە لەگەڵ ئیش و كاری ڕەسمی بە تەقەلای ئەو گەلێ قوتابخانەی شەو و ڕۆژ و بنكە و یانەی ڕۆشنبیری دامەزرێنراوە. هەندێ قوتابخانەی قەڵاچۆ كردنی نەخوێندەواری كردبووەوە. خۆی سەرپەرشتی دەكردن و گەلێ جار خۆشی وانەی لەم قوتابخانانەدا دەووتەوە. لە قوتابخانەو یانەكاندا ڕۆژنامەی دیواری بە مامۆستا و قوتابی و مووچەخۆری تر دەنووسییەوە، ئەمە هەمووی لەوسەردەمانەی كە لە قەزاو ناحیەكاندا قایمقام و مودیر بووە.

نووسەر زۆربەی ناوچەكانی خوارووی كوردستان گەڕاوە، لە ناوەڕاستی سی یەكانەوە لە هەندێ شارۆچكەكاندا كاروباری ئیداری بەرزی دیوە. لە ناوەڕاستی حەفتاكاندا ئاواتەكانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ چوونە گۆڕەوە، حوكومەتی بەغدا یەك لایی ئیدارەی ئۆتۆنۆمی خوارووی كوردستانی دامەزراند و هەولێر (اربیل) كرا بە پایتەختی ئۆتۆنۆمی. شاكر فەتاح لەم دامودەسگایەدا بەشداری كرد. دوا كاری لێرەدا جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی یاسادانان بوو. لە ڕۆژانی ١٢ و ١٣ ی ئاداری ١٩٨٨ لە هەولێر سیمینارێك بەناوی «سیمینارێكی زانستی لە بابەت كوردەوە لە بیری سەركردە سەدام حوسێن» دا سازكرا. كۆمەڵێك شاعیر و نووسەرو ڕۆشنبیری كورد ئامادەبوون. شاكر فەتاح بەشداری لەم سیمینارە دا كرد، دیارە بڕیاری ئەوەی دابوو لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا ڕوو بەڕوو بێتەوە. لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی بەغدا بە توندو تیژی هەڵوێستی بەرامبەر بە هەموو كەسێك دەنوواند ئەگەر بیزانیایە هێندەی تۆزقاڵێك پێوەندی بیری هەیە بە بزووتنەوەی نیشتمانی چەكداری كوردەوە كە لەناو شاخەكانی كوردستاندا خەباتی چەكداری دەكرد. لەو وەزعەدا شاكر فەتاح لەوە زیاتر نەیتووانی خۆی بخەڵەتێنێ و دەروون و مێشكی كردەوە و بە ئاشكرا ووتی: باشترین چارەسەر بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی كورد ئەوەیە دەسەڵاتی دەوڵەت لەگەڵ تێكۆشەرەكانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە عێراقدا ڕوو بە ڕوو دابنیشێ و بكەوێتە ووت و وێژەوە، بەم ڕێگەیە نەبێ، چەك و سیلاح مەسەلەكە ناگەیێنێتە ئەنجام. ئیتر لە پاش دوایی هاتنی سیمینارەكە شاكر فەتاح گیرا، پاش ماوەیێك لاشەكەیان بە مردوویی دایەوە دەست خێزانی. بەم جۆرە كۆتایی بەژیانێكی پڕ لە ڕەووشتی چاك و بەرهەمی ئەدەبی بە پێز هات و

رووزەردی و سەرشۆریش بۆ ئەو رۆشنبیرانە مایەوە کە لە سیمینارەکە بوون و بەرگرییان لە شاکر فەتاح نەکرد.

شاکر فەتاح کەسێکی دیاری ناو کۆمەڵ و رۆشنبیرێکی هێمن و لەسەر خۆی دوور لە هەڵە پاچی و بزێوی بوو. پێوەندی لەگەڵ هاوچەرخەکانی خۆی دا بەهێز بوو، زۆربەی شاعیر و نووسەر و رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە پێوەندییان لەگەڵ شاکر فەتاح دا هەبوو هی وەکو شاعیرانی ناودار زێوەر و بێکەس، مێژوونووسانی سەردەم ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی و حوسێن حوزنی موکریانی، نووسەرانی ناودار مەحموود جەوودەت و رەفیق حیلمی و شێخ محەمەدی خاڵ، کەسی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری دیار ئیسماعیل شاوەیس و ئەمین رەواندزی، خۆی بە قەرزاری ئەمانە دەزانێ چونکە زۆرشتیان لێوە فێر بووە. (٢٨)

لەسەرەتای ژیانی رۆشنبیری دا ووتاری لە رۆژنامەکانی «هاوار» (١٩٣٢ - ١٩٤٣) و «روناکی» (١٩٣٥ - ١٩٣٦) و «ژین» (١٩٣٩ - ١٩٦٣) و «یادگاری لاوان» ١٩٣٣ و «دیاریی لاوان» ١٩٣٤ بلاوکردۆتەوە. نووسینەکانی بە گشتی هەموو لایەنێکی ژیانی خوێندەواری کورد دەگرێتەوە وەکو بەرهەمی شیعری، چیرۆک، ووتاری هونەری، ژیانی کۆمەڵایەتی ، بەرهەمی ئەدەبی بۆ مندالان، ئەدەبی میللی، مێژوو، ئایینی یەزیدی، ژیانی رۆشنبیری، رۆژنامە نووسی و شتیی تریش.

کەسایەتی ئەدەبی شاکر فەتاح لە سەرەتای سییەکانەوە دەست پێ دەکا. یەکەمین کتێبی نووسەر بابەتێکی عەرەبی بووە، گۆڕیبوویە سەر زمانی کوردی. ئەمە کۆمەڵێک چیرۆکی کورتی عەرەبی بوو، بە ناوی «خانووی تازە» (٢٩) هی نووسەری میسری سەردەمی خۆی کامل ئەلگەیلانی، نووسەری دیاری ئەدەبی مندالان بوو، بە شێوەیێکی هونەری سەرکەوتوو لە بابەت ژیانی منداڵ و سایکۆلۆجییان دەدوێ. وەکو دەردەکەوێ شاکر فەتاح لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیدا بایەخێکی تەواوی بە ئەدەبی مندالان داوە، تەنیا بە گۆڕینی نەوەستاوە بەڵکو لە دوواییدا چیرۆک و ئەدەبیاتی بۆ بچووکان نووسیوە بۆ مەبەستی پەروەردەکردنی منداڵ و مێرد مندالان. ئەم جۆرە بەرهەمی ئەم لایەنەی لە دوو کاردا خۆی دەنوێنێ، یەکەمیان «چیرۆک بۆ مندالان» (٣٠) و دووەمیان «هاورێی منال» (٣١) ، ئەمانە بریتین لە کۆمەڵە چیرۆکێکی کورت بۆ مەبەستی ئاراستەکردنی منداڵی کورد بۆ رەووشتی چاک و گونجان لەگەڵ کۆمەڵی تازەدا.

ماوەی پاش جەنگی دووەمی گیتی، بە تایبەتی ساڵی ١٩٤٧ سەردەمی بلاوکردنەوەی دوو بەرهەمی گەورە و پڕ بایەخی شاکر فەتاح بوو، یەکەمیان بە ناوی «پرشنگ» ە (٣٢) وە، دوومیان بە ناوی «شەبەنگە بە رۆژ» ە وە(٣٣).

«پرشنگ» کۆمەڵە ووتارێکی هونەرییە، هەندێ جار دەبێ بە شیعر، لە جاری تردا تێکەڵ بە شیعر دەبێ، هەندێ بەشی پیەسە، هی تری دیالۆگە لە نێوان ئادەمزاد و سروشتدا، هەرچۆنی بێ داهێنانێکی بەرزە لە پەخشانی کوردیدا باس لە هەژاری و نەخوێندەواری و زۆرداری و نالەباری و دڵداری دەکا. لاوی کورد ئاراستەی زانست و ئەدەب و هونەر و ژیانی بە ختیاری دەکا. ئەم کۆمەڵە داهێنانە بەرزە کارێکی گەورەی کردەسەر لاوو پێگەیشتووانی ئەو سەردەمەو دەورێکی بالای هەبوو لە پەروەردە کردنی نەوەی ئەو رۆژگارە بە شێوەیێک چێژ لە جووانی ژیان و سروشت وەربگرن.

«شەبەنگە بە رۆژ» کۆمەڵە چیرۆکێکە شاکر فەتاح ئازایانە پەردە لەسەر دوواکەوتوویی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری هەڵدەماڵێ، بە هەموو هێزیەوە دژی وەستان لە جێی خۆو کۆنسێرڤاتیزم دەوەستێ لە ژیانی بنەماڵەییدا بە تایبەتی لە

دژی ژن هێنان بە زۆر، وەزعی دیلایەتی ژن لەناو خێزاندا، بەکارهێنانی ئایین بۆ خراپە، دژی بیروکراتیزمی دام و دەسگای دەوڵەت. بەم جۆرە چیرۆکەکانی «شەبەنگە بە رۆژ» لە لووتەکەی بەرهەمی شاکر فەتاح دەوەستێ. (٣٤)

لە ووتاری هونەری و چیرۆکی کوردی شاکر فەتاح بابەتێکی ئەدەبی تر دێنێتە ناو ئەدەبی کوردی یەوە، بە هیوای ئەوەی خوێندەواری و رۆشنبیری لە کۆمەڵی کورد دا بڵاوبێتەوە. بۆ ئەم ئامانجە کتێبی «گەوەر پیاوان» (٣٥) ی لە ساڵی ١٩٣٨ دا بڵاوکردەوە. ئەمە بریتییە لە زنجیرەیێک ووتاری هونەری لە بابەت کەسایەتی یە بەدیمەنەکانی گێتی لە زانستی و هونەر و پۆلیتیک و شتی تردا. ووتارەکان ژیانی کەسی وایان گرتۆتە خۆ وەکو : گوتنبیرگ، کرستوڤەر کۆلۆمپ، مارکۆنی، گاندی و هی تر. نووسەر خۆی لە بابەت کتێبەکەیەوە دەڵێ «سەرگوروشتەی چەند گەورە پیاوێکە، ئامانجی پێگەیاندنی گەورە و پێکهێنانی گیانی گەورەیی و پێشکەوتنە لە کوردەواریدا». هەرچەندە بابەت و ناوەڕۆکی نووسینەکانی شاکر فەتاح کۆمەڵایەتییە بەڵام بە هەناسە و هەواییێکی ڕۆمانتیکی و هونەرییانە قاڵگیان دەدا، هەموو مەرجێکی داهێنانیان تێدایە و ئیستیتیک دەبێ بە ماکی دروست بوونی بەرهەمەکانی. بۆیە دەبینین لە دووا ساڵانی پەنجاکاندا دوو بەرهەمی تازە بڵاودەکاتەوە، یەکەمیان بە ناوی «ئافرەتی کورد» (٣٦) ەوە، دووەمیان بە ناوی «ژینی نوێ» (٣٧) وە. ئەم دوو بەرهەمە لەگەڵ ئەوەی بە ناوو ناوەڕۆک خەریکی ژیانی کۆمەڵایەتین، بەڵام بریتین لە ووتاری ڕۆمانتیکی شیعر ئامێز. لەیەکەمیاندا نووسەر تێدەکۆشێ بۆ پێشکەوتنی ژنی کورد، بۆ ڕزگار کردنیان لە کۆت و پێوەندی ڕەووشت و خووی ڕزیوی کۆمەڵایەتی، بۆ گێڕانەوەی مافی داگیرکراویان، چونکە مایەی جووانی ژیانی ئادەمزادن.

شاکر فەتاح لە «ژینی نوێ» دا جێگەو ڕووداوو قارەمان لە کۆمەڵی خۆی دا پیشاندەدا، لە ژیانی میللی نەتەوەوە وەردەگرێ و دەیخاتە قالبێکی هونەرییەوە، هەوڵ دەدا و تێدەکۆشێ بۆ ژینێکی نوێ، دووربێ لە ئازار و هاوار، پڕ بێ لە ئازادی و کامەرانی، لەسەر بنچینەی زانست و هونەر و دادپەروەری دامەزرابێ.

لە پاش شۆڕشە سوپاییەکەی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ بەرهەمی شاکر فەتاح هەندێ کەم بووەوە. لە شەستەکان دا بە گشتی خوێندەواری و ڕۆشنبیری کوردی لە خوارووی کوردستاندا لە لێژیدا بوو. لە دووا ساڵانی شەستەکاندا شاکر فەتاح دەستی کردەوە بە جموجۆڵی ئەدەبی و خوێندەواری بۆ ئەم مەبەستە سێ پرۆژەی بڵاوکردنەوەی دانا. کۆمەڵێک نامیلکەی نووسییەوە هەر یەکەی ژیانی یەکێک لە گەورە پیاوان بوو هەندێ بە درێژی، لە مانە هی وەکو : گاریبالدی، مادام کۆری، سوکرات، ئەفلاتوون، عومەر خەیام و هی تر. زنجیرەیێکی تری بڵاوکردەوە بە ناوی گەشتنامە لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی سلێمانی لەمانە «گەشتی شارباژێڕ» و «گەشتی سرۆچک» و «گەشتی پێنجوێن» و «گەشتێ بۆ هەڵەبجە و هەورامان». کۆمەڵێک کتێبی تری بڵاوکردەوە لە بابەت ئاینی یەزیدی و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد و بەسەرهاتی هەندێ لە شاعیرانی کوردی وەکو حاجی قادر و زێوەر و بێکەس.

شاکر فەتاح تا ڕۆژی مردنی قەڵەمی لە کار نەکەوت، سامانێکی ڕۆشنبیری بە نرخی بۆ نەتەوەکەی خۆی بەجێهێشت.

لە بەرهەمە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەردا گەلێ تەنگو چەڵەمەو تاگزووری و ناکۆکی کۆمەڵی کورد ئاشکرا دەبێ. شاکر فەتاح بانگی خەڵکی ناکا ڕاپەڕن لە دژی زوڵم و زۆرداری، بەڕێگەی خوێن ڕشتن نایەوێ باری ژیان سووک بکا، لەبەر ئەوەیە بەرهەمەکانی دەورێکی باڵایان هەبوو لەوەی کە خەڵکی بیر لە هەژاری و دوواکەوتوویی

خۆی بکاتەوە. لاوان بیر لە دووا ڕۆژی نیشتمان بکەنەوە. هەوڵ بدەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی سەربەست و بەختیار. ئەوەی سەیر بێ ئەوەیە شاکر فەتاح زۆر دوور بوو لە زەبرو زەنگ و تیرۆر، کەچی ژیانی خۆی بە تیرۆر و تراجیدییانە کۆتایی هات.
زمانی بەرهەمی شاکر فەتاح ئاسان و ڕەوان و بێگرێیە، ئاراستەی زۆربەی خوێنەر و خوێندەوارنی کۆمەڵی کورد دەکرێ. تازە بابەتەو دوورە لە شێوازی بەلاغەتی نووسینی کۆن.

## مارف بەرزنجی
## ١٩١٢ - ١٩٦٣

ئەو ژیانەی مارف بەرزنجی نووسەر و شاعیر و ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەری کورد بردیە سەر ژیانێکی درێژ نەبوو، بەڵام رووناک بە بەرهەم بوو.
لە سەرچاوەی ئەدەبیدا زانیاری لە بابەت ئەم نووسەرەوە کەمە، چونکە هەرچەندە زوو چووە ناو گێتی ئەدەبەوە بەڵام درەنگ کەوتە بڵاوکردنەوە و خۆ بە خەڵکی ناساندن. بە تایبەتی لە پێشانا بەرهەمەکانی بە ناوی نهێنی خوازراو بڵاو دەکردەوە، هەرچی لە بابەت ژیانیەوە هەیە هەمووی لە نامە تایبەتیەکانی خۆی وەرگیراوون کە لە گەڵ ئەفتۆبیۆگرافی خۆی بۆ خاوەنی ئەم باسەی ناردووە، لە سالانی ١٩٦٠ - ١٩٦١ لە بەندیخانەی بەغداوە بۆ مۆسکۆ و سانت پیترسبورگ (لێنیگرادی ئەو سەردەمە) کە لەوکاتەدا قوتابیی خوێندنی بەرز بوو لە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی. ئەم هەموو کەرەستانە لە پاشانا چوونە ناو دوو توێی سەرجەمی بەرهەمەکانی نووسەرەوە کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا چاپ کراوە. (٣٨)
مارف شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی لە ١٠ ی شوباتی ١٩٢١ دا لە گوندی قادرکەرەم (باشووری ناوچەی کەرکوک) لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە گوندی خۆی وەرگرتووە، خوێندنی ناوەندی لە کەرکوک تەواو کردووە. لە پاش قوتابخانەی ئامادەیی چۆتە کۆلێجی حوقوقی بەغدا، لە ساڵی ١٩٤٨ خوێندنی تەواو کردووە و لەوە بەدوواوە خەریکی پیشەی پارێزەری بووە.
مارف بەرزنجی هێشتا لە قوتابخانەی ناوەندی بووە کە بەشداری ژیانی سیاسی نەتەوەیی کوردی کردووە، بووە بە ئەندامی پارتی ناسیۆنالستی کورد «هیوا». ئەم پارتی یە قوتابخانەیێک بوو لە سییەکان و چلەکانی ئەم سەدەیەدا کادیری سیاسی کوردی پێگەیاند، هەموو ئەو پارتییانەی لە پاش جەنگی دووەمی گێتی لە خوارووی کوردستاندا پەیدا بوون لە لایەن ئەو کەسانەوە دامەزرێنران کە لە کاتی خۆیدا پەروەردەی پارتی هیوا بوون. لەو سەردەمەی کە مارف بەرزنجی لە بنەماڵەیێکی شێخی سۆفیزم بوو، باوکی لە شێخانی تەریقەتی قادری بوو، ئەگەر چی زۆریش دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام پلەی کۆمەڵایەتییان کە لە تەریقەت وەرگرتبوو، زۆر لە پلەی دەوڵەمەندییان بەرزتر بوو.
مارف بەرزنجی تارادەیێک خۆی لە خوو و ڕەووشتی تەریقەتی شێخایەتی دوورگرتبوو، لەقەبی «شێخ» ی بە ناوی خۆیەوە نە نووساند بوو، جگە لەوەی لە بیرو باوەڕ و نووسیندا بەربەرەکانی لایەنی ڕەشبینی پراکتیکی تەریقەتی

دەرویشی دەکرد. هەرگیز وەکو پارەێزەرێکیش بە هوشیاری و بڕیار دان هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ چاکەی هەژار و بێدەسەڵاتانی ناو کۆمەڵ. فەلسەفەی ژیانی گونجاندبوو لەگەڵ بیری نەتەوایەتی کە لەو ڕۆژگارەدا بریتی بوو لە خەباتی سیاسی بۆ هێنانەدی چارەنووسی نەتەوەی کورد.

لە پێش شۆڕشی عەسکەری ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ لە شاری کەرکووک کە دەستکرا بە دەرکردنی کۆواری مانگانەی «شەفەق» بەزمانانی کوردی و عەرەبی مارف بەرزنجی یەکێک بوو لە دەستەی بەڕێوەبەر و نووسەرانی کۆوارەکە بە تایبەتی لە نووسیندا، دەتوانین بڵێین توانای ئەدەبی مارف بەرزنجی بەڕاستی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆوارەدا تەقییەوە، بەڵام شۆڕشەکە لە ناوەڕاستی تەمووزی ١٩٥٨ دا ڕێڕەوی کۆوارەکەی گۆڕی و لە قالبی هونەری و ئەدەبی خۆی دەرچوو و بوو بە پڕۆپاگەندە.

لە پاش ئەو شۆڕشە عەسکەرییە مارف بەرزنجی کرا بە سەرۆکی شارەوانی لە کەرکووک، گەلێ کاری چاکی بە ئەنجام گەیاند، کە لە سوودی شارەکەدا بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە دانیشتوانی شار ئەوانەی خۆیان بە تورکمان دەزانی بەوەڕازی نەبوون سەرۆکی شارەوانی بدرێتە یەکێکی بە نەتەوە کورد بێ.

تەنیا ساڵێک بەسەر شۆڕشەکەدا تێپەری کردبوو، لەماوەی یادی یەکەمی شۆڕش واتە لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ١٩٥٩ دەستکرا بە ئاهەنگگێران، هێزی کۆنەپەرست و دژ بە کوردایەتی هێرشی بردەسەر خۆپیشاندانی خەڵکی بێ چەکی شاری کەرکووک. ئاژاوە کەوتە ناوەوە، کۆنەپەرست بە هێزبوو مارف بەرزنجی و گەلێکی تری خەڵکی کەرکووک گیران و خرانە ناو بەندیخانەوە. سێ ساڵ لە بەندیخانەی بەغدا مایەوە. لە ١٤ ی حوزەیرانی ١٩٦٢ دادگای سوپایی حوکمی لە سێدارەدانی مارف بەرزنجی دەرکرد. ساڵێکی تریش لە پاش حوکم دەرکردن هەر لە نەندیخانەی بەغدا مایەوە تا ڕۆژی ٢٢ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە گەڵ کۆمەڵێک نیشتمانپەروەری کورد گوێزرایەوە کەرکووک و هەواڵی خنکاندنیان پێ ڕاگەیاندن، وەسیەتنامەیان پێنووسین، لێنەگەڕان بە زمانی کوردی بینووسنەوە، زۆریان لێکردن بە عەرەبی تۆماری بکەن، لە پاش ئەوە کەوتنە لێدان و کوتانیان، بە چەقۆ و قەمە پان تورکیستە تورانییەکان ئازارایان دان و بریندرایان کردن، بۆ ڕۆژی دووایی ٢٣ حوزەیرانی ١٩٦٣ مارف بەرزنجی و هاوڕێکانی لە سێدارە دران.

مارف بەرزنجی لە منداڵییەوە مەیل و شەوقی بۆ ئەدەب هەبووە، مەشقی شیعر نووسینی کردووە، شیعری سەردەمی مێردمنداڵی و لاویەتی پڕ لە تاڵیی ژیانی کوردەوارییە. لەبەر ئەوەی ئەو شیعرانە ناوەڕۆکی سیاسییان تێدا بووە شایانی بڵاوکردنەوە نەبوون، زیاتریش سانسۆر ڕێی لە بڵاوکردنەوە دەگرت، بۆیە لە نێوان خۆی و هاوڕێ و دۆست و برادەرانی دەمانەوە. هەندێکیشیانی بە ناوی نهێنی بڵاودەکردەوە. ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە مارف بەرزنجی بەهرەی ئەدەبی هەبوو بەڵام لە ساڵانی پەنجاکاندا بەتایبەتی لە دووا ساڵانیدا بە تەواوی تەقییەوە، ئەم جارەیان بەرهەمی ئەدەبی نووسەر لە قاڵبی چیرۆکدا خۆی نوواند.

لە دووایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا مارف بەرزنجی بەرهەمی بەرز و بەکەڵکی هێنایە کایەوە، بە تایبەتی هونەری چیرۆک. ئەم چیرۆکانە لە گۆوار و ڕۆژنامە جیاوازەکانی کوردی بڵاودەکرانەوە و لە کتێبی تایبەتیدا خۆیان نەدەدۆزییەوە. چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی زیاتر جێگەی خۆیان لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری «شەفەق» ١٩٥٨ دەدۆزییەوە، هەر ئەو کۆوارەش بوو دەورێکی باڵای هەبوو لە مشت وماڵکردنی بیری داهێنان لە لای نووسەر.

ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی نووسەر خەریکی وەزعی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەیەتی، ڕووداوی دەرەوەی نەتەوەکەشی هەر بە کورد دەبەستێتەوە، لە ڕووداوی سیاسی بەرهەمی ئەدەبی بەرز دروست دەکا، بۆ بەڵگە هێرشە سێ قۆڵییەکەی ساڵی ١٩٥٦ لە مەسەلەی کەناڵی سویس بۆ سەر میسر بوو بە مایەی نووسینەوەی چیرۆکی «ئاواز و کەباب» (٤٠). لە چیرۆکەکەدا نووسەر دوو قارەمان دەخاتە ڕوو، فەلامورز و میرزا، دوو هێزی پێچەوانەی یەکتری، هێزی ئاشتی و جەنگ، لە ئەنجامدا میللەتی بچووکی چەوساوە (لە چیرۆکەکەدا لە جەمالی چایچی پیشان دەدرێن) ڕزگارییان دەبێ لە دەسەڵاتی بێگانە. لە پاش سەرکەوتنی ئاشتی چەک و سیلاح دەکرێ بە ئامێری مۆسیقاو چەقۆی مەتبەخ، بەم جۆرە لوولەی تفەنگی میرزا دەبێ بەشیشی کەباب.

لە چیرۆکێکی تریدا بە ناوی «گای پیرۆز» (٤١) مارف بەرزنجی تەنگو چەڵەمەو پێچەوانە دەخاتە ڕوو لە نێوان هێزەکانی پێشکەوتوو و کۆنەپەرستی دواکەوتوو لە کوردستاندا. ئێمە وا دەزانین هۆی سەرکەوتنی نووسەر لەم چیرۆکەدا لە دوو سەرەوەیە، یەکەمیان وەکو کوڕە شێخێک شارەزایی تەواوی لایەنی پراکتیکی تەریقەتی سۆفیزمە، دووەمیان ڕەنگ هەبوو ئەگەر خۆی کوڕە شێخ نەبووایە بۆی نەکرایە بە ڕەشبینی لە ڕەوشتی تەریقەت بدوێ. بەم جۆرە نووسەر مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی حەمە ڕەشید دەکا بە نوێنەری هێزی پێشکەوتوو لە دێهاتی کوردەواریدا. هەرچی شێخ و ئاغا و پۆلیسیشە ئەمانە لە لۆردووی کۆنەپەرستی و دواکەوتووین. نووسەر ئەو دیاردەیە پیشان دەدا چۆن خەڵکی بە کوڵ لەبەر شێخی تەریقەتی سۆفیزمی بێکار و دەبەنگ و نەخوێندەوار خووار دەبنەوە، ئەمە لەگەڵ پەرستنی گا لە هیندستان بەراورد دەکا.

مەیدانی داهێنانی ئەدەبی مارف بەرزنجی بەرفراوانە، یەکێکە لەو نووسەرە کوردانەی لە هەموو بابەتەکانی بەرهەمی ئەدەبی هەیە، تەنانەت هەندێ بابەتی تازەشی بۆ یەکەمین جار لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهێناوە.

مارف بەرزنجی سەرەتای ژیانی ئەدەبی وەکو زۆربەی نووسەرانی کورد بە شیعر دەست پێکردووە، گیانێکی شاعیری بەهێزی بووە پێش ئەوەی بتوانێ شیعری پێبنووسێتەوە یا شارەزایی تەکنیکی شیعر دارشتن بێ. شیعرەکانی پێوەندیان بە ژیانی سەردەمی منداڵی و مێرد منداڵییەوە هەیە لە گوندی قادرکەرم. خۆشویستنی خاک و گیرۆدەیی مەڵبەند سۆزێکی گەرمی لە دڵ و دەروونی شاعیر داگیرساندووە. لەسەردەمی لاوێتیدا لە بەغدا لە کاتی خوێندندا هەستی بە دڵداری کردووە، دڵی خورپەی کردووە بۆ ئەو کچانەی لە گەڕەکەکەیاندا ژیاون، کە گەڕەکی مەسیحی یەکان بووە لە بەغدا. جەژنەکانی مەسیحییان و سەری ساڵ ماوەیێکی باش بووە بۆ یەکتری ناسین و نزیک بوونەوە لە یەکتری. سۆزی دڵداری لە مارف بەرزنجی دوور نەکەوتۆتەوە تا دووا هەناسەی ژیانی. لە پاشانا مەیلی نەتەوایەتی لا پەیدا بوو، جوانی ژن و سروشتی تێکەڵ بە بیری ڕزگاریی نەتەوایەتی دەکرد، لەوێشەوە قۆناغێکی تر سەرکەوت خۆی لە گێتیی مرۆڤایەتی و ئەنتەرناسیۆنالیزمی دەبینێ. بیرو باوەڕی سۆسالیزم کاری تێکردبوو، بەڵام هەرگیز نەبووە هۆی ئەوەی لە نرخی ئیستێتیکی شیعرەکانی کەم بێتەوە.

شاعیر مل کەچی کێش و قافیە نەبوو، بەڵکو وەستایانە بۆ شیعرەکانی بەکاری دەهێنان، لەبەر ئەوە ناوڕۆکی تازەی بە قاڵبی کۆن ووتووە، واتە کێش و قافیەی کۆنی عەروزی ڕۆژهەڵاتی بەکار هێناوە. هەروەها بەشی زۆری شیعرەکانی لەسەر کێشی خۆماڵی (سیلابی) ن. لەمانەدا هونەری نواندووە لە گۆڕینی کێشەکان و بەکارهێنانی قافیەی ڕەنگاو

ڕەنگ.

هونەری چیرۆک بەلای نووسەرەوە بابەتێکی پێویستی ژیانی بووە، ئەگەرچی هەر لە سەرەتای دەستکردنی بە نووسین هەوڵی دابوو چیرۆکیش بنووسێ، بەڵام سەردەمی ڕاستی کامڵ بوونی ئەم هونەرە دەکەوێتە دووا سالانی ژیانی (١٩٥٨ - ١٩٦٣)، واتە ماوەی کارکردنی لە کۆواری «شەفەق» و ماوەی بەندیخانە. نووسەر خۆی بەمەرجەکانی ئەکادیمی یەوە نابەستێتەوە، بەلای ئەودوە گرنگ ئەوەیە داهێنان لە نووسینی ئەدەبیدا هەبێ، لەم ڕووەوە دەڵێ «زۆر جار ڕووداو لە خەیاڵ پاراوترو بەرزتر ئەبێ، ئەگەر نووسەر پارچەیێکی لێ وەربگرێت و لە چوارچێوەیێکی پوختدا چەسپی بکا، ئەمەش کردارێکی ئەدەبییە» (٤٢).

ئەم تێبینییە بۆتە هۆی ئەوەی بیری فراوانبێ و سنور بۆ بەرهەمی ئەدەبی دانەنێ لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە.

نووسەر شانۆگەرییەکی هەیە بە ناوی «زەوی خۆمانە» ئەم شانۆگەرییە لە بەر ڕۆشنایی ئەوە نووسراوەتەوە کە گۆڕانەکەی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ لە چاکەی ئەتەوە بێ، خەڵکی برسی تێر بن، دەوڵەت یەکسانی ناو خەڵک ڕابگرێ. هەرچەندە هیواو ئامانجی نووسەر پیرۆز بوو، بەڵام شۆڕشەکە خۆی خووار دەوە و زیانی لە قازانجی زیاتر بوو.

نووسەر کە لە کۆواری «شەفەق» کاری دەکرد، پڕۆژەی جۆرە نووسینێکی ئەدەبی دانا بە ناوی «ئەلف و بێ»، مەبەستی ئەوەبوو زنجیرە ووتارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بنووسێتەوە لەسەر شێوەی پەراگرافەکانی فەرهەنگ و ئەنسیکلۆپیدیا، ووشە وەربگرێ لەسەر تیپەکانی ئەلف وبێ، هەر ووشەیێک شتێکی لەسەر بنوسێتەوە. بۆ ئەمە پرسی بە ئێمە کرد، بەلامانەوە کارێکی تازە بوو لە ئەدەبی کوردیدا، بۆیە پەسندمان کرد و هانماندا دەست بکا بە نووسینەوە. ئیتر نووسەر لە زنجیرە ووتارێکدا پڕۆژەکەی هێنایە دی و لەسەر هەندێ ووشەی نووسی، وەکو ئەمانە : ئاو، ئاگر، برادەر، پیاو، ترس، جەژن، حوکوومەت، زەوی... بەڵام پڕۆژەکە هەتا سەر نەبوو، لە پاش شۆڕشی عەسکەری ١٤ ی تەمووز ئەگەرچی «شەفەق» هەر بەردەوام بوو بەڵام لە قالبی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی دەرچوو بوو بە پڕوپاگەندەی سیاسی و ئەم پڕۆژەیەش وەستا.

نووسەر هەندێ یاداشتی ئەدەبی ڕۆژانەی هەیە، ئەمانە زیاتر پێوەندییان بە دوو قۆناغەوە هەیە، یەکەمیان لە پاییزی ١٩٥٧ تا پاییزی ١٩٥٩. لە یاداشتی ڕۆژانەی ئەم سەردەمەی دا مارف بەرزنجی باس لە خۆ ئامادەکردن دەکا بۆ دەرکردنی کۆواری «شەفەق». لە دووەمیاندا قۆناغی بەندیخانەی بەغدا ١٩٥٩ - ١٩٦٣، ڕۆژانە ڕووداوەکانی دەرەوە و ناوەوەی بەندیخانەی تۆمار کردووە، لەو کەسانە دوواوە کە لە بەندیخانە سەریان داوە، باسی ئەوکەسانەی کردووە کە لە گەڵیاندا ژیاوە و ئەنجامی مەحکەمەیانی خستۆتە ڕوو.

بەرهەمی مارف بەرزنجی گەلێ جۆرە نووسینی تری گرتۆتە خۆ وەکو کۆمەڵێک ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، لەسەر چیرۆک ئەو بەرهەمانەی بە زمانی کوردی بلاودەکرانەوە. لە بەندیخانە ماوەی زۆر بوو بۆ خوێندنەوە و نووسین. ڕۆژانە کتێب و ڕۆژنامە و کۆواری دەخوێندەوە، لەسەری دەنووسین، نووسینەکانی لە بەندیخانەوە دەنارده دەرەوە و لە ڕۆژنامە و گۆوارەکاندا بلاو دەکرانەوە.

نووسەر بایەخێکی زۆری بە وەرگێڕان دەدا، بە تایبەتی لە عەرەبییەوە وەرگێڕانی باسی پۆلیتیکی کەم بوو، زۆرتری لە بابەت هونەری چیرۆک و کورت کردنەوەی کتێب و باس و ووتار و گۆڕینی کتێب لە عەرەبی یەوە بۆ کوردی و

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و بیروڕای جیاواز لە بابەت هونەرەوە.
مارف بەرزنجی لە ئەدەبی نامە نووسیندا دەستێکی باڵای هەبوو. لە ژیانی سەربەستیی دەرەوەیدا هەلی بۆ نەرەخسا بوو تاقیکردنەوەی نامە نووسینی هەبێ، کەچی لە ژیانی ناو بەندیخانەدا ئەم هەلەی بۆ ڕەخسا. لە ساڵانی ۱۹٦۰ - ۱۹٦۱ کە ئێمە قوتابی خوێندنی بەرز بووین لە سۆڤیەت نووسەر لە بەندیخانەوە نامەی بۆ ئێمە دەنارده مۆسکۆ و سانت پیترسبورگ. بەم جۆرە پێنج نامەی ئەدەبی ئامێز لای ئێمە کۆ بووەوە. لە کاتی چاپکردنی سەرجەمی کارەکانی نووسەر ئەم نامانەش بە بەرهەمێکی ئەدەبی داهێنراو لە قەڵەم دران و لەناو کتێبەکەدا بلاوکرانەوە. هەڵوێستی نێوەندی ئەدەبی ڕۆشنبیری کورد باش بوو و ئەمەیان بەدەسکەوتێکی بەرز حسێب کرد لە ئەدەبی کوردیدا.
بەلای ئێمەوە گەورەترین ڕووداوی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و خوێندەواری لە ساڵی ۱۹۹۳ لە خوارووی کوردستاندا دەرچوونی کتێبی «سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی» بوو. ئەمە کەڵکێکی زۆری هەیە بۆ مێژووی ئەدەبی و کەلتووری کوردی. لەبارترین قسەیێک بۆ کۆتایی ئەم باسە ووتەیێکی مارف بەرزنجی خۆیەتی کە دەڵێ «ئێمە ئەگەر بەگوڵیش نەبین، ئەبێن بە گڵ بۆ گوڵ».

## موحەڕەم محەمەد ئەمین
## ۱۹۲۱ - ۱۹۸۰

موحەڕەم محەمەد ئەمین یەکێکە لە نووسەرە باشەکانی نەوەی تازە کە لە سەرەتای پەنجاکاندا هاتنە ناو مەیدانی ئەدەبی کوردییەوە. نووسەر لە ساڵی ۱۹۲۱ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، هەر لەوێ قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە. لە ساڵی ۱۹٤۸ لە کۆلێجی حقووقی بەغدا وەرگیراوە، بەلام زوو لەبەر هەندێ هۆی سیاسی نەیتوانیوە لەسەر خوێندن بەردەوام بێ. ئیتر بووە بە مووچە خۆری حوکوومەت و گوزەرانی لەسەر ئەوە بوو. لە ژیانی مووچە خۆریدا لە دائیرەکانی تەموین و پەروەردە و نامەخانەی گشتی سلێمانی و قەلاچۆکردنی مەلاریا و شارەوانی و هی تر کاری کردووە.
نووسەر دەوری لە ڕۆژنامەگەری ئەدەبی کوردیدا بووە، لە ساڵانی ۱۹٦۰ - ۱۹٦۱ بەشداری لە دەستەی نووسەرانی گۆواری ئەدەبی مانگانەی «ڕۆژی نوێ» کردووە. هەندێ بەرهەمی تێدابلاوکردۆتەوە، هەروەها لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆوارە کوردیەکانی ئەوسەردەمەدا بەرهەمی بلاوکردۆتەوە و نووسینەکانی بۆنی ئازادی و سەربەستیان لێ دێ.
موحەڕەم محەمەد ئەمین کەسێکی کڕ و بێ دەنگ بوو، بەلام لە ناوەوەی خۆی هوشیار بوو، گیانی نەتەوەپەرستی و ئازادیی بیروباوەڕ بەهێز بوو لەلای. کاری مووچەخۆری بۆ ژیان و گوزەرانی کردبوو. لە ۲۳ ی ئاغستۆسی ۱۹۸۰ لە سلێمانیی مەڵبەندی لەدایک بوون و ژیانی کۆچی دوایی کرد.
نووسەر لە تافی لاویدا لەنگەری تەرازووی ژیانی یەکسان بوو، تایێکی کۆڕی تێکۆشان و جوولانەوەی سیاسی بووە لەم ڕێیەدا سزای چەشتووە و خراوەتە بەندیخانەوە. تایەکەی تری قەڵەم و داهێنانی ئەدەبی و نووسینی بەکەڵک بووە.
هەر لەسەردەمی قوتابییەتیدا مەیلێکی تەواوی بووە لە خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمان، ئەمە ڕێگەی بۆ نووسەر

خۆشکردووە کە ڕوو بکاتە چیرۆک نووسین.
قارەمانی چیرۆکەکانی موحەڕەم محەمەد ئەمین نوێنەری هەژار و بێ دەرامەت و بێ دەسەڵاتی ناو کۆمەڵن. لەمانە چیرۆکی «مام هۆمەر» (٤٤) کە ئەمە ناوی کۆڵهەگرێکی هەژارە هەندێ کارەساتی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی ساکار دەخاتە ڕوو، ئەم چیرۆکە ڕەنگە بۆ کۆمەڵێکی پێشکەوتوو لە پلەی هونەرێکی بەرزدا نەبێ، بەڵام بۆ کۆمەڵی کوردەواری کە تازە بابەتی چیرۆک لە ئەدەبیدا پەیدا بوو بوو دەوری خۆی هەیە. کۆڵهەگرێکی هەژار ئەگەر ڕۆژێک کارنەکا نان نابێ بیخوا. لەبەر ئەوە مام هۆمەر دزی دەکا، لێی ئاشکرا دەبێ، سێ مانگ دەخرێتە بەندیخانەوە، لەو ماوەیەدا خێزانەکەی ناچار دەبێ لەشی خۆی بفرۆشێ بۆ ئەوەی ژیانی خۆی و منداڵەکانی دابین بکا.
لەپاش بڵاو بوونەوەی ئەم چیرۆکە نووسەر پێشکەوتنێکی دیاری بەخۆیەوە دی لە نووسینی چیرۆکدا. لە ساڵی ١٩٥٧ دا نووسەر دوو چیرۆکی «سەیرانێک لە ئەزمڕ» و «دزیندووی مردوو» ی، لە کتێبێکدا بڵاوکردۆتەوە بە ناوی« گۆمی شڵەقاو»ە وە(٤٥)، لەلایەن ئێمەوە پێشەکییێک بۆ ئەم دوو چیرۆکە نووسرایەوە.
چیرۆکی «سەیرانێک لە ئەزمڕ» نموونەی وەستایەتی نووسەرەکەیەتی، قارەمانەکان لاوی بێکاری ناوشارن، کاری تایبەتییان نییە. هەرچی کارێکی هەبێ دەیکەن، لەگەڵ دەست کورتی و هەژاریدا لەگیانی کۆمیدییەوە دوورنین، هەندێ جار ئەوەیان پێوە دیارە کە بەتەنگ ژیانەوە نین، بیر لە ئەمڕۆ دەکەنەوە و لایان وایە بۆ سبەینێ خودا کەریمە.
موحەڕەم محەمەد ئەمین لە چیرۆکەکانیدا هەوڵ دەدا ڕووی راستەقینەی ڕەنجبەر و کرێکاران دیاری بکا، بەوەی هەمیشە لەژیانی بێکاری و نەبوونی ئیش دەترسن، بەگشتی چیرۆکەکانی ڕەخنە لە ناهەمواری کۆمەڵایەتی و نەبوونی یەکسانی دەگرن.
توانای نووسەر لە دووای شۆڕشە عەسکەریەکەی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ زیاتر کەوتە ڕوو، هەرچەندە زمان و شێواز و پێویستییەکانی چیرۆک لەلای نووسەر بەهێز بوون، بەڵام ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی، دەتوانین هی چیرۆک نووسەکانی تری ئەو ڕۆژگارەش بە دیاردەیێکی پۆلیتکی ڕۆژانە دابنێین، بابەت هەموو بوو بە پرۆپاگەندە بۆ شۆڕش. لەلای موحەڕەم محەمەد ئەمین ڕووداوەکانی شۆڕش بە جوانی و ڕێکی ڕەنگیان لە چیرۆکی «ڕێگەی ئازادی» (٤٦) داوەتەوە. لێرەدا نووسەر حوکوومەتی کۆنی دەوری مەلیکی پێش ١٩٥٨ تاوانبار دەکا بەوەی بوەتە هۆی دوواکەوتوویی کۆمەڵ، ئەوەی خەڵکی دەڕووتاندەوە بۆ چاکەی کاربەدەستە دەوڵەمەندەکان و وڵاتانی بێگانەی دەرەوە، هەر وەها نووسەر ئەو هۆیانە دەخاتە ڕوو کە بوون بە پاڵپشت بۆ سەرکەوتنی شۆڕش.
لە قۆناغی دووەمی ژیانی ئەدەبیدا موحەڕەم محەمەد ئەمین دوو ڕێچکەی گرتبوو، یەکەمیان بەردەوام بوو لەسەر چیرۆک نووسین (٤٧)، دووەمیان خزمەتێکی گەورەی ڕۆشنبیری کوردی دەکرد لە ڕێگەی وەرگێڕان لە زمانانی بێگانەوە بۆ زمانی کوردی. لەمەشدا نووسەر بابەتی هەمە جۆری هەڵبژارد لەمانە چیرۆکی «یادی گۆڕستانەکە» ی نووسەری ڕووس دەستۆیێفسکی، هەروەها بابەتی مێژوویی و فەلسەفی و ماف و کۆمەڵایەتی. بەمە بە ڕاستی بەشدارییێکی بەهێزی دەکرد لە دەوڵەمەندکردنی نامەخانەی کوردی، بەتایبەتیش وەرگێڕان دەوری گرنگی هەبوو لەو ڕۆژگارەدا، چونکە هەموو تواناییێکی داهێنانی ئەدەبی و هونەری تەرخان کرابوو بۆ پروپاگەندە بۆ شۆڕشە عەسکەرییەکەی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨، بۆیە وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە شۆڕشەوە نەبوو،

نرخێکی تایبەتییان هەبوو لە ڕۆشنبیری کوردیدا.

زانینی زمانی کوردی و خۆ پەروەردەکردن لە خوێندەواری کوردیدا لە لای موحەڕەم محەمەد ئەمین وەکو هەموو شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی تر لە خۆیانەوە دەستیان پێکردووە. خوێندنی ڕێکوپێک لەو ڕۆژگارەدا بەزمانی کوردی نەبوو، لە هیچ لایێکی کوردستاندا دامو دەزگایێکی زانیاری و زانستی نەبوو بۆ فێربوون و لێکۆڵینەوە لە سامانی نەتەوایەتی کورد. لە هەندێ وولاتانی ئەوروپا لە دەزگازانستییەکانیاندا لە مەیدانی ڕۆژهەڵاتناسیدا کولتوور وخوێندەواریی کوردی دەپارێزرا.

زمانی نووسینی موحەڕەم محەمەد ئەمین بەتایبەتی چیرۆکەکانی ئاسان و بێگرێ و ئاشکرایە، لاکۆنیزم واتە کورتی و ووردی لە دەربڕینی بیر لە نووسینەکانیدا دیارن. نووسەر بە توانا بوو لە دۆزینەوەی شتی تازە، ڕێگەی تازە، بەم پێیە ڕۆژ لە دووای ڕۆژدا گۆڕانی تێدا دیار بوو. لەگەڵ ئەوەشدا نووسینەکانی بەقەوارە لەگەڵ تەمەنیدا ڕێک ناکەون، واتە کەمترن، ئەمەش وەنەبێ تایبەتی بێ بە موحەڕەم محەمەد ئەمین، بەڵکو ئەمە سیفەتی هەموو داهێنەرانی نەتەوەی کوردە، ئەمەش بێ گومان ڕەنگدانەوەی سەختی ژیان و نارێکی باری سیاسی و کۆمەڵ و هەندێ جاریش زانست و زانیاری کوردی دەکەوێتە مەترسییەوە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا وەکو ئەم دیاردەیەمان بە چاوی خۆمان دی لە ناوەڕاستی شەستەکاندا (١٩٦٣ - ١٩٦٧).

سەرجەمی بەرهەمەکانی موحەڕەم محەمەد ئەمین پێویستییان بەکۆکردنەوە و چاپێکی تازە هەیە، دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین ئەم نووسەرە وەکو نووسەرانی تری کورد، بەرهەمی وای هەیە کە تا ئێستا بڵاونەکرابنەوە.

## پەراوێزەکان:

(١) گۆواری «گەلاوێژ»، بەغدا، ١٩٤٤، ژ ٢، ل ٢٠-٢٢.

(٢) گۆواری «گەلاوێژ»، ١٩٤٨، ژ ٢، ل ٨-١٠.

(٣) گۆواری «دەنگی گێتیی تازە»، بەغدا، ١٩٤٤، ژ ٥، ل٤١٨-٤٢٢. ئەم چیرۆکە گۆڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی و بڵاوکراوەتەوە. نووسەری ئەم باسە لە ساڵی ١٩٦٨ لە زنجیرەی «چیرۆکی سەردەمی ڕۆژهەڵات» کە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی و زانستگای لینیگراد دەریان دەکرد، کۆمەڵێک چیرۆکی کوردی گۆڕییە سەر زمانی ڕووسی و لە گەڵ کورتەی ژیانی نووسەرەکان و پێشەکی یێک لە بابەت چیرۆکی سەردەمی کوردییەوە لە مۆسکۆ بڵاوکرایەوە، بنوارە :

Marof KHAZNADAR, Dvendtstat Vsadnikov Marivana, Novelli Kurdskikh pisatelei, Izdatelestvo NAOUKA, Moskva, 1968, r. 59 - 57

لە داهاتوودا «چیرۆکە کوردییەکان بە زمانی ڕووسی».

(٤) ئەمانە هەموویان چیرۆکیان کراوە بە زمانی ڕووسی، بنوارە «چیرۆکە کوردییەکان بە زمانی ڕووسی»، ل ٢١-٢٦، ٣٠-٣٣، ١٣-٢٠، ٥٤-٦٤.

(٥) جەمال بابان، خانزاد، بەغدا، ١٩٥٧.
(٦) جەمال بابان، پەلە هەورێکی چلکن، بەغدا، ١٩٥٨.
(٧) مستەفا سالح کەریم، زرەی زنجیر، سلێمانی، ١٩٥٨.
(٨) مستەفا سالح کەریم، شەهیدانی قەلای دمدم، بەغدا، ١٩٦٠، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٨٢.
(٩) بۆ زیاتر زانیاری پەیداکردن، بنوارە (اسکندر ترکمان، تاریخ عالم ارای عباسی، تهران، ١٣١٤ھ، ص٥٣٧-٥٥٠، محمد امین زکی، تاریخ الکرد وکردستان، القاهرە، ١٩٣٦، ص٢٠٢-٢٠٦، ترجمه من الکردیه الی العربیه محمد علی عونی).
(١٠) بۆ زانیاری پەیداکردن لە بابەت ڕەنگدانەوەی جەنگی قەلای دمدم لە ئەدەبی کوردیدا، بنوارە (الدکتور معروف خزنەدار، «معرکه دمدم من الفولکلور الکردی»، مجله «التراث الشعبی»، بغداد، ١٩٧٠، العدد التاسع، ص ٧٠-٧٣.
١١) ئەم چیرۆکە مێژووی یە بووە بە سەرچاوە بۆ نووسەری کوردی ئەرمەنستان عەرەبی شەمۆ، بەزمانی کوردی ڕۆمانی «دمدم» ی لە سالی ١٩٦٦ لە یەریڤان بلاوکردۆتەوە. گۆڕینی رووسی ڕۆمانەکە لە مۆسکۆ لە سالی ١٩٦٩ بلاوکراوەتەوە.
١٢) کۆواری «ڕۆژی نوێ»، سلێمانی، ١٩٦١، ژ٢، ل١٠٩-١١٤. (ئەم چیرۆکە و چیرۆکی «پەنجا فلس» و «ئاوارەکان» ی نووسەر کراون بە ڕووسی و بلاوکرانەتەوە).
١٣) کۆواری «هیوا»، بەغدا، ١٩٥٧، ژ٤، ل٧٨-٨٤.
١٤) دەبێ ئاگاداری ئەوەبین ڕۆمانی کوردی بۆ یەکەمین جار لە ناو کوردی ئەرمەنستان دا پەیدا بوو لە سی یەکانی ئەم سەدەیەدا.
١٥) ڕەحیم قازی، ڕۆمانی پێشمەرگە، بەغدا، ١٩٦١ ل ١٦٠.
١٦) کۆواری «ڕۆژی نوێ»، سلێمانی، ١٩٦٠، ژ ٣، ل ٣٣ - ٣٨.
١٧) کۆواری «گەلاوێژ»، بەغدا، ١٩٤٤، ژ ٨، ل ٥٦ - ٥٨.
١٨) کۆواری «گەلاوێژ»، بەغدا، ١٩٤٤، ژ ١٢، ل ٥٥ - ٥٨.
١٩) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥ - ٢٧.
٢٠) ابراهیم احمد، الاکراد و العرب، بغداد، ١٩٣٧، چاپی دووەم لە سالی ١٩٦١ لە بەغدا بلاوکرایەوە.
٢١) ئیبراهیم ئەحمەد، کوێرەوەری، بەغدا، ١٩٥٩. ئەم چیرۆکە گۆڕاوەتە سەر زمانی رووسی، بنوارە «چیرۆکە کوردی یەکان بە زمانی رووسی، ل ٣٤ - ٤١).
٢٢) ئەم چیرۆکە لە سالی١٩٤٨ لە کۆواری «گەلاوێژ» بلاوکراوەتەوە، لە کۆمەلە چیرۆکی «کوێرەوەری» تۆمار کراوە، هەر وەها گۆڕاوەتە سەر زمانی رووسی، بنوارە «چیرۆکە کوردی یەکان بە زمانی رووسی، لە ٤١ - ٤٤.
٢٣) کۆواری «گەلاوێژ»، بەغدا، ١٩٤٨، ژ ٥، ل ٣٥ - ٥٥.
٢٤) کۆواری «ڕۆژی نوێ»، سلێمانی، ١٩٦١، ژ ١٢، ل ٤.

٢٥) رۆژنامەی «کوردستان»، بەغدا، ١٩٦١، ژ ٣، ١٨ ی مارت.

٢٦) ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، سلێمانی، ١٩٧٣.

٢٧) شاکر فەتاح، «ناوێنەی ژیانم»، گۆواری «رۆشنبیری نوێ»، ژ ١٠٣ - ١٠٤، ١٩٨٤، ل ١٥٤ - ١٦٨.

٢٨) سەرچاوەی پێشوو.

٢٩) شاکر فەتاح، خانووی تازە، بەغدا، ١٩٣٣.

٣٠) شاکر فەتاح، چیرۆک بۆ منداڵان، بەغدا، ١٩٣٥.

٣١) شاکر فەتاح، هاورێ ی منال، بەغدا، ١٩٤٨.

٣٢) شاکر فەتاح، پرشنگ، بەغدا، ١٩٤٧.

٣٣) شاکر فەتاح، شەبەنگە بەرۆژ، بەغدا، ١٩٤٧.

٣٤) یەکێ لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە «چۆن گرامافۆنەکەم کری» گۆڕاوەتە سەر زمانی رووسی، بنوارە «چیرۆکە کوردی یەکان بە زمانی رووسی، ل ٧٠ - ٧٤».

٣٥) شاکر فەتاح، گەورە پیاوان، بەغدا، ١٩٤٨.

٣٦) شاکر فەتاح، ئافرەتی کورد، بەغدا، ١٩٥٨.

٣٧) شاکر فەتاح، ژینی نوێ، بەغدا، ١٩٥٩.

٣٨) سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، کۆکردنەوەو رێکخستنی سامان مارف بەرزنجی عومەر مارف بەرزنجی، هەولێر ١٩٩٣.

٣٩) جریده «الشرق»، بغداد، ١٥ حزیران ١٩٦٢.

٤٠) گۆواری «شەفەق»، کەرکوک، ١٩٥٨، ژ ٢، ل ٢١ - ٢٤.

٤١) گۆواری «پاشکۆی الادیب العراقی»، بەزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٦١، ژ ١، ل ٢٨ - ٢٩. ئەم چیرۆکە و چیرۆکی «جەژنێکی شادی» کراوە بە رووسی، بنوارە «چیرۆکە کوردی یەکان بە زمانی رووسی، ل ٢٨ - ٢٩. ئەم چیرۆکە و چیرۆکی «جەژنێکی شادی» کراوە بە رووسی، بنوارە «چیرۆکە کوردی یەکان بە زمانی رووسی، ل ٥٤ - ٦٤»

٤٢) سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، ل ١٧٣.

٤٣) عومەر مارف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥ - ١٩٦٩، بەغدا، ١٩٧٨، ل ١١.

٤٤) موحەرەم محەمەد ئەمین، گۆمی شڵەقاو، بەغدا، ١٩٥٧، چیرۆکی «سەیرانێک لە ئەزمر» لە لایەن ئێمەوە کراوە بە رووسی، بنوارە «چیرۆکە کوردی یەکان بە زمانی رووسی، ل ٢١ - ٢٦».

٤٦) موحەرەم محەمەد ئەمین، رێگەی ئازادی، سلێمانی، ١٩٥٩.

٤٧) لەو ماوەیەدا چیرۆکی «گردی شەهیدان»، سلێمانی، ١٩٥٨ و کۆمەڵە چیرۆکی «ئادەمزاد»، سلێمانی، ١٩٦٩ ی بلاوکردەوە.

# ناساندنی کتێب

نێوی کتێب : الاقلیات التاریخیه فی الوطن العربی.

نووسەر : احمد الصاوی

دەزگای بڵاوکردنەوە : مرکز الحظاره العربیه للاعلام والنشر - السلسله القومیه «١»

## ناساندنی : بەرگورد

ئەم کتێبە لەسەرەتاوە بە بڕیاری پێشەکی و هەناسەی دەمارتوندێکی عارەب نووسراوە، نێونیشانەکەشی نیشانەیە بۆ ئەوەی کەمە نەتەوەییانەی ئەو باسیان دەکا لەسەر خاکی خۆیان نین و میوانی نیشتمانی عارەبن، لەهەمان کاتدا تێکەڵاوییەکی دوور لە واقیع دەکا لە نێوان زانستی مێژوویی و زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆڤناسی و ئایناسیدا بەوەی مەسەلەی کورد و مەسەلەی خوارووی سۆدان و قیبتییەکان و بەربەری مەغریب و جەزائیر و دیانەکانی لوبنان تێکەڵ دەکا و هەموویان بە «فیتنەی تایفی و کەمە نەتەوەیی» ناو دەبا تا ئەوەی دەڵێ « کەمە نەتەوەیی بایەخی خۆی لە یەکبوونی زۆرینەی نەتەوەوە، وەردەگرێ، بە ڕاشکاوی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هەر کەمە نەتەوەییەکی لە موحیتەوە تا کەنداو هەن، پاکیان لەسەر خاکی عارەبن و مافیان بەسەر خاوەنێتی نیشتمانی عارەبەوە نیە !!!

کتێبەکە لە قەوارەی بچووکەو ١٦٠ لاپەڕەیە، چاپی یەکەمی لە ١٩٨٩ دا لە میسر بڵاوکراوەتەوە. بریتییە لە پێشەکی و سێ بەش.

بەشی یەکەم : باس لە دوو لایەنەی عوسمانییەکان - میللەتان و ئیمتیازیاتیان دەکا، نارەوایەتی دەستەڵاتی

عوسمانیەکان بەسەر عارەبدا ڕادەگەیەنێ و بەوە تاوانباریان دەکا کە خاوەنی پرۆژەیەکی سیاسی یەکگرتوو نەبوون کە لەگەڵ فراوانی قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایەتیاندا بگونجێ.

بەشی دووەم : باس لە کەمە نەتەوەییەکانی ! ڕۆژئاوای نیشتمانی عارەب دەکا. بەربەر لە مەغریب و جەزائیر، مەسەلەی خوارووی سودان.

بەشی سێیەم : لە کەمە نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عارەبدا دەدوێ - کە کورد و ماروونی و دروزەکان دەگرێتەوە.
لەم بەشەدا زۆرترین لاپەڕەکان بۆ «الاکرد فی شمال العراق !» «الاکراد و الدوله العثمانیه» تەرخانکراوە.
سەبارەت بە بنەڕەتی کورد دەڵێ : «کوردەکان بەرەبابێکن لە کۆنەوە هاتوون. زمانی هیند و ئەورووپی قسە دەکەن. بە ئێراندا لە ئاسیاوە هاتوونە ناوچەکەیان کە بە نێوی «کوردستان» نێوبانگی ڕۆشتووە، پارێزگاری شێوەی ژیانی خۆیانکردووە و وەک دانیشتوانی شاخەکان بە ئامادەیی سەربازی ناوداربوون». ئەو زانیاریانەی لە کتێبێکی دوکتۆر عەبدولعەزیز سلێمان نەووارەوە. «داود پاشا والی بەغداد» وەرگرتووە. لەم شوێنەدا دەبێ ئەوە بووترێ کە ئەحمەد ئەلصاوی نێوی سەرچاوەکەی بە هەڵە وەرگرتووە و ڕاستییەکەی ئەمەیە :
تاریخ العراق الحدیث من نهایه حکم داود پاشا الی نهایه حکم مدحت پاشا
الجمهوریه العربیه المتحده
وزاره الثقافه
دار الکتاب العربی للطباعه والنشر
القاهره : ١٩٦٨

جا یەکێک نەتوانێ نێوی سەرچاوە بەڕاست بنووسێ، دەبێ چ زانستییەک و شارەزاییەکی لێچاوەڕوان بکرێ.
دکتۆر عەبدولعەزیز خوێندەوارێکی گەورەی میسریە و بیروباوەڕی دەمارتووندی عارەبی بەسەرمێشک و لێکدانەوە و پلەی دوکتۆر یەکەدا زاڵە. لەو کتێبەدا بە ئەنقەست یا دوور لە شارەزایی کۆمەڵێک زانیاری هەڵەی بە چاپ گەیاندووە. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە نووسەرانی عارەب تایبەت میسرییەکان وەک سەرچاوەیەک بەلای خۆیانەوە گرنگ و بەکاریان هێناوە، بەو شێوەیە لەوە دەچێ شتی هەڵەو پەڵە کە زۆر نێوبرا لای دکتۆر و پیاوی خوێندەواری گەورەی عارەب ببێتە ڕاستی بەڵگە نەویست.
بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەی دوکتۆر عەبدولعەزیز و مامۆستا ئەحمەد ئەلصاوی دەڵێین : ئەوەی لە بارەی کوردەوە لە مەیدانی مێژوو، زمان و جوگرافیادا ساغبۆتەوە ئەوەیە کە کورد میللەتێک و کوردستان وەک خاکێک لە چەند هەزار ساڵەوە هەبوون. ڕۆژهەڵاتناسەکان و مێژوونووسە گەورەکان وەک گەزنەفۆن، نولدکە، مینورسکی،



هەولێرنامەی کتێب

باسیل، نیکیتین، دوکتۆر سافراستیان، درایڤەر و دکتۆر شاکر خەصباک ئەوەیان سەلماندووە کە کورد نیشتەجێی کوردستان بوون و لەم لاو لەو لاوە نەهاتوون.
هەڵەیەکی دی ئەو کتێبە ئەوەیە کە دەڵێ : والی بەغدا «عەیدی پاشا»، عەبدوڵلا پاشای فەرمانڕەوای سلێمانی بانگ کرد، ماوەیەک لە بەغدا گلیدایەوە ئەوجا لە «١٨٠١» دا دووری خستەوە بۆ ئەستەنبول کە بەوە کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی بابانەکان هات. ل/١٢٧.
ئەوی راستی بێ بابانەکان لە ئەنجامی هێرشی راستەوخۆی والی بەغدا نەجیب پاشا و داگیرکردنی پێتەختەکەیان سلێمانی تێکشکان و کۆتایی بە سەربەخۆیەتی میرنشینەکە لە «١٨٥١» دا هات و عوسمانیەکان بە تەواوی قەڵەمڕەوی بابانیان داگیرکرد.
هەڵەی سێیەم ئەوەیە کە دەڵێ «وولاتەکانی پەیمانی بەغدا «پەیمانی سەنتۆ» دوای دەرچوونی بەغدا لەو پەیمانە لە ئەنجامی تەیینی پاشایەتی لە ١٩٥٨ دا یارمەتی شۆڕشەکانی کوردیان داوە.
دەبێ ئەوە زۆر چاک بزانرێ کە پەیمانی بەغدا بە بوونی عێراق و نەبوونی لەو پەیمانەدا یەکێک یا گەورەترینێ ئامانجەکانی ئابلووقەدانی مەسەلەی کورد بووە، وەک بنەماو سیاسەتی ئەو پەیمانە هەوڵدانی سەرکوتکردنی بزوتنەوەکانی کورد دژی پێشکەوتن و گەشەکردنی کورد بووە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، نەک دەوڵەتەکانی ئەو پەیمانە هاوکاری کوردیان کردبێ وەک ئەحمەد ئالصاوی دەڵێ.
هەڵەی چوارەم کە دوا هەڵەنیە، میرنشینەکانی بادینان، بۆتان سۆران و بابان دەگێڕێتەوە بۆ دەمار توندی کورد، نازانستی ئەوەیە کە بوونی هەست و نیاز و نەخشەی شێوە قەوارەیەکی کوردی بەوە تاوانبار دەکا بکرێ کە دەمارتوندی و گۆشە گیرییە، بەلام بۆ عارەب خۆیان، درووستبوونی دەوڵەت بە کاملی عەقڵ و پێشکەوتنی شارستانیەت بزانرێ.
ئەو میرنشینە کوردانە ئەگەرچی لەسەر سام و هەیبەتی سەڵتەنەتی عوسمانیەکان دروستبوون، وەختێک دەوڵەتانی تازەی عارەب لە پشتی خەیاڵەوە بوون، بەلام مامۆستا ئەحمەد ئەلصاوی هێند دەمارگرژە ئەو میرنشینانە بەڕەوا نابینێ. هەر بۆیە بە بوونی مێژووی کوردیش چاوی هەڵنایە و ناتوانێ دان بە حەقیقەتی نەتەوەییماندا بنێ.

# Baskar

Magazine for Studies & Research in Kurdish

هەواڵنامەی کتێب

**Editor:**
Sabah Ghalib

**Address:**
105 Gladstone Park Gardens
London NW2 6JY

**One Year Subscription:**
Europe £25.00
Others £35.00

Published in London

No. 1

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library